**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی خوێندنی باڵآ و توێژینەوەی زانستی**

**زانکۆی سلێمانی**

**کۆلێجی زمان / بەشی زمانی کوردی**

# ئیستاتیکای وەسف لە چیرۆکە شیعرەکانی ئەنوەر قادر محەمەددا

نامەیەکە

**ڕەوەند حمەجزا قاضی**

پێشکەشی بەشی زمانی کوردی - کۆلێجی زمان- زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت : **پ.ی.د.مەریوان عومەر حەسەن**

**٢٠٢٠-٢٠٢١ زاینی** **٢٧٢٠-٢٧٢١ کوردی**

ئەم نامەیە (ئیستاتیکای وەسف لە چیرۆکە شیعرەکانی ئەنوەر قادر محەمەددا)، لەلایەن خوێندکار (ڕەوەند حمە جزا قاضی)، بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

ناو :پ.ی .د. مەریوان عومەر حەسەن

ڕۆژ:

بە پێی ئەم پێشنیازە ،ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: محەمەد عومەر عەول

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ:

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە ، بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

| | |
|---|---|
| ناو : | ناو: |
| ئەندام : | سەرۆکی لیژنە: |
| ڕۆژ : | ڕۆژ: |

| | |
|---|---|
| ناو : | ناو: |
| ئەندام : | ئەندام و سەرپەرشت: |
| ڕۆژ : | ڕۆژ : |

ناو :

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی :

ڕۆژ

پێشکەشە:

- به دایک و باوکم و برا و خوشکەکانم، کە هەمیشە قەرزاری ماندووبوونە بێوچانەکانی ئەوانم.
- بەرۆحی پاکی هاورێی جوانەمەرگم ( رێباز فازیل ) ،کە بۆ هەمیشە لە یادمدا دەمێنێتەوە.
- بە هەموو ئەو هاورێ و مامۆستا ئازیزانەی لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا هاورێ و رێنیشاندەرم بوون.
- بە مامۆستای زۆر بەرێزم ( پ.ی .د. مەریوان عومەر حەسەن ).
- بە مامۆستای زۆر بەرێزم ( د. هەژار فەقێ سلێمان) و سەرجەم هاورێ گەرمیانیەکانم.
- بە هەموو ئەوانەی کە لە پێناو خاکی نیشتیمان، ژیانی خۆیان بەخت کرد.
- بە هەموو هاورێیانی قاتعی پەروانە.

## سوپاس و پێزانین:

- بۆ خوای گەورە و باڵادەست بۆ هاوکاریکردنم لە گەشتن بەم ئامانجە.

- بۆ دایکم و باوکم و هەموو ئەندامانی خێزانەکەم ،کە هاوکاری و پاڵشتی تەواویان کردم بۆ تەواوکردنی ئەم قۆناغەی خوێندن.

- و پێزانینی تایبەت بۆ بەڕێز ( پ.ی .د. مەریوان عومەر حەسەن)کە سەرپەرشتیار و ڕێنیشاندەربووە لە هەردوو قۆناغی خوێندنی ماستەر و بەکالۆریۆسدا.

- پێزانینی تایبەت بۆ بەڕێز (پ . د. ئەنوەر قادر محەمەد )، کە زۆ لە خۆبوردوانە هاوکاری تەواوی پێشکەش کردم لە کاتی نووسینی ئەم نامەیەدا.

- بۆ سەرجەم ئەو مامۆستایانەی لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا ، فێری خۆشەویستی نیشتیمان و زمانی شیرینی کوردییان کردین.

پێڕست:


| | |
|---|---|
| 5-1 | پێشەکی |
| 31-5 | بەشی یەکەم: زاراوە و چەمکی ئیستاتیکا و وەسف. |
| 8-5 | تەوەری یەکەم : زاراوە و چەمکی ئستاتیکا |
| 16-8 | تەوەری دووەم: زاراوە و چەمکی وەسف |
| 24-16 | تەوەری سێیەم: ئەرکی وەسف لە دەقی ئەدەبیدا |
| 31-24 | تەوەری چوارەم : جۆرەکانی وەسف |
| 46-31 | بەشی دووەم: ژانری ئەدەبی چییە؟چۆنێتی ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان. |
| 36-31 | تەوەری یەکەم : زاراوە و چەمکی ژانرە ئەدەبییەکان |
| 40-36 | تەوەری دووەم: مێژووی ژانرە ئەدەبییەکان |
| 46-40 | تەوەری سێیەم : چیرۆکەشیعر وەک ژانرێکی ئاوێتە |
| 106-46 | بەشی سێیەم: ئیستاتیکای وەسف لە چیرۆکەشیعرەکانی ئەنوەر قادر محەمەددا |
| 50-46 | تەوەری یەکەم :کورتەیەک لە ژیان و ئەزموونی شیعری ئەنوەر قادر محەمەددا |
| 63-50 | تەوەری دەووەم : وەسفی ڕەگەزەکانی (کەسێتی ـ شوێن) لە چیرۆکەشیعری ( داستانی ئەڤینی سێوەخان ) |
| 89-63 | تەوەری سێیەم : ئیستاتیکای وەسف لە ڕەگەزە هونەرییەکانی (گێڕانەوە، دیالۆگ ـ مۆنۆلۆگ ـ فلاشباک)، لە چەند چیرۆکەشیعرێکی ئەنوەر قادرمحەمەددا. |
| 106-89 | تەوەری چوارەم: ڕۆڵی ئیستاتیکای وەسف لە بونیادی وێنەی شیعریی وزمانی شیعریی لە چیرۆکەشیعرەکانی ئەنوەر قادر محەمەددا. |
| 108-106 | ئەنجامەکان |
| 117-108 | سەرچاوەکان |
| 121-117 | پوختەی نامەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی |

# پێشەکی

## پێشەکی:

ئیستاتیکای وەسف لە سەرجەم ژانرەکانی ئەدەبدا، دوو ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت ئەوەش (لایەنی چێژ بەخشین)، (لایەنی جوانی بەخشینە ) بە دەقەکە، ئەم دوو ئەرکە بە ڕوونی لە بەرهەمەکانی ئەنوەر قادر محەمەددا دەردەکەوێت. کە یەکێکە لە ئەستێرە درەوشاوەکانی نێو ئەدەب و شیعری کوردی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، بە لێهاتوویی خۆی بە بێ ئەوەی بچێتە ناو چوارچێوەی هیچ گرووپ و کۆمەڵەیەکی ئەدەبییەوە، توانیویەتی ڕێچکەیەکی جیاواز کە تەنها مۆرکی ئەوی لەسەر بێت بهێنێتە ناو نووسین و هۆنینەوەی شیعری کوردی ئەویش (چیرۆکەشیعر)ە، کە بەسوود وەرگرتن لەو پیشینە و هەگبە دەوڵەمەندەی، کە دەربارەی فەرهەنگ و فۆلکلۆر و چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان و زمانی شار و گوندەکانی کوردستان کۆیکردبووەوە لەگەڵ ئاشنابوون بەو گۆڕانکارییە ناوخۆی و جیهانیانەی کە بەسەر داڕشتنی شیعردا هاتبوو توانی ئەم ڕێچکەیە بکات بە ناوی خۆیەوە. ئەگەر چاوێک بە دیوانە شیعرییەکانی شاعیردا بگێڕین دەتوانین بە ڕوونی ڕەگەزەکانی چیرۆکە شیعر لە شیعرەکانیدا بە دی بکەین ئەوە جگە لەوەی کە لایەنی ئیستاتیکی وەسف وەکو رەگەزی سەرەکی لە ناو چیرۆکە شیعرەکاندا، هەیە.

### 1. ناونیشانی نامەکە:

ئیستاتیکای وەسف لە چیرۆکە شیعرەکانی ئەنوەر قادر محەمەد- دا.

### 2. سنوری لێکۆڵینەوەکە:

ئەو بەرهەمە شیعرییانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کارمان تێدا کردووە، دیوانەکانی ( زریان و زیاڵە و زنار و نسار ) .

## 3. گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوە لەوەدایە، کار لەسەر شاعیرێکی هاوچەرخی نێو ئەدەبی کوردی کراوە، کە خاوەن پێگە و زمان و شێوازی تایبەتی شیعریی خۆیەتی، کە ئەویش (ئەنوەر قادر محەمەد)، جگە لەوەش لەم لێکۆڵینەوەدا کار لەسەر جۆرێکی نوێی شیعری هاوچەرخی ئەم شاعیرە کراوە، (چیرۆکەشیعرە).

## 4. ئامانجی لێکۆڵینەوە:

1– لەم لێکۆڵینەوەدا ئامانجمان دەرخستنی توانای شاعیر (ئەنوەر قادر محەمەد)ە، لە نووسینی (چیرۆکەشیعر)دا.

2– ڕەچاوکردنی ئیستاتیکای وەسف لە نێو ئەو دەقە شیعرانەی کە بە چیرۆکەشیعر هەژماردەکرێن.

3 – باسکردن لە هۆکار و چۆنێتی، سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ژانری نوێی شیعری وەک(پەخشانەشیعر و ڕۆمانەشیعر و چیرۆکەشیعر ).

4 – ناساندنی چیرۆکەشیعر وەک ژانەرێکی نوێ ئەدەبی، دەستنیشانکردنی ڕەگەزە سەرەکییەکانی.

## 5. لێکۆڵینەوەکانی پێشتر:

جێگای ئاماژەیە کە ئەم لێکۆڵینەوەیە نابێتە یەکەمین کار دەربارەی شیعرەکانی ئەنوەر قادر محەمەد بەڵکو پیشتر چەند نامەیەکی ئەکادیمی لەسەر بەرهەمەکانی شاعیر نووسراون، لەوانە: (شیعرییەت لە دەقەکانی (ئەنوەر قادر محەمەد)دا)نامەیەکی ماستەرە (دلاوەر ئیبراهیم حەمە ساڵەح)(٢٠١٥) پێشکەشی سکوڵی زمانی، زانکۆی سلێمانی کردووە، نامەیەکی دیکەی ماستەر بەناوی (دەقئاوێزان لە شیعرەکانی (ئەنوەر قادر محەمەد)دا)،کە (ئاوارە فەرەیدون قادر)(٢٠١١)پێشکەشی سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە.(سۆران مامەند عەبدوڵڵا) نامەیەکی ماستەری بە ناونیشانی (نۆستالۆژیا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بە نمونەی شیعرەکانی "عەبدوڵڵا پەشێو " و " ئەنوەر قادر جاف" و "سەباح ڕەنجدەر") (٢٠٠٩)پێشکەشی

کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین کردووە. بەڵام بەجیاوازتر لە سەرجەم ئەو لێکۆڵینەوانەی پێشوو، لەم لێکۆڵینەوەدا هەوڵدراوە، کە کاریگەری ژانری چیرۆک لەسەر شیعرەکانی شاعیر بخەینەڕوو، کە بە ژانری چیرۆکەشعر دەناسرێت، کە ڕەگەزەکانی شیعری تێدایە و هاوکات لەگەڵ ئاماژەکردن و دەست نیشانکردنی ڕەگەزەکانی چیرۆکە، لەو چیرۆکەشیعرانەدا.

### 6. گرفتی نووسینی نامە :

کەمی سەرچاوەی پیویست بە زمانی کوردی لەسەر (بونیادی وەسف لە چیرۆکەشیعردا) لە هەمان کاتدا سەرەڕای چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی کە لەپەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن کەمترین ئاوڕ لەو توانا ئەدەبییە بەرزەی ئەنوەرقادر محەمەد دراوەتەوە، بۆیە بۆ بەدەستخستنی سەرچاوە کاتێکی زۆرمان پیویوستبووە.

### 7. ڕێبازی لێکۆڵینەوە:

بۆ ئەنجامدانی ئەم لچکۆڵینەوەیە، ڕێبازی ( وەسفی و شیکاری ) پەیڕەو کراوە.

### 8. پەیکەرەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم نامەیە لە سێ تەوەر پێکهاتووە. بەشی یەکەم کە چوار تەوەر لە خۆ دەگرێت، لە تەوەری یەکەمدا زاراوە و چەمکی ئیستاتیکامان خستووەتەڕوو. لە تەوەری دووەمیشدا باسمان لە زاراوە و چەمکی وەسفدا کردووە. تەوەری سێیەمیش تایبەتە بە ئەرکی وەسف لە دەقی ئەدەبیدا. لە تەوەری چوارەمیشدا جۆرەکانی وەسف خراونەتەڕوو.

بەشی دووەمیش هەر لە سێ تەوەر پێکهاتووە. تەوەری یەکەم تایبەتە بە زاراوە و چەمکی ژانرە ئەدەبییەکان. لە تەوەری دووەمیشدا تیشکمان خستووەتە سەر مێژووی ژانرە ئەدەبییەکان. لە تەوەری سێیەمیشدا باسەمان لە چیرۆکە شیعر کردووە وەکو ژانرێکی ئەدەبی ئاوێتە.

بەشی سێیەم و کۆتایی نامەکەش کە بەشێکی پراکتیکییە، لە چوار تەوەر پێکهاتووە. لە تەوەری یەکەمدا، کورتەیەک لە ژیان و ئەزموونی شیعریی و بەرهەمەکانی شاعیرمان خستووەتەڕوو.

تەوەری دووەمیش تایبەتە بە وەسفی رەگەزەکانی (کەسێتی و شوێن) و شیکردنەوەیان لە چیرۆکە شیعرییەکانی شاعیردا. تەوەری سێیەمیش تایبەتە بە ئیستاتیکای وەسف لە رەگەزەکانی (گێڕانەوە، دیالۆگ، مۆنۆلۆگ، فلاشباگ) و شیکردنەوەیان لە چیرۆکە شیعرییەکاندا. تەوەری چوارەم و کۆتاییش تایبەتە بە رۆڵی وەسف لە بونیادی وێنەی شیعری و زمانی شیعری لە چیرۆکە شیعرییەکانی شاعیردا.

لە کۆتاییدا ئەنجامی بەدەستهاتووی لێکۆڵینەوەکەمان خستووەتەڕوو، لەگەڵ پوختەیەک لە لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی و ئاماژەمان بەو سەرچاوانە داوە کە لە لێکۆڵینەوەکەدا سوودمان لێبینیون.

## بەشی یەکەم: زاراوە و چەمکی ئیستاتیکا و وەسف.

### تەوەری یەکەم : زاراوە و چەمکی ئستاتیکا

### تەوەری دووەم: زاراوە و چەمکی وەسف

### تەوەری سێیەم: ئەرکی وەسف لە دەقی ئەدەبیدا

### تەوەری چوارەم : جۆرەکانی وەسف

## بەشی یەکەم: زاراوە و چەمکی ئیستاتیکا و وەسف.

### تەوەری یەکەم : زاراوە و چەمکی ئستاتیکا :

### زاراوەی ئیستاتیکا:

وشەی (ئیستاتیکا ) وشەیەکە زیاتر لە واتایەک لەخۆ دەگرێت،ئێستا وەک چەمکێک سەیر دەکرێت کە گۆڕانی بنەڕەتی بەسەر بنەما و پێورەکانیدا هاتووە، ئەم گۆڕانەیش بەپێی بەرەوپێش چوونی سەردەمەکان بەردەوام دەبێت، هەرچەندە وشەی ئیستاتیکا وەک زاراوە لە وشەیەکی کۆنی یۆنانییەوە هاتووە(( وشەی یۆنانی (asthetikos) بەواتای درکپێکردنی هەستەکی بۆ وشەی (asthetca) بەواتای خاڵی درکپێکردنی هەستەکی، یان بەزمانێکی سادەتر شتی هەستپێکراو، ئەم وشەیە لە ڕەچەڵەکی زاراوەی(esthetique) وەرگیراوە، ئەمڕۆ لە تەواوی زمانە ئەورپییەکان بەکاردێت و سەرهەڵدانیشی بۆ ساڵانی(1750-1758)دەگەڕێتەوە، فەیلەسوفێکی ئەڵمانی ئەلیکساندەر بۆمگارت لە کتێبێکدا،هەر بەم ناوە بەکاریهێناوە))(ئەحمەدی،2008، 37) واتە هەرچەندە بنەچەی وشەکە دەگەڕێتەوە بۆ زمانی گریکی بەڵام (( زۆربەی بۆچونەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە(ئەلیکساندەر بۆمگارتن)(1714-1764)ز.لە کتێبی (aesthetic) دا، بەکارهێناوە))(مستەفا، 20،2009)(د. کەمال میراودەلی دەڵێت (( فەیلەسوفی ئەڵمانی (بۆمگارتن )یەکەم کەس بووە کە وشەی (ئیستاتیکا)ی لە کتێبەکەیدا لە ساڵی (1735)ی ز.نووسیویەتی و بەکاریهێناوە ))(میراودەلی، 120،2005)،

واتە سەرەڕای جیاوازی بۆچوون لەمەڕ دیاکردنی دەقیقی ساڵەکەی، بەڵام زۆربەی بۆچوونەکان ئەو ڕاستەیە دەسەلمێنن، (بۆمگارتن) یەکەم کەس بووە زاراوەکەی بۆ ئەو مەبەستە بەکار هێناوە، ئێستا چەمکەکەی پێدەناسرێت (( بۆمگارتن لە کتێبەکەیدا باسی مەسەلەکانی چێژی هونەری و پێکهاتەکانی دەکات ))(کەریم، 53،2007) بەڵام بۆ قسەکردن لەسەر چەمکی(جوانی ) توێژەران بۆ مێژووی پێش (بۆمگارتن) دەگەڕێنەوە، بێگومان ئەو گەڕانەوەش بۆ لای فەیلەسوفە یۆنانیەکان دەبێت، بە تایبەت (سوکرات) .

ئاشکرایە هەمیشە سوکرات لە بۆچوونەکانیدا جەختی لەلایەنی ڕەوشتی چاک دەکردەوە وەک نمونەیەک بۆ ژیان لە جیهانی ئایدیال دا، واتە هەمیشە هەموو جوانییەکی دەبەستەوە بەوەی کە ئایا ئەو جوانییە سوود بەخشە یان نە، یاخود ئەو جوانیە دەبێتە هۆی پەیڕەوکردنی ئاکاری باش بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە و لانیکەم کۆپی ئەو جۆرە ژیانەی کە لە جیهانی باڵا هەیە.بەڵام جەوهەری بۆچوونی سوکرات لەمەڕ بابەتی ئیستاتیکا لە دیالۆگی نێوان

سوکرات و خوێندکارەکەی (گیپی )، کاتێک سوکراتی مامۆستا پرسیار دەرباری جوانی دەکات((سوکرات یەکەم کەس بوو کە پرسیاری کرد : ئایا جوانی چییە؟!

ئەو پرسیارەی یەکێک لە قوتابییەکانی خۆی (گیپی )کرد،ئەویش لەوەڵامدا کۆمەڵێک شتی جوانی بۆ ژمارد وەک :درەخت، دەریا، ئافرەت، شیعر،پەیکەر...هتد.لەبەرامبەردا سوکرات سەرنجی گیپی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە ئەو نەیپرسیووە شتە جوانەکان کامانەن، بەڵکو پرسیویەتی جوانی وەک ماهییەتێکی گشتی چییە ؟))(سەعید،185،2005).

واتە ئەوەی تا سەردەمی سوکرات زیاتر گفتوگۆی لەبارەوە دەکرا، دەستنیشانکردن و جیاکاردنەوەی (جوان و ناجوان – ناشیرین ) بوو،بەڵام سوکرات لەسەر خودی ئەوەی جوانی چییە پرسیاری کرد و کردی بەبابەتی گفتوگۆ. سوکرات خۆی لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت:

(( جوانی سیفەتێکی تایبەت نییە کە بە سەدان یان هەزاران شتەوە بەسترابێتەوە وەک :ئەسپ، درەخت خەڵک ...هتد.ڕاستە هەموو ئەمانە جوانن بەڵام لەسەر هەموو ئەمانەوە جوانی خۆی هەیە، بە جوانی بەرز یان جوانی باڵا یان جوانی یەزدانی ناوی بردووە))(مستەفا،43،2009). واتە بە بۆچونی سوکرات هەموو جوانیەکان کۆپی جوانییەکی جاویدان و نەمرن کە ئەو بە جوانی یەزدانی ناویبردووە،هەمیشە پێداگیری لەوە کردووە، جوانی دەبێت شتێکی باش و بەکەڵک بێت، واتا پێی وابووە جوانی لە شتی بێ سووددا نییە.هەروەها (ئەفلاتۆن)یش،وەک فەیلەسوفێک، جوانی دەبەستێتەوە بە چاکەوە، بە بۆچونی ئەم فەیلەسوفەیش جوانی لە کاری خراپدا نییە،واتە هەرشتێک خێری تێدا نەبێت بە جوان دانانرێت،با شتەکە خۆیشی جوانبێت.

ئەفلاتون لە (کۆمار) ەکەیدا، پاش ئەوەی داوای سڕینەوەی چەند دێڕێک لە (ئەلیادە و ئۆدیسا)ی ( هۆمیرۆس) ئەکات،(( داوا لە هۆمیرۆس و شاعیرانی تریش دەکەین توڕە نەبن،چونکە لابردنی ئەو شیعرانە لەبەر ئەوە نییە ئەم شیعرانە جوان نەبن، لەوانەیە زۆر جوانبن،بەڵام شیاوی ئەوە نین منداڵان و ئەوانەی دەیانەوێت بە بێ ترس لە کۆیلایەتی و مردن بژین،ببیستن))(ئەفلاتۆن، 2010،80-81).

وەک دەردەکەوێت ئەفلاتۆن لایەنی پەروەردەی دەخاتە پێش لایەنی ئیستاتیکای شیعرەوە،واتە هەچەند شیعرەکە جوانبێت بەڵام گەر نەتوانێت سودێک بگەیەنێت، ئەوە نەبوونی باشترە لای ئەفلاتۆن. بەڵام دواتر بەپێی بەرەوپێشچوونی دونیا و گۆڕانی سەردەمەکان ئەم بۆچوونە بە تەواوی گۆڕانکاری بەسەرداهات، لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بەجوانی تەنها لە سنوری (چاکە و خێر)دا، نەمایەوە((ئیستاتیکا لە بنەڕەتدا گرنگی بە بنەما و کێشە تیۆرییەکانی جوانی

دەدات،بەتایبەتی لێکۆڵینەوەی کێشەی سروشتی جوانی و بەهای جوانی و ئەزمونی جوانی و ڕاستی لە لایەکەوە و جوانی و خێر لە لایەکی ترەوە لە خۆدەگرت))(مستەفا،25،2009). پاشان لەگەڵ پەیدابوونی ڕێبازە ئەدەبییە نوێیەکان،وەک چۆن بەشێکی زۆری دەستور و بنەماکانی دەقی ئەدەبی گۆڕانکاری بەسەرهات، بە هەمان شێوەش بابەتی ئیستاتیکا گۆڕانکاری ڕیشەی بەخۆیەوە بینی و بەرەو وردبوون و پارچە پارچەبوون چوو.

((چەمکی جوانی لە ئیستاتیکای هاوچەرخدا جێگای کەمتر گرتووە لەچاو ئیستاتیکای تەقلیدی،چونکە تەنها یەکێکە لەو دیاردانەی کە لەناو سنوری باسی هونەریی و ئەزموونی ئیستاتیکا بەگشتی باسی لێوە دەکرێت،وەک پەیوەندی ڕووخسار و ناوەڕۆک یان پرۆسەی داهێنانی هونەریی،یان خەیاڵی هونەریی...هتد) (حسێن،69،2008). واتە ئەوەی لە نێو دەقی ئەدەبی هاوچەرخدا زیاتر جەختی لەسەر دەکرایەوە، باسکردن نەبوو لە شتێک یان بابەتێکی جوان یان ناشیرین بۆ مەبەستی چاکە یاخود خێر،بەڵکو گرنگیدان بوو بەخودی جوانی لە دەقە ئەدەبییەکەدا ئەوەش لەڕێگەی وێنەی هونەری و ستاتیکای وەسف و زمانی شیعری ...هتد.بەجۆرێک گرنگیدان بە پەیام و مەبەست لە نێو هەندێک ڕێبازی ئەدەبیدا بەڕەهایی فەرامۆشکرا،وەک (ڕێبازی سوریالیزم و ڕێبازی دادایزم ..هتد)کە بە بۆچوونی پەیڕەویکەرانی ئەم ڕێبازە،ئەدەب نابێت ببێتە ئامرازێک بۆ گەیاندنی مەبەستێک،بەڵکو خودی ئەدەب خۆی مەبەستە و ئامانج لێی گەیاندنی جوانییە.بۆ چەمکی (هونەر بۆ هونەر) سەردەمانێک درووشمی سەرەکی ئەو ڕێبازانە بوو،بەڵام دواجار لەبەرئەوەی کە ئەدەب خۆی هەڵقوڵاو ی نێو کۆمەڵگەیە و بۆ کۆمەڵگەیش دەنووسرێت،دەبێت ئامانج و پەیامێک هەڵبگرێت،بەڵام بە ڕەچاوکردنی بەرزیی لایەنی هونەری دەقەکە و فەرامۆش نەکردنی لایەنی ئیستاتیکی دەقە ئەدەبیەکە،یەکێکیش لەو ڕەگەزانەی کە دەبێت بە کۆڵەکەی سەرەکی پێکهێنەری ئیستاتیکای دەق (وەسف)ە،بۆیە گرنگە لایەنی (ئیستاتیکی وەسف) وەک هۆکارێک بۆ گەیاندی پەیام لەلایەک و بەخشینی چێژ بە دەقەکە،لەلایەکی دیکەوە باسی لێوە بکرێت.

**چەمکی ئیستاتیکا :** دەکرێت وەسف وەک دەروازەیەکی سەرەکی و پەنجەرەیەکی والا سەیربکرێت لەبەردەمی شاعیردا بۆ پیشاندانی خەیاڵ و بیر ومەبەستی خۆی لە چوارچێوەیەکی هونەری بەرزدا، ئەوەش لەڕێگەی وەسفکردن و وێناکردنی بیرۆکەکانی بۆ خوێنەر و وەرگر. ((دەتوانین بڵێین ئەوەی زانست و فەلسەفە دەیانەوێت لە چوارچێوەی یاسا و ڕێسادا پێمان بڵێن، هونەر و ئاین لە ڕێگەی وێنەوە پێمان دەڵێن، شیعر و چیرۆک و...هەمویان لەڕێگەی وێنەوە بیرۆکە و داهێنانەکانی خۆیان بە وەرگر دەگەیەنن،کاریگەرییە

هەستی و نەستییەکانی خۆیان بەجێدەهێڵن))(میراودەلی،33،2012).بەڵام ئایا دەکرێت وێنەی هونەری بچنرێت،بە بێ ڕەچاوکردنی لایەنی ئیستاتیکی وەسف ؟؟بێگومان نەخێر! چونکە ئەوە وەسفەکە قسەیەکی ئاسای بە جۆرێکی نوێ و وێنەیەکی نوێوە لە چوارچێوەیەکی هونەریدا سەرلەنوێ بنیاد دەنێتەوە.

بۆیە دەکرێت بڵێین وەسف وەک پێکهاتەیەکی بنەڕەتی بینای دەقی چیرۆکەشیعر ڕۆڵی فراوانی هەیە لەنێو چیرۆکەشیعرەکانی (ئەنوەر قادر )دا، واتە ئەگەر بە وردی بڕوانییە دەقە شیعرییەکانی ئەوە دەبینین وەسف وەک ڕەگەزێکی ستاتیکی پانتاییەکی فراوانی لە نێو چیرۆکەشیعرەکانیدا گرتووە.ئاشکرایە جۆر و ئەرکی وەسف لە نێو دەقی ئەدەبیدا زۆرن، هەریەکە و لە جێیەک و بۆ مەبەستێکی تایبەت بەکاردەهێنرێت.بەڵام دواجار هەموویان دەبن بە هۆکارێک بۆ زیاتر چێژبەخشین و پێدانی زیاتری سیمایەکی ئیستاتیکی وهونەری بە دەقە ئەدەبیەکە.لێرەدە چەند جۆرێک وەسف دەخەینە ڕوو، هەریەکێکیان و بە ئامانجێکی جیاواز شاعیر بەکاریهێناون .بەڵام لە کۆتایدا بوونی ئەم وەسفە هونەریانە سیمای ستاتیکی و چەشەی ئەدەبی زیاتریان بە دەقەکان بەخشیووە.

**تەوەری دووەم: زاراوە و چەمکی وەسف:**

- **زاراوەی وەسف**

ئاشکرایە هەموو زاراوەیەک هەڵگری واتا و چەمکێکی تایبەت بە خۆیەتی، بەهەمان شێوە زاراوە (وەسف )یش، بارگاوییە بە چەمکێکی واتایی، کە ئەویش خستنەڕووی لایەنی زیاتری بابەتی وەسفکراوە، بە مەبەستی تێگەیشتنی زیاتر و فراوانکردنی ئاستی دنیابینی ولێکدانەوە و ڕۆچوونی پتری خوێنەر یان بینەر یان گوێگر، لەو بابەتەی وەسفکراوە.زاراوەی وەسف لە زمانی کوردیدا، بۆ هەمان واتا و مەبەست بە کاردێت، کە لە زمانی عەرەبیدا بەکاردێت، بەڵام لەزمانی کوردیدا وشەکە گۆڕانێکی فۆنەتیکی بەسەردا هاتووە و لەسەر شێوازی گونجاو لەگەڵ زمانی کوردی بەکاردێت، وشەکە لە (وصف) گۆڕاوە و کراوە بە (وەسف)، یان هەندیکجار وشەی (پەسن ) یان (وەسپ) یش بەکاردەهێنرێت . لە فەرهەنگی (خاڵ)ی (شێخ محمدی خاڵ )دا لە بەرامبەر وشەی وەسف وشەی ((پەسن –پەسەند – پەسندان ) بە واتای ستایشکردن و مەدح کردن)) (خاڵ، 79،2005).هەروەها لە فەرهەنگی ( هەنبانەبۆرینە )ی، مامۆستا هەژاریش دا، بەم جۆرە وشەی وەسف لێکدراوەتەوە(( پەسندان-

تاریفکردن، مەحت کردن   یان پەسندکردن –بەچاک زانین، هەڵبژاردن ))( هەژار، 121،1369)، واتە لە هەموو بارێکدا وشەی( پەسن- پەسندان)هەر بەواتای وەسفکردن یان ستایش و بەباشە باسکردن هاتووە .

**ــ زاراوەی وەسف لەڕووی زمانەوانییەوە:**

بێگومان لە سەردەمی ئێستادا، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی خاڵی نییە لە بەشداری پێکردنی لایەنی زمانەوانی، یاخود دەتوانین بڵێین کەم توێژینەوەی ئەدەبی هەیە، کە جێپەنجەی بواری زمانەوانی پێوەدیار نەبێت، تەنانەت چەندین ڕێبازی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێ پەیدا بووە، زمان دەکات بە بناغەی سەرەکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، چونکە زمان کەرەستەی سەرەکی بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبییە،  واتە بۆ باشتر تێگەیشتن و جوانتر شیکردنەوەی دەقە ئەدەبیەکان پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کەرەستە زمانییەکان.(وەسف )بەواتای ستایش کردن، یان باسکردن و ڕونکردنەوە لەسەر ناوێک یان جێناوێک یان کارێک یان کەسێک ... هتد. ئەگەر وەسفەکە بۆ ناوێک یان کەسێکی یان جێناوێک بوو ئەوە دەبێتە هاوەڵناو (ئاوەڵناو)، بەڵام ئەگەر بۆ کارێک یان ڕووداوێک یان شوێنێک یان کاتێک بووئەوە دەبێتە هاوەڵکار(ئاوەڵکار) و وەسفی کارەکە دەکات.

**ئاوەڵناو :** ئاوەڵناو یان هاوەڵناو لە کورتترین و سادەترین پێناسەدا وشەیەکە یان فرێزێکە کە هاوەڵی ناوێک یان جێناوێک یان هاوەڵناوێکی ترە، بەمەبستی تیشک خستنە سەر ناوەکەی پێش خۆی یان زیاتر ڕوونکردنەوەی جۆر و شێواز  و ڕەنگ و قەبارە ...هتد، دێت،  ئەوەیش لەڕێگەی وەسفکردنییەوە، وەسفکراوەکە کەناوەکەی پێشخۆیەتی زیاتر دەناسێنێت،  ئاوەڵناو، کاری  وەسفکردنە وەک تەواوکەری ناو دانراوە، واتە ئەگەر ناوەکە ناڕوونییەک یان بەهەرجۆرێک بووە، ناتوانێن خوێنەر تێبگەیەنێت، ئەوە لە ڕێگەی وەسفەوە واتاکەی تەواودەکرێت و زانیاریەکە دەگات بەخوێنەر .لە لێکۆڵینەوە نوێیەکانی زمانەوانیدا، ئاوەڵناو بەهاوشانی(ناو و کردار ) دانراوە، لە ڕووی واتای وشەکانەوە (( واتای وشەکانی زمان بریتیە لەتێڕامان لە پەیوەندی نێوان وشەکان وەکو هێمایەک لەگەڵ دنیای دەرەوەیان، بۆ نمونە (ناوەکان) واتای (کەس،  شت،  شوێن ...تاد )دەگەیەنن، کردارەکان واتای( ڕوودان) دەگەیەنن، ئاوەڵناوەکان واتای (پەسن)یان تێدایە،  پەسنی ناوێک یان جێناوێک ئەکەن )) (عەزیز، 43،2016).

**ئاوەڵکار :** ئاوەڵکار (ئاوەڵفرمان) بەهەمان شێوەی ئاوەڵناو، ئەمیش تەنها بۆ مەبەستی ئاماژەپێدان و ڕونکردنەوەی چۆنێتی ڕووداوەکە یان کێشە و یان شوێنی و کاتی ڕووداوەکە

دێت .((واژەیەکە یا بۆ وەسفی ناوێک، یا ڕاناوێ، یا فەرمانێکی بێهێز، یان بەهێز، بەکار ئەهێنرێت))( ئەمین، 120،2014) ئەمە تێڕوانینێکی ڕێزمانیانەیە، بۆکردەی وەسف، چونکە لەڕووی ڕێزمانییەوە، ئەگەرئاوەڵناو و ئاوەڵکاریش لەنێو ڕستەدا نەبن، هیچ لە پێکهاتەی ڕێزمانی ڕستەکە کەم نابێت، بۆ نمونە ئەگەر بڵێین:

ئارس سێوەکەی جوان خوارد: ئاوەڵکار

ئاری سێوێکی جوانی خوارد : ئاوەڵناو

وەک دەبینی لەڕستەی یەکەمدا (جوان) ئاوەڵکارە و وەسفی چۆنێتی کرداری خواردنەکە دەکات، هەروەها لە ڕستەی دووەمدا(جوان) شێوە و جۆری سێوەکەی بۆ ڕوونکردوینەتەوە واتا وەسفی جۆری سێوەکە دەکات...بەڵام دەگونجێت لە هەردوو ڕستەکەدا (جوان ) لا ببەین، بە بێ ئەوەی لەڕووی زمانەوانی و ڕێزمانییەوە هیچ تێک بچێت،بەڵام بێگومان بوونیان لە ڕستەکەدا ئاستی بینین و تێگەیشتنی ئێمەی لە ڕووی چۆنێتی خواردن و جۆری سێوەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، بەڵام ئایا دەکرێت وەسف لەنێو دەقی ئەدەبی لاببەین؟ ئایا دەکرێت دەقێکی ئەدەبی بنووسین بە بێ وەسف ؟ بێگومان نەخێر...دەقی ئەدەبی بە بێ وەسف هەرگیز ناتوانێت پەیام و مەبەستەکەی وەک پێویست بگەیەنێت، جگە لەوەش بەبێ وەسف دەقی ئەدەبی بەتەواوی لە چێژ و جوانی و ئیستاتیکای خۆی لە دەست دەدات.

**ــ چەمکی وەسف :**

بێگومان چەمکی وەسف لەنێو کایەی ئەدەبدا لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی سەردەم و گرنگی و بایەخ پێدانی زیاتری ئەدەب وەک بەشێکی دانەبڕاو و هاوبەش لە ژیانی مرۆڤدا، وەسف وەک بنەما و پایەیەکی سەرەکی لە نێو دەقی ئەدەبیدا لە گەشەسەندن و بەرەوپێش چوون نەوەستاوە، چونکە ئاشکرایە کە بابەتی وەسف پێشتر تەنها وەک ڕەگەزێکی لاوەکی یان بەشێک لەبابەتی جوانکاری و هونەرەکانی ڕەوانبێژی سەیرکراوە، وەک لەم پێناسەی ( قدامە بن جعفر)دا، دەڵێت : (( باشترین لێکچواندن ئەوەیە، ئەوەی لە نێوان دووشتدا ڕوودەدەن یاخو هەیە، سیفاتە هاوبەشەکانیان زیاتربن لە جیاوازیەکانیان، ئەم لێکچوونی سیفاتانەیش تا ڕادەی یەکگرتن لێک نزیک دەبنەوە، یاخود باسکردنی شتێک و ئەو بارودۆخە و شێوانەی کە دەیانگرێتە خۆ)(ابن جعفر،1948،70) واتە، لای ڕەخنەگرانی کۆنی عەرەب، بابەتی وەسف گرێدراوە بە بابەتی ڕەوانبێژی(بلاغە)وە.بەڵام دواتر لای ڕەخنەگرانی ئەدەبی عەرەبی وەسف

وەک هۆکارێک بۆ بەخشینی زانیای تەماشاکراوە، ئەوە خۆی لەخۆیدا یەکێکە لەئەرکە سەرەکییەکانی وەسف((ئامانج لە بەکارهێنانی وەسف، گەیاندنی وێنەیەکی زەینییە، لەسەر دیمەنێک یان کەسێک یان هەستێک، بەخوێنەر )) (المهندس/ وهبة، 1979،238) .

بەڵام لەگەڵ ئەوشدا هەر ڕەخنەگران وەسفیان وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکی بابەتی جوانکاری ڕەوانبێژی لێکداوەتەوە (( تێڕوانینێکە لە گۆشەنیگای لایەنی بینراوی شتەکانی دەوروبەرمان، یاخود باسکردنی شتەکانە بەشێوەی وێنەیی)) (قاسم، 2004، 107 ) واتە لێرەدا وەسف وەک هۆکاریک بۆ گەیاندنی زانیارییەک پێناسەکراوە. هەندێکجار وەسف وەک هۆکارێک بۆ کورتبڕی و گەیاندنی زانیاریەک بەکاردێت بە کەمترین وشە یان کەمترین قسە و دەبڕین، ئەوەش خۆی لە چوارچێوەی ئیدیۆم وخواستن دا دەبینێتەوە، ئەویش جۆرێکە لەدەربڕینی هونەری واتە وەسف هونەرێکە لە هونەرەکانی پەیوەندییە زمانییەکان، وەسف دەبێتە هۆکارێک و دەخرێتە خزمەت پیشاندانی ڕووداوێک (المشهد ) یان کەسێک یان گوزارشت دەکات لە هەڵچوونی دەروونی و پەرچەکرداری کەسێک.یان دەکرێت وەسف هۆکارێک بێت بۆ پیشاندانی دەقاودەقی شتێک لە ڕێی وشەوە، خوێنەر لەکاتی خویندنەوەیدا، یان بیسەر لەکاتی بیستنی وەسفەکەدا، هەستبکات بە چاوی خۆی ئەو ڕووداوە یان ئەو کەس و شتەی بینیوە کە بۆی وەسف دەکرێت.

دەتوانین وەسف بەسەرەتای گەشەکردنی بیری مرۆڤ لێکبدەینەوە بۆ توانای تێگەیشتن و وێناکردنی شتەکانی دەوروبەری، لەبەر ئەوەیە کە لە زانستی کۆمەڵناسیدا قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بە قۆناغی وەسفکاری ناسراوە، کە تێیدا مرۆڤ بۆ پێناسەکردنی شتەکانی دەوروبەری خۆی وێنەیانی کێشاوە، بەوەش لە ڕێگەی وێنەوە وەسف و گوزارشتی لەوە کردووە، بینیوەتی یان دەیەوێت بەدەستی بهێنێت، (( (ئۆگست کۆنت) دامەزرێنەری زانستیی کۆمەڵناسیی نوێ، دەڵێت: بیری مرۆڤایەتیی بەم سێ قۆناغەدا ڕۆیشتووە:

ا. قۆناغی هەستگەرایی، بە قۆناغی وەسفیش دەناسرێت کە تیایدا پشتی بە هەستەوەرەکان بەستووە.

ب. قۆناغی لێکۆڵینەوە، بە قۆناغی بیرکردنەوەی ڕامانگەریی فەلسەفیانەش ناودەبرێت، لێکۆڵینەوەیە لە ماکو هۆکاری زۆرێک لە دیاردەکانی وەک مردنو ژیانو...تاد.

پ. قۆناغی ئەزمونگەریی زانستیی، بە قۆناغی شیکردنەوەش دەناسرێت.(حسەین، 99،2007) وەک لێرەدا دەردەکەوێت، قۆناغی هەست گەرایی بە قۆناغی وەسفکاری دانراوە،

ئەوەش گوزارشتە لەوەی کە وەسف بابەتێکە تێیدا هەستەکان زاڵن بەسەر ئەقڵ و لۆجیکدا، زۆرجار لە لاسایکردنەوە و وەسفکردنی شتەکاندا مرۆڤ توشی کورتهێنان یان زیادەڕۆیی دەبێت، بۆیە دەبینین مرۆڤی قۆناغەکانی سەرەتای مرۆڤایەتی لەوەسفکردنی شتەکانی دەوروبەریاندا یان ڕووداو وکەسەکاندا، زیادەڕۆییەکی یەکجار زۆریان کردووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ئەدەب بەگشتی و ژانرەکانی ئەفسانە وداستان بەتایبەتی.بۆئەوەی وەک دەقێکی ئەدەبی چێژی خۆی لەدەست نەدات، لەم بارەیەوە (ڕۆلان بارت ) دەڵێت (( وەسف بە یەکێک لەو ڕەگەزانە دەبینێت کە ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی چێژی دەقدا، ئەو چێژە وەسفییەش تایبەت و جیادەکاتەوە لە چێژێک، لە ڕێگەی خوێندنەوەی چیرۆکێک بەدەستی دەهێنێت)) (بارت،1973،99).

بێگومان وەسف تەنها بۆخستنە ڕووی شتە بینراوەکان نییە، کاری وەسفکاریش هاوشێوەی کاری فۆتۆگرافەرێک نییە چی بینی وەک خۆی بیگێرێتەوە یان بینووسێتەوە، بەڵکو وەسف دەتوانێت پەی بەجیهانی ناوەوەی مرۆڤ ببات و ببێتە چرایەک بۆ ڕۆشنکردنەوەی ناخ و دەرخستنی هەست و دۆخی دەروونی کەسی وەسفکراو، بۆیە وەسف بەم جۆرەش پێناسە کراوە (( شێوازێکی دارشتن ئامێزە باسی ڕووکاری هەستیی و نا هەستیی وەسفکراو دەکات و دەیخاتە بەر دیدە، ڕەنگێکی وێنەگرتنە، چاو دیدە دەدوێنێ، هەڵگری کۆمەڵێک مانا و دەلالەتی سەربەخۆیە لە ناو دەقدا، زانیار لەسەر بابەت وشت وکارەکتەر و شوێن دەبەخشێت، پێشبینی دەکات و مەیلی چاوەڕوانی و بەردەوامبوون و بەدواچوون لای خوێنەر دەوروژێنێ ))(عوسمان، 2008،20 ) .

کەواتە وەسف وەک چەمک بابەتێکی گشتگیرە و توانای ئەوەی هەیە زانیاری لەسەر هەموو ئەو شتانە بگەیەنێت کە بینراون یاخود نەبینراو و پێشبینیکراون، هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتییشەوە مرۆڤ لەگەڵ وەسفکردنی شتەکان و ڕووداوەکانی دەورووبەری ڕاهاتووە. وەسفی وەک ئامرازێک بۆ ئاسانکاریی پێڕاگەیشتنی ئیش و کارەکانی بەکارهێناوە. بێگومان وەسفیش وەک هەر ڕەگەزێکی دیکەی ئەدەب، چەند بنەمایەکی دیاری کراوی هەیە، یاخود دەتوانین لە ڕێگەی چەند بنەمایەکەوە وەسف لە دەقی ئەدەبیدا، لە وەسف لەنێو قسەی ئاسایی ڕۆژانە جیا بکەینەوە و لەو ڕێگەیەوە، لە مەبەست و ئامانجی نووسەر تێبگەین،هەروەها هەندێکجار وەسف دەبێتە هۆی بڕیاردان یان گەواهیدان لەسەر بابەتی وەسفکراو، هەروەها وەسفکەریش دەبێتە گەواهیدەر لەسەر بابەتی وەسفکراو، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە خوێنەر لە ڕێگەی خوێندنەوەی بابەتی وەسفکراوەوە خوێنەر بە دنیای ناوەوەی وەسفکەر ئاشنا دەبێت

بۆ، نمونە کاتێک کەسێک باس لە ژیان لە خانویەکدا دەکات، کە هاوشێوەی زیندانە، ئەوە تەنها باسی خانوەکەی نەکردووە بەڵکو لە ڕێگەی باسی خانوەکەوە ئێمە لەدۆخی دەروونی کەسی نووسەر تێدەگەین.

یاخود هەندێکجار دەکرێت خوێنەر بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو وەسفەی کە نووسەر بۆ دیمەنێک دەیکات، بۆنمونە : کاتێک نووسەر باسی شارێکی وێران و خاپور دەکات، دەتوانێت تۆوی ڕق و تۆڵەسەندنەوە لە بیر و هزری خوێنەردا بچەسپێنێت . بە پێچەوانەوە دەکرێت ببێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی خوێنەر هەوڵی ئاوەدانکردنەوە و بونیادنانەوەی شارەکە بداتەوە، کە هەریەکە لە مانەش ڕەنگدانەوەی دۆخی دەروونی نووسەر و هۆکاری بە دیهێنانی ئامانجی نووسەر بەیان دەکات.ئەمەش وادەکات کە نووسەرەکان زۆرجار لە ئەرکی سادەی وەسف دووربکەونەوە بۆ بە دیهێنانی مەبەستی خۆیان ئەو هونەرە بەکار دەهێنن .

تێکەڵاوبوون و تێکچرژانێکی زۆر هەیە لە نێوان جۆرەکانی وەسفدا لەلایەک و تێکڵاوبوونی ئەرکی وەسف لەگەڵ هەندێک لە جۆرەکانی وەسفیش لەلایەکی دیکە، ئەمەش وادەکات تێگەیشتن لە چەمکی وەسف ئاسان نەبێت لەبەر ئەوەی زۆربەی کات وەسفکراو لە ڕەگەزی جۆراو جۆر پێکدێت، چونکە چەمکی وەسف پرۆسەیەکی هەمەلایەنەیە، بەشێوەیەکی گشتگیر دەقەکە دەڕازێنێتەوە ئیدی هەر ژانرێکی ئەدەبیش توانا و سنورێکی تایبەت و دیاریکراوی هەیە،لەمەڕ بەکارهێنان و سودوەرگرتن لە ڕەگەزی وەسف. ((پانتای وەسف لە ڕۆماندا فراوانترە لەوەی لەنێو ڕەگەزەکانی دیکەی ئەدەبدا بەرچاو دەکەوێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی ڕۆماننوس دەستکراوەترە لە بەکارهێنانی جۆرەکانی وەسف لە نێو دەقی ڕۆمانەکەدا،بە پێچەوانەی شاعیر و چیرۆکنووس و شانۆنامەنووس، وا هەر یەک لەمانە بەپێی قەوارەی دەقەکەی هەوڵی بەکارهێنانی جۆرە وەسفێک دەدات نەک چەندین جۆری وەسف ))( سەعید ،13،2014) واتە، نووسەری دەقی ئەدەبی دەبێت بەپێی ڕەچاوکردنی پێویستی و لەبەرچاو گرتنی ژانرەکەی کە دەینووسێت سوود لە ڕەگەزی وەسف وەربگرێت.

لە چەمکی وەسفدا دوو جەمسەر هەیە کە ئەویش (وەسفکەر، لەگەڵ وەسفکراو) ئەوەی دەبێتە جێگەی سەرنجی زیاتر ئەوە بابەتە وەسفکراوەکەیە،بەڵام وەسفکەریش لە ڕێگەی تێڕوانین و پێناساندن و پیشاندانی وەسفکراوە بۆ خوێنەر یان گوێگر و بینەر، ئەوە بەشێوەی ئاگایی بێت یان بە نا ئاگایی ئەوە گوزارشت لە دۆخی دەروونی خۆی دەکات و خوێنەر دەتوانێت لە گۆشەنیگای وەسفکەرەوەو بۆ بابەتێک پەی بە دۆخی دەروونی وەسفکارەکە ببات .

**وەسف لە دەقی ئەدەبیدا:**

ئەدەب (ویژە) هەرلە بەرەبەیانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە بووە بە هاوڕێی مرۆڤ و لەڕێگەی ئەدەبەوە، ئیدی هەر جۆر و ژانرێکی بێت، مرۆڤ هەوڵی بەدەستهێنانی خۆشبەختی داوە، یان لانی کەم ئاوات وئامانجی گەڕان وکەشفکردنی هۆیەکانی ئاسودەیی بووە لە ڕێگەی ئەدەبەوە، یاخود باسکردنی ئەو ڕووداو بەسەرهاتانەی کە دەبنە هۆی سوودگەیاندن لەلایەک و گەیاندنی چێژ و چەشەی ئەدەبی لە لایەکی دیکە، واتە ئەدەب جگە لە سوود و زانیاری هۆکارێکی دیکەی بوونی خۆی بۆگەیاندنی خۆشی وبەختەوەری مرۆڤ دەگێڕێتەوە، ئەدەب بەهەموو لق و دیاردەکانییەوە، مێژوویەکی کۆنی هەیە. کە مێژوویەکەی هاوتایە لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتیدا، بەڵام ئەدەبیش وەک هەموو دیاردەکانی تری مرۆڤ و مرۆڤایەتی بە یەک شەقڵ و شێواز نەماوەتەوە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەمەش بە هۆی ئیرادەو بیرکردنەوەی مرۆڤەکانەوە بووە، کە هەمیشە هەوڵیانداوەو هەوڵدەدەن ژیانێکی باشتر بونیاد بنێن و بەرەو پێش بچن.

ئەفلاتوون بە سەرەتایەکی بنەڕەتی دادەنرێت، کە قسەی لەسەر ئەدەب بەگشتی و شیعرو شاعیر بەتایبەتی کردوە. دواتر ئەرستۆ وردتر باسەکەی فروانتر کردووە، قسەی لەسەر ئەرک و ڕۆڵی ئەدەب و جۆرەکانی و ڕەگەزی هەر جۆرێکیانی دیاری کردووە. ژانرەکانی دابەش کردووە بە سەر سێ ژانری سەرەکیدا (داستان، تراژیدیا، کۆمیدیا ). ئەم باسەی ئەرستۆ بووتە بنەمایەک بۆ چەندین سەدە دوای خۆی. ئەو بیروباوەڕی، کە لەو قۆناغەدا پەیڕەوکراوە، جەختی لە سنوور جیایی نێوان ژانرە جیاوازەکانی ئەدەب دەکردەوە، کە بە پاکژی ژانرەکان و تێکەڵاونەبوونیان دادەنرا. دواتر لە سەدەی هەژدەوە وردە وردە سنورەکان کاڵبونەوەو ژانرەکان ئاوێتەی یەکتربوون، لێرەوە ڕۆڵی وەسف وەک هۆکارێک بۆ چێژ بەخشین بە گێڕانەوە و نووسین ونمایشکردن ...هتد.هەرجۆرێکی دیکەی هونەر دەستپێدەکات.

واتە وەسف پایەی سەرەکی وڕۆڵی کارا دەگێڕێت لە بەخشینی چێژبە هەر دەقێکی هونەری . چەندین زانای دیکە گرنگی و بایەخی وەسف لە بۆتەی بابەتە زمانەوانییەکاندا دەبیننەوە، وەک (د.نبیل أیوب) لەم بارەیەوە دەڵێت (( وەسف بریتییە لە دەرخستنی یان ئاماژەکردن بە شتێک یان شوێنێک یان گیاندارێک، یان مرۆڤێک، لە ڕێگای وێناکردنی زمانەوانییەوە ناکەوێتە ژێر دیدی خوێنەرەوە، بەڵام بە شێوازی گوزارەیی، تێیدا وێناکردن یەکسانە بە بابەتی وەسفکراو، یان بە شێوازێکی بینراو، بەسۆز و خەیاڵ وا دەکات دەربڕین یان بابەتی وەسفکراو تێپەڕێنێت

و سەرلەنویَ دروستی بکاتەوە، لە گۆشەنیگای خۆیەوە بۆ شتەکان یان ڕووداوەکان))(أیوب، 2001، 175).

لەم پێناسەیەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە وەسف ڕۆڵی دروووستکردنی وێنە دەگێڕێت لە بیر و هۆشی خوێنەر یان بیسەردا، بەڵام وێنەیەکی هونەری، بۆیە دەتوانین بڵێین وەسفکردن ناکرێت بە تەنها کورتبکرێتەوە بۆ خستنەڕووی شتە بینراوەکان، بەڵکو زورجار هۆکارە بۆ وێنەکێشانی بیرو باوەڕو شتە نەبینراو و مەعنەوییەکان  بۆ شتی بینراو یان وێنەی هونەری پێشبینی کراو.کە ئەوەش دەبێتە هۆی زیندوو هێشتنەوەی ئەو بابەتە یان ئەو دەقە لە بیر و هزری کەسی گوێگر یان خوێنەر.لەنێو نووسەران و ڕەخنەگرانی ئەدەبیدا بابەتی وەسف گرنگیەکی زۆری پێدراوە، چیرۆکنووس حسێن عارف لەبارەی وەسفەوە دەڵێت: ((وەسفکردن بەشێکە لەشێوەی نووسین، واتە ڕازاندنەوەی نووسینەکەی لەئەستۆیە))(عارف،2011، 20) . لەم بۆچوونەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بابەتی وەسف بابەتێکی گرنگ و جێی بایەخە .

وەسف وەک هەوێنی مانەوەی دەق لە خەیاڵ و بیرەوەری خوێنەردا دەمێنێتەوە .دەتوانین لەڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە بڵێن وەسف  بریتیە لەبەیانکردنی شتێک بە جوانی و  پیاهەڵدان و ستایشکردنی، یان لە ڕووی داتاشینەوە وەسف بریتیە لە بەرجەستەکردن و ئاشکراکردن و دەرخستنی ڕووداوێک یان شتێک.یان دەشێت وەسف وەک هۆکاری جیاکاری شتەکان سەیر بکرێت واتە وەک میکانیزمێک بۆ ناسینەوەی باشتری ڕووداوێک یان کەسێک یان شتێک بەکاربهێنریت.وەسف هۆکارێکە بۆ ناولێنانی هەموو ئەو شتانەی، کە لەچواردەورمان هەن، هەریەکێک لەم شتانە سیفاتی تایبەت وسیمای جیاکەرەوەی خۆیان پێدەبەخشێت.

ئەوەش دەبێتە هۆی جیاکردنەوەیان لە ناو سیستەمی بوونە هاوشێوە و جیاوازەکان لە یەکدی، ئەم دیاردەیە زۆرجار هەستی پێدەکرێت چ لەژیانی ئاسایی ڕۆژانەی هەر کەسێکدا بێت و چ لە دەقی ئەدەبیدابێت،  کاتێک بە هۆی وەسفێکی وردەوە دەتوانرێت دووکەسی لێکچوو یان دوو بابەتی لێکچوو جیا بکرێتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین بە پێی گۆڕانی کات، گۆڕانکاری بەسەر ڕۆڵ و دەوری وەسفیشدا هاتوو، بەو واتایەی کە بەکارهێنانی (وەسف) تەنیا بۆ درێژکردنەوەی دەق نییە، لەلایەن نووسەرەوە، بەڵکو پێویستە بەشێوەیەکی باش کار لەسەر وەسفی شوێن وکارەکتەرەکە بکات، دواتر ئامادەکاری بکات بۆڕوودانی ڕووداوەکان، پێویستە نووسەر زەمینەیەک بۆخوێنەر دروست بکات هەست بەئامادەی کارەکتەر یان شوێنەکە بکات بۆئەنجامدانی ڕووداوەکان لەم بارەشدا وەسف ڕۆڵی تەواوی خۆی دەبینێت.

## تەوەری سێیەم: ئەرکی وەسف لە دەقی ئەدەبیدا:

وەسف لە دەقی ئەدەبیدا، کۆمەڵێک ئەرکی جیاواز و جۆربەجۆر دەبینێت، ئەم فرەجۆرییەی ئەرکەکانی وەسف بۆ هەمەچەشنی ئەوژانرە ئەدەبیانە دەگەڕێتەوە، بۆ جیاوازی ئەو مەوداو پانتاییە دەگەڕێتەوە، لە نێو هەر ژانرێکدا بۆ ڕەگەزی وەسف فەراهەم دەکرێت، یاخود چۆنێتی وەسف دەکەوێتەوە سەر ئەو جۆرە وەسفەی کە نووسەری دەقی ئەدەبی بەکاریدەهێنێت، واتا هەر جۆرە وەسفێک و جۆرە ئەرکێکی هەیە، یاخود دەگونجێت چەند جۆرێکی وەسف لە خزمەت یەک ئەرک و بۆ گەیاندنی یەک مەبەست بەکارهێنرابن لە لایەن نووسەری دەقی ئەدەبییەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وەسف مەبەستی ڕازندنەوە و چێژبەخشین، پێدانی شوناسی ژانرێکی ئەدەبی بە دەق بەکاردەهێنرێت، لەلایەن ڕەخنەگرانەوە زیاتر لە ئەرکێک بۆ وەسف لە نێودەقدا، دیاری کراوە، بەڵام سەرەکی ترینیان ئەمانەن:

### یەکەم : ئەرکی  جوانکاری و ڕازاندنەوە:

بە بۆچوونی زۆرینەی ڕەخنەگرانی ئەدەبی، ئەرکی هەرە لەپێشینەی وەسف لەنێو دەقی ئەدەبیدا، ڕازاندنەوە وبەخشینی جوانی و ڕازاندنەوەیە، هاوشانە لەگەڵ بەخشینی چێژ و لەزەتی ئەدەبی بە دەقەکان .کەئەمەش ئامانج لێی بەخشینی فۆڕمێکی ئیستاتیکییە بە دەقە ئەدەبییەکان، لە هەر ژانرێک بێت ((دانەر تیایدا بایەخ بەجوانکاری وشە و دەربڕینەکان دەدات، بۆیە ڕەخنەی کۆنیش جوانی شێواز لە جوانیی وەسفدا دەبینێتەوە))(فەرج، 115،2012) واتە ئەوەی گرنگە لە بەکارهێنانی وەسف بۆمەبەستی جوانکاری، ئەوەنییە کە شاعیر یان نووسەری دەقی ئەدەبی وەسفی  شتێکی جوان وەک (گوڵ یان یادێکی خۆش یان کەسێکی خۆشەویست...هتد) بکات و زیاتر جوانی بکات لەبەرچاوی خوێنەر، بەڵکو بەکارهێنانی خودی ڕەگەزی وەسفە بەشێوەیەکی جوان، بۆ ئەوەی سەرنج ڕاکێشبێت و خوێنەر کەمەندکێش بکات بۆ نێو جیهانی دەقەکە، وەک دەبینین( ئەرستۆ) لە کتێبی (پۆیەتیکا) ژانری تراژیدی لەلا پەسەندترە وەک لە کۆمیدی، هەرچەند کۆمیدی دڵخوازی مرۆڤە و دەبێتە هۆی دڵخۆشی، بەڵام ئەو پێی وایە دەتوانری لە ڕێگەی ئەو وەسفەوەکە لە شیعر یان شانۆی تراژیدیدا هەیە، کاریگەری لەسەر خوێنەر و بینەر دابنرێت و هەست و سۆز و بەزەییان بجوڵێت،ئەگەرچی بابەتەکە باسێکی کارەستبار و خەمهێنەرە، بەڵام دەکرێت بەهۆی سودوەرگرتن لە ڕەگەزی وەسف بەشێوەیەکی کاریگەر وسەرنجڕاکیش بابەتەکە بخرێتەڕوو.واتە دەگونجێت وەسف چێژ بە خوێندنەوەی ئەو بابەتانەیش بدات، یاخود کاریگەرتر بیانخاتەبەرچاو کە سروشتێکی خەمناکیان هەیە.

**دووەم /ئەرکی ڕاڤەیی(شیکاری ):**

یەکێکی دیکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی وەسف لە نێو دەقی ئەدەبیدا، ئەرکی ڕاڤەییە یان شیکاریشی پێدەوترێت، چونکە لە ڕێگەی ئەم ئەرکەوە خوێنەر لە دوو لایەنەوە ڕاڤەی دەقەکە دەکات:

أ – شیکاریکردنی دۆخی دەروونی شاعیر یان نووسەری دەق، لە ڕێگەی ڕاڤەکردنی ئەو جۆرە وشانەی کە شاعیر بەکاریاندەهێنێت بۆ دەربڕینەکانی خۆی بە مەبەستی وەسفکردنی ئەو بابەتەی دەیەوێت لەسەری بدوێت، دەتوانین پەی بە دۆخی دەروونی شاعیر ببەین، بۆ نمونە هەموو ئەو جوانی و سەرنجڕاکێشییەی کە دەریا و شەپۆلەکانی هەیانە یاخود ئەو دەنگە خەمڕەوێنەی کە مرۆڤ دەخاتە نێو دنیای خەیاڵات و ئاسودەیی، بەڵام لای شاعیرێکی وەک ( گۆران) هێندەی کانییەکی کوردوستان جوان نییە وەک دەڵێت:

کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو

لە بنیا بلەرزێت مرواری، زیخ و چەو

جوانترە، لەلای من، لە دەریای بێسنوور

شەپۆلی باتە بەر تیشکی ڕۆژ، شلَپ و هوڕ (گۆران،1389 ە،65)

لە ڕێگەی ئەم وەسفەوە کە (گۆران) بۆ ئەو دیمەنە بینراوەی کردووە، دەتوانین پەی بە دۆخی نوسەری دەق ببەین، کە نەک دەریا سەرنجی ڕاناکێشێت بەڵکو بە بەراورد بە کانییەکی بچوکی هێمن، شلَپ و هوڕی دەریا هیچ جوانی و چێژێکی نییە.

ب – لە ڕێگەی ئەم جۆرە وەسفەوە دەتوانین، بە دۆخی دەروونی کارەکتەری نێو چیرۆک و ڕۆمانەکان ئاشناببین، (( زیاتر بایەخ بە ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکان دەدات، ئامانجی وێناکردنی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان و دەرخستنی کردارەکانی و دیاریکردنی هۆکارەکانی ڕەفتار وکردارەکانیەتی، ئەوەش لە ڕوانگەی وەسفکردنی ژینگەی کارەکتەر و ئەوشتانەی کە باکگراوندیان بۆ درووستکردووە))(فضل، 1987،94). بێگومان ئەم ڕەهەندەی وەسف ئێستا تەنها لەنێو چیرۆک و ڕۆماندا بەدیار ناکەوێت، بەڵکو لە ژانرە جیاوازەکانی وەک(داستانە شیعر و ڕۆمانە شیعر و چیرۆکە شیعر)یشدا، بە ڕوونی بەدیدەکرێت..

**سێیەم / وەسف لە بەرگی لۆمەدا، لۆمەکردن لە شێوەی وەسفدا:**

لۆمەکردن یان سەرزەنشتکردن لە ژێر بەرگی وەسفکردندا بابەتێکە، لەنێودەقی ئەدەبی وشیعر بەتایبەتی بەرچاودەکەوێت، ئەویش بەهۆی ئەو بوارەی کە بۆ شاعیر دەلوێت، چونکە وەک ئاشکرایە لە شاعیر دەستکراوەترە لە پێبەخشینی واتای نوێ بە وشەی ئاسایی نێوخەڵک، بۆیە دەگونجێت ئەرکێکی وەسف ئەوەبێت، ڕۆڵی سەرزەنشتکردن بگێڕێت.(( بریتیە لە لۆمەکردنی هەر کەس وشتێک، کە لە دەوروبەر نزیک یان دووری شاعیرن و بەهۆیەک لە هۆیەکان بەڕەوای دەزانی لۆمەیان بکات))(عەبدوڵلا،2012،129) دەگونجێت ئەم لۆمەکردنە خودیی بێت واتا شاعیر لۆمەی نەفسی خۆی بکات، ئەم دیاردە لە نێو ئەدەبیاتی تەسەوفدا زیاتر دەبینرێت.

((لۆمەکردنی خود لە بنەڕەتدا لەناو ئەدەبیاتی ئاینی و سۆفیزمەوە سەریهەڵداوە و پەڕیوەتەوە بۆ نێو کایەکانی دیکەی ئەدەب، لۆمەکردنی نەفس، پانتاییەکی فراوانی لە ئەدەبیاتی ئاینی وتەسوفدا داگیرکردووە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت، مەرج نییە ئەوانەی لۆمەی نەفسی خۆیان ئەکەن گوناهبار و تاوانبارین، بەڵکو شکاندن و کۆنترۆلکردنی ئارەزوو هەوەسەکانیانە، بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی تەندروستی کۆمەڵایەتی ))(جامی، 2013،108).

بە کارهێنانی وەسف بۆ لۆمەکردنی خەڵکی دەچێتە خانەی داشۆرینەوە(هەجو) کە ئەوەش لە ڕێگەی وەسفکردنێکەوە دەبێت کە دواتر خوێنەر تێدەگات مەبەست لێی سەرزەنشتکردن بووە نەک وەسف ئیدریس عەبدوڵلا، پێیی وایە لۆمەکردن ((بریتیە لەو دەربڕینەی، شاعیر تێیدا سەرەتا بە باشی ستایشی یەکێک، یان شتێک دەکات و پەسنی دەدات، بەڵام دواتر دەریدەخات لە وتەکەی مەبەستی لۆمەیە نەک وەسف))(عەبدوڵلا، 2012،103).واتا وەسف جگە لەئەرکە سەرەکییەکەی خۆی، پێی ناسراوە و بە هۆکاری جوانکاری و ڕازاندنەوە دادەنرێت، دەشێت ئەرکی دژی خۆیشی ببینێت کەناشیرینکردن و لۆمەکردنی هەمان ئەو شتانەیە کە وەسف دەکران، ئەوەش لەژێر پەردەی وەسفدا .((ئەم جۆرە دەربڕینە ئەوەیە، قسەکەر مەبەستی لۆمەکردنی کەسێکبێت، کە لە شێوەی وەسف دەردەبڕێت و لە ناوەڕۆکدا لۆمەکردن بگەیەنێت))(مطلوب،2007،493) بێگومان، بۆ تێگەیشتن و درککردن بەم حاڵەتە، پێویستە خوێنەر ڕۆشنبیرییەکی باشی هەبێت، لەمەڕ جۆر وئەرکی وەسف و گۆڕانی مەبەستەکانی وەسف لە دەقێکەوە بۆ دەقێکیتر.

**چوارەم / ئەرکی چەواشەکاری (بەهەڵەدا بردن ):**

زۆرجار وەسف جۆرێک لە زێدەڕۆیی لە خۆدەگرێت، هەر خودی ئەوە زێدەڕۆییەیە، دەبێتە هۆی جوانکاری بۆ دەق یاخود چێژ بەخشین بە دەقەکە، بەڵام نابێت ئەوەیشمان بیربچێت، هەر ئەو زیادەڕۆییە لە وەسفدا، ڕەنگە ببێتە هۆی بەهەڵەدابردنی خوێنەر یان چەواشەکردنی لە تێگەیشتنی ئەو بابەتانەی کە نووسەر وەسفی کردون.

بەم جۆرەیش هەندیکجار وەسف ئەرکی بەهەڵەبردنی خوینەردەبینێت، بەهۆی ئەوەی لەسەر وەسفکراو دەوترێت زۆر زیاترە یاخود هەر لە بنەڕەتدا هەڵەیە، ئەو وەسفە بۆ ئەو وەسفکراوە شیاو نییە،جا ئەمەش هەندێکجار بەهۆی نەزانینەوە دەکرێت لە لایەن وەسفکەرەوە و هەندێکجاریش پێویستی دەق وژانرە ئەدەبییەکە ئەوە دەخوازێت،چونکە وەک ئاشکرایە، دەقی ئەدەبی مەحکوم نییە بەوەی وەک ڕاپۆرتێک یان لێکۆڵینەوەیەک ڕاستی و درووستی پیشان بدات، بەڵکو دەقی ئەدەبی جیهانێکی خەیاڵی و فەنتازییە، تێیدا نووسەر بە ئەندێشەو خەیاڵی خۆی گوزارشت لەو شتانە دەکات کە دەیەوێت بۆ خوێنەری بەیان بکات، نەک بەو جۆرەی دەقاودەق لە ڕاستی و واقیع بگوازێتەوە.هەرلەبەرئەوەیە زۆرجار ڕەخنەگران پێیانوایە، دەبێت نووسەر لەسودوەرگرتن لەڕەگەزی وەسف ڕەچاوی قەبارەی وەسفکراوبکات، یاخود دەکرێت نووسەر لەڕێگەی سودوەرگرتن لەم شێوازە وەسفە هەوڵی بەواقیعی پیشاندانی جیهانە خەیاڵییەکەی ئەندێشەی خۆی بدات زیاتر ئەم حاڵەتە لە رۆماندا بەکاردەهێنرێت (( ڕۆماننووس بە شێوازێک، خوێنەر تێکەڵ بەجیهانی خەیاڵی ڕۆمانەکەی دەکات و وای پیشان دەدات، ئەو ڕووداو و کارەکتەرانەی ئەو وەسفی دەکات، ڕووداو و کارەکتەری ڕاستەقینەن)) (یوسف، 96،1997).زۆجار ئەم ئەرکە و ئەرکی واتایی لە پارچە وەسفییەکاندا بەیەکەوە دەردەکەون، تەواوکەری یەکترن .

**پێنجەم : ئەرکی وەسف وەک بەشێک لە نووسین:**

هەندێک لە نووسەرانی دەقی ئەدەبی، وەسف وەک هەر بەشێک لە بەشەکانی دیکەی بونیادی دەق سەیر دەکەن، نەک وەک پاشکۆ یان هۆیەک بێت تەنها بۆ ڕازاندنەوەی دەقی ئەدەبی یاخود درێژەدان بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، هەرچەندە دەشێت وەسف ئەم تایبەتمەندیانەیش لە خۆ بگرێت، بەڵام مەبەستی جەوهەری لە بەکار هێنانی وەسف بەکارهێنانیەتی وەک بەشێکی سەرەکی لە جەستەی دەق نەوەک بەشێک بۆ جوانکاری

جەستەی دەق. حسێن عارف لەبارەی وەسف وەک بەشێک لە نوسین، دەڵێت: ((وەسفکردن بەشێکە لەشێوەی نووسین، واتە ڕازاندنەوەی نووسینەکەی لەئەستۆیە، بەڵام مەبەستی ڕاستەقینە لەوەسفکردن چەسپاندنی ئەودیمەنانەیە لەبیروهۆشی خوێنەردا، کەبایەخێکیان لەچیرۆکەکەدا هەیە، وەک وەسفکردنی ئەوشوێنەی دەبێتە شانۆی کارەساتیان وڕووداوەکانی چیرۆکەکە یادیمەنێکی ئەوتۆ کەکارێکی گەورە بکاتە سەرئەنجامەکەی)) ( عارف، 2011،20).

لێرەدا چیرۆکنووس کە دەڵێت مەبەستی ڕاستەقینە مانەوەی دیمەنەکانی  چیرۆکە لە بیرو هزری خوێنەردا لە ڕێگەی وەسفەوە، ئەوە بۆخۆی ئەوپەڕی گرنگی و بایەخی وەسف دەردەخات، چونکە دواجار مانەوەی دیمەنە وەسفکراوەکان لە بیری خوێنەردا، یەکسانە بە لە یادنەچوون و مانەوی ناو و ناوەڕۆکی چیرۆکەکە، یاخود دەقە ئەدەبییەکە.

**شەشەم: ئەرکی وەسف لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە:**

وەک ئاشکرایە ڕەوانبێژی،هونەرێکی بەهێزی ئەدەبی کلاسیکی بووە، بەهۆیەوە شاعیران توانای ئەدەبی و کارامەیی خۆیان لە بەکارهێنانی وشە بۆ چەند مەبەستێکی جیاواز بەکارهێناوە، واتە ڕەوانبێژی مەیدانێک بووە بۆ دەرخستنی توانای شاعیر لە چۆنێتی دەربڕینی هەستەکانی بە جوانترین و سەرنجڕاکێشترین شێوە،  زیاتر گرنگیان بەچێژ بەخشین و ڕووخساری شیعر داوە نەک ناوەڕۆک و پەیام .لەم نێوەندەیشدا وەسف چەکی سەرەکی دەستی شاعیران بووە. هەمیشە بەوەسفەکانیان واتای نوێیان بەخشیووە بە وشەکان، چونکە هەر بەهۆی وەسفەوە توانیویانە سەرجەم هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەکاربهێنن لە شیعرەکانیاندا وەک (ڕەگەزدۆزی و خواستن و درکە ...هتد) . ((شێوازێکی دەربڕینی جوانە، لەکۆنەوە خەڵکی بە گشتی و ئودەباش لە بەرهەمە ئەدەبییەکان  بە شێوەیەکی تایبەت، سودیان لێوەرگرتووە،چونکە  شێوازێکی نایاب وگرنگ و کاریگەرە، مەرجیشی ئەوەیە، وەسفەکە بۆ شتەکان ناڕاستەوخۆبێت نەک پیاهەڵدانی ڕاستەوخۆبێت، لەبۆیان بۆ نمونە:

لەمەیدانی بەهارا شارەکەی کۆ...

قوبەی کشمیری دا بەر شەق وەکو گۆ ...( حاجی قادر کۆیی)

لێرەدا شاعیر کە باسی بەهاری کۆیە دەکات، ڕاستەوخۆ ئەوە ناڵێت، ئەم بەهارە چەند سەوز و دڵگیرە، بەڵام بە بەرزتر لە سەوزاییە دڵگیرەکانی کشمیری دادەنێت ))(عەبدوڵڵا،2012،128)

واتە شاعیر بەهۆی ڕەوانبێژییەوە ئەو وەسفی کە بۆ کۆیە کراوە، توانیویەتی چێژێکی تایبەتی بە شێعرەکە بەخشیوە.

بەگشتی دەتوانین ئەرکی وەسف لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە لە دوو خاڵدا.دەستنیشان بکەین:

1- ئاشکراکردنی خەڵک و خووە جوان بەهێزەکان و ناساندنیان بۆ خەڵکی، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە وشیار ببینەوە، سودیان لێ وەربگرین.

2- بەرهەمهێنانی شێوازی هونەری و ڕەوانبێژی جوان، بۆ گەیاندنی پەیام، جیا لە قسەی ئاسایی، کە ئەم شێوازە هونەری و ئەدەبییە ڕۆڵی گەورەتر دەبینێت، لە هێنانەدی مەبەست .. (عەبدوڵڵا،129،2012).واتا وەسف وەک ئامرازێک بەکارهاتووە،بۆ بە دیهێنانی ئامانجێک، کە ئەویش گەیاندی پەیامی شاعیر بووە بە جوانترین شێوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بەرەو هۆشیاربوونەوە و پێشکەوتن ببەن.واتا ئەرکی وەسف لە نێو هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا، لە هیچ ئەرک و ڕۆڵیکی دیکە کەمتر نییە، ئەگەر زیاتر نەبێت، چونکە بەهۆی وەسفەوە شاعیر ئامانجەکەی خۆی لە نووسینی دەقەکەی دەپێکێت، لە گەیاندنی پەیامەکەی بەشێوەیەکی ئاسان و کاریگەر، تا بتوانێت لە نێو زۆرترین خەڵکدا کاریگەری هەبێت.

سەرەڕی ئەو ئەرکانەی سەرەوە.دەکرێت ئاماژە بە چەندین ئەرکی دیکەیتری وەسف بکەین،کە بە کورتی خۆیان لەم ئەرکانەدا دەبینێتەوە، بۆ نمونە (جان ڕیکاردۆ) ئەرکی وەسف دەبەستێتەوە بە (واتا)ەوە، ((.جان ڕیکاردۆ سێ ئەرکی بۆ وەسف دیاریکردووە

1- .دەبێت وەسفی خۆی لەخۆیدا هەڵگری مانایەک بێت بێ ئەوەی پێویست بە درکاندی ئەو مانایا بکات... لەگەڵ ئەوەشدا هەر ملەکەچی هێڵکاری گشتی گێڕانەوە دەبێت.

2- دەبێت واتا دیاریکراوبێت بۆئەو وەسفەی، لە پاشیەوە دێت ئەمەش لاوازترین شێوەکانی وەسفە.

3- وەسف پێش واتایەک لەواتاکان هاتبێت، کە گرنگە لەسیاقی گوتن یان وەسف بۆئەو مانایە بێت وەسف جگە لەوانەی سەرەوەش، ئەرکێکی دیکەی گرنگیشی هەیە، ئەویش ئەوەیە خوێنەر بەکۆمەڵێک زانیاری دیاری کراو ئاشنا دەبێت))(ئیبراهیم، 116،2015).

هەندێک لە لێکۆڵەرەوان جگە لەو ئەرکانە دوو ئەرکی دیکە بۆ وەسف دیاری دەکەن، ئەوانیش: ((1- ئەرکی گێرانەوەیی: بریتیە لە بەخشینی زانیاری زیاتر بە خوێنەر دەربارەی شوێن و کارەکتەرەکان، پێشکەشکردنی ئاماژەکان کە فەزایەکی تایبەت دەخولقێنن بۆ بتەوکردنی گرێچن
2.- ئەرکی ڕیتمی : لێرەدا وەسف ڕۆڵی دروستکردنی ڕیتمێک دەدات کە بە هۆیەوە ئیقاعێک بە ڕۆمان دەبەخشێت، پچڕانی زنجیرەی ڕووداوەکان، ئەوەش لە کاتێکی هەستیاردا دەبێتە هۆی درووستبوونی جۆرێک لە دڵەڕاوکێ و سەرنجڕاکێشانی خوێنەر))(الزيتوني، 2002،172).

بە پێی وردبوونەوە لەم ئەرکانەی سەرەوە دیارە زیاتر مەبەست لەوەسف لە نێو ڕۆماندایە، هەروەها بۆدیاری کردنی ئەرکی وەسف لەنێو دەقی ئەدبیدا، بەشێوازێکی کورت، (سەنگەر قادر) سێ ئەرک بۆ وەسف دادەنێت لە نێو دەقی ئەدەبیدا:

1- بەخشینی ئیستاتیکا و میلۆدی دەق.

2- بەخشینی زانیاری و ڕوونکردنەوەی خەسڵەتە ناوەکیی و دەرەکییەکانی پاڵەوان و کارەکتەر.

3. - بەخشینی چەمکی واقیعی بە دەق.(شێخ محمد حاجی، 2009،198).

واتە ئەرکی سەرەکی بەخشینی ئیستاتیکایە بەدەق، پاشان زانیاری دان لەسەر کارەکتەر وپاڵەوانەکان و دواتر خوێنەر بەهۆی وەسفەوە هێندە بچێتە نێو دنیای دەقەوە، بە دنیای واقیعی بزانێت نەک بەرهەمی خەیاڵی نووسەرێک.د(.نەجم ئەڵوەنی) پێنج ئەرک بۆ وەسف دەستنیشان دەکات، زیاتر پەیوەندیان بە بابەتی ڕۆمانەوە هەیە، بەڵام ئاشکرایە کە ئێستا لەنێو دەقە ئەدەبیەکاندا تێکەڵاوبوونێک درووستبووە، هەروەها دەکرێت نووسەر ژانرێکی ئەدەبی سوود لە ئەزمون وشێوازی نووسەری ژانرێکر جیاوازی دیکەی ئەدەبی وەربگرێت، لەبەر ئەوە ئەو پێنج خاڵە دەخەینە ڕوو کە، د. نەجم وەک ئەرکی وەسف ئاماژەی پێکردووە.

1- لە ڕۆمانی تەقلیدیدا، ڕۆماننوسان بۆ نزیککردنەوەی تێکست لە واقیعەوە،پەنایان دەبردە بەر وەسفی شوێن و کەسایەتیەکان.

2- لە ڕۆمانی تەقلیدیدا، ئەرکی گرنگی وەسف ڕازانەوەی تێکستەکە و دروستکردنی دیکۆر و چوارچێوە بووە بۆ ژینگەی کەسێتیەکان.

3- ڕۆماننووسی کلاسیکی سوودی لە وەسف وەرگرتوە بۆ ئەوەی وێنەیەکی ماددی بەرجەستەکراوی کەسێتیەکان بخاتە بەرچاوی خوێنەر.

4- وەسف ئەرکی گەیاندنی کۆمەڵێ واتای فەلسەفی و کۆمەڵایەتی لە ناو تێکستی کلاسیکی و نوێ دەگێڕێت.

5- وەسف دەتوانێت جۆرە پشوویەک بە خوێنەر بدات، بەتایبەتی دوای خوێندنەوەی هەندێک ڕووداوی وروژێنەر.(ئەڵوەنی، 2004، 308-309).

هەندێک لە لێکۆڵەرەوانی دیکەیش، بە پێی جۆری وەسفەکە ئەرکەکی دیاری دەکەن، بە گوێرەی کاتی ڕووداوەکان وەسف دەکەن بە دووبەشەوە ((یەکێکیان جوڵاوەیە، کاتی گێڕانەوەی تێدا دەجولێتەوە، جۆری دووەمیش وەستاوە و کاتی گێڕانەوی تێدا دەوەستێت)) (مبروک،1988،94). جگە لەوانەش، وەسف ئەرکی ڕوونکردنەوە و ڕاماڵینی ئەو گومان و پەردەیە، زۆرجار بەسەر ڕووی دەقی ئەدەبییەوەیە، وەک ئەدگارێکی تایبەتی دەقی ئەدەبی (( یەکێک لە سودەکانی وەسف لابردن و ڕاماڵینی توێژیی بەستەڵەکییە بەسەر وەسفکراوەوە، واتە گۆڕینی دۆخەکەیەتی لە وەستاوە بۆ جوڵاو، هەروەها سودی وەسف لەوەدا دەردەکەوێت، یان بۆ خستنەڕووی حاڵەتە وەک (ڕەنگ وشێوە و قەبارە)یان بۆ بەراودکردنی وەسفکراوێک لەگەڵ وەسفکراوێکی دیکە))(سەعید،2014،29).

جگە لە هەموو ئەو ئەرکانەی بۆی دیاری کراوە، بە بۆچونی (ئالان ڕۆب گریی)وەسف لەئێستادا وەک ئەدەبی کلاسیکی ناتوانێت ڕۆڵی پڕبایەخی خۆی بگێڕێت و تا ڕادەیەک هەست بە لەدەستدانی ڕۆڵەکەی دەکرێت، لەمبارەیەوە دەڵێت (( لەمەوبەر، کاری وەسفکردن ڕوونکردنەوەی بارودۆخی هێڵە سەرەکییەکانی دیمەنێک و لە پاشان ڕوونکردنەوەی توخمەکان و بەتایبەت نیشاندەری ماوەیەک یان بەشێ لەم دیمەنە بوو، لەمڕۆدا وەسف هەر سەبارەت بە شتە بێ بایەخەکان دەدوێ )) (گریی،2011،66) .

دەتوانین بڵێین کە وەسف هەمیشە وەک بەشێک لە نووسین دەبینرێت نەک بەشێوەی لاوەکی، واتە بۆچوونێکی تەواونییە ئەگەر ئەرکی وەسف تەنها لە درێژکردنەوەی مەودای گێڕانەوە و جوانکاری و ڕازندنەوەی دەق سەیربکرێت، بەڵکو وەسف هاوشان لەگەڵ ئەو ئەرکانەی سەرەوەدا، زۆرجار هۆکاری سەرەکی پێدانی فۆرمێکی ئیستاتیکیە بە دەق، هەروەها جگە لەو زانیاریانەی لەسەر وەسفکراو بە خوێنەری دەدات، بەهەمان شێوە دەبێتە هۆی چێژ بەخشین بە دەقەکە، هەروەها پێدانی ڕیتم ( ڕەزم)ێکی، تایبەت بە دەقە، خوێنەر چێژ لە خوێندنەوەی دەقەکە دەبینێت و بەهۆی بونیادێکی بەهێزی دەقەوە کە وەسفیش یەکێکە لەکۆڵەکانی، دەقی ئەدەبی بۆماوەیەکی زۆر لە هزری خوێنەردا دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێن ئەگەر نووسەری دەقی ئەدەبی توانی جۆرەکانی وەسف لە شوێنی خۆیدا و بۆمەبەست وئەرکی

تایبەتی خۆی بەکارهێنا، ئەوە بێگومان ئەو وەسفە دەبێتە هەوێنی بەرهەمێک یان دەقێکی ئەدەبی سەرکەوتوو.

## تەوەری چوارەم / جۆرەکانی وەسف:

وەسف  چۆن چەندین ئەرک ورۆڵی جیاجیا دەبینێت لەناودەقی ئەدەبداو چیرۆک ورۆمان و شیعر بەتایبەتی، بەهەمان شێوە خاوەنی چەند شێوازێکی جۆراوجۆرە, نووسەری دەقی ئەدەبی بەپێی پێویستی، لە ژانرەکەیدا بەکاریان دەهێنێت، هەروەها دەگونجێت نووسەرێک سوود لەزیاتر لەیەک جۆر وەسف ببینێت بۆ وێناکردن یان بۆ پیشاندان و وەسفکردنی ئەو بابەتەی، دەیەوێت وەسفی بکات، دەبێت ئەوەش بگوترێت کە جۆرەکانی وەسف بەتەنها لەڕوویەکەوە ناژمێردرێن و تەواو، بەڵکو پۆلێنکردنی جۆرەکانی وەسف لە چەندین گۆشەنیگاوە ئەنجام دەدرێت، سەرەتا لێرەدا جۆرەکانی وەسف بەپێی وەسفکەر و  وەسفکراو دەخەینەڕوو.

### یەکەم: وەسفی بابەتی.

ئەمجۆرە وەسفە زیاتر لەدەقی واقیعدا بەکاردەهێنرێت، لەبەرئەمەش زیاتر لای ریالیزمەکان بەدی دەکرێت ئەم جۆرە وەسفە نووسەر یاخود گێڕەرەوە وەسفکراو وەک خۆی نیشاندەدات ئەوکەسە چۆنە ئاوادەیخاتە ڕوو بەشێوەیەکی ڕون وئاشکرا ((وەسفەکان بەئامادەکراوی دەخرێنە بەردەستی خوێنەر ئەمەش بەوەسفی بابەتی ناسراوە، کەحیکایەتخوازان ڕۆڵی خوێنەر بەتەواوەتی فەرامۆش دەکات و، لەهەموو جۆرەکەشدا بونێکی بێ بەش دەکات تەنیا ئەوەنەبێت وەک وەرگێڕێکی سلبی یەکسەر چیرۆکەکە بەئامادەکراوی بەبێ یەک ودوو وەردەگیرێت)) (سابیر، 188،2001) لێرەدا باسکردنی وەسفکراو بەشێوەیەکی بێلایەنانە دەخرێتەڕوو دوور لە هەموو هەست وبیر وبۆچوون وهەڵوێستەیەک هەرلەبارەی وەسفی بابەتی دەگوترێت، ((وەسفی بابەتی ئەرکێکی زۆرگرنگ ومەترسیداری هەیە، لەسەردەستی بەلزاک وفوبلیر، کە ئەرکێکی تازەیان بەوەسف بەخشی دەتوانین ناوی وەسفی (تەفسیری)لێ بنێین، چونکە دیاردە دەرەکیەکانی ژیان وەک شارەکان وخانووەکان کەلوپەلەکان وئامێرەکان وجلوبەرگەکان...هتد بەسەر دەکرێنەوە، چونکە پەردە لەڕووی لایەنی

دەروونی ژیانی کارەکتەر لادەدات وئاماژە بە ئارەزوو ومۆڕاڵی دەکات، بەمەش وەسف بووە ماکێک خاوەن هێمایەکی تایبەت وبووە خاوەن بەهایەکی جوانکاری)) (سەعید، 2014، 38 ).

ئەم جۆرە وەسفە بەدەست گێڕەرەوەی هەموو شتزانەوە. چوارچێوەیەی کەهەیە وەک, کات وشوێن ورووداوەکان وهەڵسوکەوت وسروشتی کەسەکان دەخاتەڕوو وهەروەها وەسفێکی دەرەکیە چونکە ,وەسفی دەرەوەی وەسفکراو دەخاتەڕوو وەک ,ئەوەی کەهەیە ودەبینرێت بەوردەکاری وسەرجەم سیما وڕواڵەتەی لەژیاندا تەنانەت ئەگەر ئەم شتە بچووک وکەم بایەخەش بێت ئەوا نووسەری دەقەکە، بەوردەکاری وگرنگیەوە دەیخاتەڕوو((وەسفی دەرەوەی وەسفکراوە، گواستنەوەی وێنەی وەسفکراوی بەو جۆرەی کە لە ڕووکاری دەرەوە دەردەکەوێت، بە ڕەنگ و قەبارەو وردەکارییەوە))(فەرەج،2012،200).

وەسفکەر لەمجۆرە وەسفەدا هەڵدەستێت بەپێدانی زانیاری زۆرلەبارەی ڕواڵەتی دەرەوەی وەسفکراو.((گێڕەرەوە بە تەواوی بێلایەنە وئەوەی دەیبینێت وەسفی دەکات، ئەم جۆرە وەسفە لەڕۆمانی واقیعیدا دەبینرێت، تێیدا گێڕەرەوەی تەقلیدی وەسفی پێکهاتە و ڕەگەزە جیاوازەکانی وەسفکراوەکە دەکات ))(ئیبراهیم،2015،116)ئەم جۆرە وەسفە زۆر بەکاردێت لەلایەن ڕۆماننووسەوە بەتایبەتی بۆ وەسفکردن وخستنەڕووی سەرجەم ڕواڵەت و وێنای کارەکتەر بۆخوێنەر. بەڵام بێگومان لای شاعیرانیش گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، چونکە شاعیران لەڕێگەی ئەم جۆرە وەسفەوە، دەتوانن ئەو دیمەنە ئاساییانەی، کەسێکی ئاسایی دەیبینێت بیکەن بە دەقێکی شیعری جوان و سەرنجڕاکێش.

**دووەم: وەسفی خودی.**

ئەم جۆرەوەسفە شۆڕدەبێتەوە ناوەوە ودیوی ناوەوەی شتەکان نیشاندەدات واتا لایەنی دەروونی کارەکتەر دەخاتەڕوو وبەپێچەوانەی وەسفی بابەتیەوەیە.وەسفی ناوەکی(لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت، وەسف ناوەوەی وەسفکراو بەتایبەت وەسفی ئاکار و هەست و سروشتی ژیانی ناوەکی وەسفکراو))(فەرەج، 2012،200) دەخاتەڕوو.

خوێنەر لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەم جۆرە، وەسفەوە هەست بە دۆخی دەروونی نووسەری دەقەکە دەکات، لەهەمان کاتیشدا نووسەر دەقەکە لە ڕێگەی ئەم جۆرە وەسفەوە لایەنی دەروونی وەسفکراومان بۆ ئاشکرا دەکات، بۆیە دەگوترێت: ((وەسفی خودی یان وەسفی ناوەوە، ئەمجۆرە وەسفە زیاتر بۆ پێشکەشکردنی وێنەیەک، یان وێناکردنی هەست وهزری

ناخی وەسفکراوەکەیەوە، لەم جۆرە وەسفەدا ڕۆماننووس زیاتر پێویستی بەوشەی واتادار وکاریگەری دەروونییە بۆپێشکەشکردنی وێنەی وەسفکراوەکە بۆئەوەی خوێنەر لەنزیکەوە ئاشنای وەسفکراوەکە بێت وهاوسۆزی بێت)) (سەعید، 41،2014 )

ئەمجۆرە وەسفە، کەنووسەر زیاتر بایەخ بەدیوی ناوەوە دەدات، کەلایەنی سایکۆلۆژی کەسەکەوە دەنوێنێت پێش دەربڕین، زۆرجار لەشێوەی مۆنۆلۆگدا خوێنەر بەم جۆرە وەسفە ئاشنا دەبێت بەمجۆرە لەڕۆمانی نوێدا گۆڕان، بەسەر وەسفدا هات بەوهۆیەشەوە وەسفەکان لەبابەتیەوە گۆڕان بۆخودی.ئەم وەسفە زیاتر لە ژانری ڕۆمان و چیرۆک و ئەو ژانرانەدا دەبینرێت کە بەشێوەی پەخشانی دەنووسرێن، چونکە لەم جۆرە ژانرانەدا پانتای وەسفکراو زیاترە وەک لە شیعر، ئەوەش هەر بەهۆی سنوری هەریەکەیانەوەیە، بێگومان لە شیعردا سنورەکە بەرتەسکتر و مەودایەکی کەمتر لەبەردەم نوورسەری دەقەکەدا هەیە((ئەم جۆرە وەسفە زیاتر وەسفی کارەکتەرەکان، لە هەردوو لایەنی دەروونی و ڕەفتارە درەکیەکانی کەسێتیەکان دەدوێت))(ریکاردو، 199،137).

وەک پێشتر ئاماژمان پێدا، ڕۆماننووس یان چیرۆکنووس لەزاری کارەکتەرەکانییەوە، خەیاڵ و بیری هونەری خۆی دادەڕێژێت، بۆ زانینی ئەندێشەو دیووی ناوەی کارەکتەرەکانیش پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی وەسفی خودی یان وەسفی ناوەکی، بەشێوەیەکی پەرشوبڵاو وئەم جۆرە وەسفە دەبینرێت.

**سێیەم: وەسفی تێڕامان**

ئەمجۆرە وەسفکردنە بەواتای سەیرکردنێکی قووڵی شاعیرە بۆ نێو ناخی خۆی، یان دەتوانین بڵێین ڕاوانینێکی قوڵە بۆ شتەکانی دەوروبەری هەروەها،تێڕامان و وردبوونە لێی و تا گەیشتن بەپرسیارکردن لەسەری وهەوڵدان، بۆزیاتر زانینی نهێنیە شاراوەکانی و بۆ دەسکەوتنی وەڵام، لەبەر ئەوە هەندێکجار وەسفی تێڕامانی بەم جۆرە پێناسە کراوە(( بەردەوام سەیرکردنی وەسفکراوە، نقوم بوونە لەناویدا و کارلێککردنە لەگەڵیدا پرسیارکردنە لەبارەی شاراوە ونهێنیەکانیی ))(فەرەج، 202،2012).

لەم جۆرەی وەسفدا لایەنی بینراوی شتەکان تێدەپەڕێنن وبەرەو ڕۆحی ودونیای مەعنەویی دەڕوات، بێگومان ئەمجۆرە وەسفە جێگای بایەخە، لەم ڕێگایەشەوە جوڵە وهەڵسەکەوتی دەروون ونهێنیەکانی ژیانی وکەسەکان وتێڕامانی شاعیر یان چیرۆکنووس بۆ دنیا

ئاشکرادەبێت، ئەم جۆرە وەسفە بەڕوونی لای شاعیرانی کورد بەشێوەیەکی هونەری بەرز دەبینرێت، کەشیعریان بۆهۆنیوەتەوە، بۆنموونە (أحمد هەردی) کە دەڵێت:

بەسەرسامی لەسەرلوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم!

شریتی عومری ڕابردووم وەکوخەو دێتە بەرچاووم.

لێرەدا دەبینین شاعیر چەندە بەقووڵی تێڕاماوە لەوەی کەدەبینێ وبیردەکاتەوە وبەناخیدا شۆڕبۆتەوە وەسفەکەی بەشێوەیەکی هونەری جوان خستۆتەڕوو.

یاخود هەندێک جار وەسف لەڕووی لۆژیکی و نالۆژیکی یان دراماتیکیەوە دابەش دەکرێت کە ئەوانیش : ((

1- **وەسفی مەنتقی (لۆجیکی ):** لێرەدا پتر گوتن تیایدا زاڵە، واتە تیشک دەخرێتە سەر کارەکتەرەکان، ئەم جۆرەش جڵەوکردنی خەیاڵی خوێنەری لێدەکەوێتەوە )) (عارف،2007،110)

2- **وەسفی دراماتیکی:** (( لێرەدا نیشاندان زاڵە، نووسەر یان گوتیار (راوی) زیاتر نیشان دەدات،تا بڵێیت چیرۆکنووس لەم جۆرە وەسفەدا ڕێگە بە قارەمانەکانی دەدات کە خۆیان بنوێنن و خۆیان پیشانبدەن، خوێنەر لەم جۆرە وەسفەدا بەگەرمی دەعوەت دەکرێت، لە چیرۆکەکەدا بەشداری بکات)ڕەنگە ئەم شێوازە وەسفە لە شێوازە وەسفەکانیتر پەسەندتربێت، لەوانەیشە یەکێک لە خەوشەکانی ئەم شێوازە وەسفە ئەوەبێت کە لەوەسفی مەنتقی درێژتر و وردترە، چونکە نیشاندان کاتی زۆرتر دەبات تا وتن )) (فەرەج، 2012،199)هەروەها لەڕووی کورتی و درێژی وەسفەوە لەنێو دەقی ئەدەبیدا، لێکۆڵەرەوان دووجۆر وەسفیان دیاری کردووە:

1- **وەسفی کورت (سادە) :** بریتیە لەو وەسفی بەشێک یان هەندێک لە پێکهاتە و حاڵەت و دەرکەوتەی وەسفکراوەکە، بە وەسفی هەڵبژێردراو(الانتقائی )ناونراوە. یان هەندێک جار بە وەسفی هەڵبژاردنیش ناو دەبرێت.

2- **وەسفی درێژ :** بریتیە لە وەسفی هەموو یان زۆربەی پێکهاتە و حاڵەت و دەرکەوتەکانی وەسفکراوەکە، بە وەسفی وردەکاری ناودەبرێت.(ألعانی، 2000،253-254)

هەرچەندە تێکچرژانێک هەیە لە نێوان جۆرەکانی وەسفدا ئەویش بەهۆی نزیکی جۆرەکان و تێکەڵبوونیان بە یەکتری، بۆ نمونە بەشێک لە لێکۆڵەرانی ئەدەبی وەسفی کورت بە وەسفی (هەڵبژاردن) ناودەبەن، مەبەست لێی هەڵبژاردنی بەشێکە یان ئەو گۆشە نیگایە، کە وەسفکەر دەیەوێت وەسفکراوی لێوە بناسێنێت. هەروەها بەشێکیش لە لێکۆڵەرەوان وەسفی درێژ بە( وەسفی لێکۆڵینەوە) ناودەبەن، مەبەست لێی ئەوەیە، وەسفکەر وەک چۆن لێکۆڵینەوەیەک پێویستی بە زانیاری تەواوە،بە هەمان شێوە لە هەموو لایەنەکانەوە وەسفکراو دەخاتە پێشچاو.جگە لەوەش هەندێکجار لێکۆڵەرەوانی ئەدەب جۆرەکانی وەسف لەسەر تایبەتمەندی و شێوازی وەسفکردنەکە بۆ دوو بەشی دیکە دابەش دەکەن کە ئەویش:

1- **وەسفی پلە بە پلە :** بێگومان ئەم تەکنیکە دەبێتە هۆی چێژبەخشین بە دەقی ئەدەبی، چونکە ئەگەر هەر لەسەرەتاوە، خوێنەر هەموو سیفات و تایبەتمەندیەکانی کارەکتەر یان شوێن و ڕووداوی زانی، ئەوە شتێک نامێنێت کە بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی ڕوودان یان زانینی بکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا نووسەری دەقی ئەدەبی پەنا دەباتە بەر وەسفی پلە بە پلە،(( بریتییە لەو وەسفەی، پلەبەپلە و هاوکاتی ڕووداوەکان، وەسفی وەسفکراو دەکات )) (خمار، 2005، 150) ئەم جۆرە وەسفە بەوە ناسراوە، وەسفێکی پڕ جوڵەیە و قۆناغەکانی وەسفکردنی وەسفکراو، تا دوا قۆناغی نووسینی دەقەکە بەردەوام دەبێت، ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی زیندوێتی دەقەکە بە زیندوێتی و بەردەوامی وەسفی ڕووداو کەس و شوێن و شتەکانەوە بێت.واتە وەسفێکی زیندو وچالاکە واتە خاڵی کۆتایی هاتنی ڕۆمانەکە یان شیعرەکە، یان هەردەقێکی ئەدەبی دیکە، دەبێتە خاڵی کۆتای هاتنی وەسف لەم جۆرە وەسفەدا، ئەمەش هاوکار دەبێت لە چێژبەخشین و بێزار نەبوونی خوێنەر لەو بابەتە ئەدەبیەی کە دەیخوێنێتوە.

2- **وەسفی بەراوردکرن :** بوونی پانتاییەکی فراوان لەوەسف لەهەردەقێکدا، هەرچەندە هۆکاری جوانکاری و چێژبەخشینە، بەڵام بێگومان ژمارەیەکی زۆر لە وەسف بۆ کەسێک یان شتێک یان ڕووداوێک دەبێتە هۆی درێژدادڕیی و خاوکردنەوەی حەزی خوێندنەوەی خوێنەر، بۆ ئەم مەبەستەش نووسەری دەقی ئەدەبی سود لەم شێوازەی وەسف وەردەگرێت، ((تەکنیکێکی گرنگە، زۆربەی ڕۆماننوسەکان بەکاریدەهێنن، بریتیە لە وەسفی بەراوردکردن لە نێوان دوو وەسفکراو، هەندێکجار بە ئاراستەیەکی پۆزەتیڤ و بەراوردی خاڵە جوانەکانی نێوان دوو وەسفکراو دەکات، هەندێجاریش بە ئاراستەیەکی نێگەتیڤ و بەراوردی خاڵە ناشیرین و دژ بەیەکەکان دەکات )) (ألعانی، 2000،254)بەڵام دەگونجێت ڕۆماننووس یان شاعیر بەراوردی جوانی و ناشیرینی یاخود خراپی و باشی یان هەر دوو سیفەتێکی دژ بەیەک بکات.

جگەلەوەش شێوازێکی دیکە وەسفمان هەیە، بەشێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ناسراوە.

**1- وەسفی ڕاستەوخۆ:**

ئەم جۆرە وەسفە لە نێو زۆبەی چەشنە ئەدەبییەکاندا دەبینرێت، ڕۆماننووس و چیرۆکنووسان، سود لەم شێوازە وەسفە دەبین بۆ خستنەڕووی تەواوی دیمەنەکانی ڕووداوێک یان شوێنک یاخود پێدانی زانیاری بە خوێنەر لەسەر کەسێتیەکی ناو دەقە ئەدەبییەکە، هەروەها شاعیرانیش سودیان لەم تەکنیکی وەسفە وەرگرتووە ((شاعیران بەشێوەیەکی بەربڵاو پەنا بۆ شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ دەبەن، لە شتەکانی سروشت و دەوروبەر بە شێوەیەکی نایاب، کامێرای خەیاڵیان بۆ دەخەنە گەڕ،کاتێ دەقە شیعرییە وەسفییەکان دەخوێنیتەوە، ڕۆدەچییە ناو دیمەنەکان و چێژێکی زۆر لەو دەقە وەسفکراوانە دەبینین، جیاوازە لەوەی کە خۆت بینیوتە))(عیسا، 97،2009) شاعیران بۆ ئەوەی شێعرەکانیان ڕوون و ڕەوانبێت، بەشێوازێکی خێرا و بە گشتی بە نێوخەڵکیدا بڵاوبێتەوە، زۆرجار وەسفی ڕاستەوخۆ بەکاردەهێنن، چونکە ئەم جۆرە وەسفە بۆخۆی لەنێو خەڵکیدا بڵاوەوە، بە دیدەی خوێنەران نامۆ نییە، خوێنەرانیش چێژ لەو شیعرانە دەبینن کە بە زۆری لەم شێوازە وەسفەی تێدا بەکارهاتووە.

**2- وەسفی ناڕاستەوخۆ** : وەک ئاشکرایە شاعیران هەندێکجار لە وەسفی بابەتی وەسفکراودا، جۆرێک لە لێڵی وتەمومژ دەهێڵنەوە بۆ ئەوەی کە خوێنەر ڕاستەخۆ وەک بابەتێکی ئامادەکراو و بەڕوونی وەسفەکەی نەچێتە بەردەست ئەم حاڵەتە بە تایبەتی لە شیعردا زیاتر بەرچاو دەکەوێت ئەوەیش بەهۆی ئەوە شاعیر مەوداوەیەکی کەمتری دەربڕینی لەبەردەمدایە، بۆیە دەبێت بە کەمترین وشە زۆرترین واتا و مەبەست بگەیەنێت ((جیاوازی مرۆڤی شاعیر لەوانیتر لەوەدایە کە شاعیر هەستێکی بەهێزتری هەیە،خاوەنی هۆشیاری وقوڵبونەوە و فراوان وچوونی بۆ ناوکی شتەکان بۆیە وتەکانی زیاتر کار لە خەڵک دەکەن و خەڵکی زیاتر گوێی بۆ شل دەکەن، بۆ وەرگرتنی هەموو ئەو شتانەی، شاعیر باسیان لێوە دەکات ))(ڕەسول،1989، 57).

بێگومان ئەگەر بۆچونی شاعیر هاوشێوەی کەسێکی ئاسایی بێت ئەوە بەهەمان شێوە، نووسین و بەرهەمەکانیشی وەک دەقێکی ئاسایی سەیر دەکرێن نەک وەک بەرهەمێکی ئەدەبی و چێژ بەخش، لەبەر ئەوە بە دڵنیایەوە تێڕوانینی شاعیر دەبێت ئیستاتیکیانە و هونەریانەتر بێت لە، سانی ئاسایی(( لەم شێوازەدا شاعیر وێنەکان وەکو خۆی ناگوازێتەوە، بەڵکو خەیاڵی خۆی

دەخاتە سەر،  وێنەیەکی قەشەنگ و جوان و دڵڕفێنیان لێ دروست دەکات )) ( گەردی، 2004، ل146).واتا ئەو دیمەن و وێنانەی کە کەسێکی ئاسای دەیبنێت و وەسفێکی ڕووتی دەکات، هەمان دیمەنە، بەڵام شاعیر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەسفی دەکات و بەرهەمێکی بە پێزی ئەدەبی لێ بەرهەم دێنێت.

## بەشی دووەم: ژانری ئەدەبی چییە؟چۆنێتی ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان.

### تەوەری یەکەم : زاراوە و چەمکی ژانرە ئەدەبییەکان

### تەوەری دووەم:  مێژووی ژانرە ئەدەبییەکان

### تەوەری سێیەم : چیرۆکەشیعر وەک ژانرێکی ئاوێتە

## بەشی دووەم: ژانری ئەدەبی چییە؟چۆنێتی ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان.

### تەوەری یەکەم : زاراوە و چەمکی ژانرە ئەدەبییەکان:

### زاراوەی ژانر:

وەک هەر باس وبابەتێکی دیکە، پێویستە سەرەتا زاراوەی ژانر بناسێنین وبزانین ڕەگ و ڕیشەی ئەم زاراوەیە لەکوێوە سەری هەڵداوە و چۆن هاتوەتە نێو زمانی کوردی، بێگومان زاراوەی ژانر وەک زۆر زاراوە و چەمکی دیکەی ئەدەبی و فەلسەفیی و هونەری، بناغەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گریک ( یۆنانی کۆن )،هەرچەندە وشەی ژانر خۆی لە نێو زمانی فەڕەنسییەوە درکەوتووە بۆ ئەو مەبەستەی، کە ئەمڕۆ بەکاردەهێنرێت. ((وشەی ژانر (Genre)وشەیەکی فەڕەنسییە، بنچینەی بۆ وشەی (Genus) ی لاتینی دەگەڕێتەوە. لە زمانەکانی ڕۆژئاواشدا بە چەندین شێوەتر دەربڕاوە وەکو , Kinds, Types, Forms) : (Genresبەڵام بەشێوەیەکی گشتی زیاتر (Genre) بۆ ئەم مەبەستە بەکارهاتووە))( ڕەشید، 2001،31-32).

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، لە کتێبی (فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی ڕەخنەیی ) بەهەمان شێوە بنەچەی وشەی ژانر بۆ وشەیەکی فەرەنسی دەگێڕێتەوە(( ژانری ئەدەبی، یان جۆری ئەدەبی، لە عەرەبیدا (الجنس الادبی ) وشەی ژانر لە بنەڕەتدا وشەیەکی فەرەنسییە (Genres)ئێمەش ئەم وشەیەمان لەوزمانەوە وەرگرتووە)) ( ئەسوەد، 2011،39 ) بەڵام (د.موحسین ئەحمەد عومەر) پێی وایە ئەم وشە ماوەیەکی کەمە هاتووە ناو زمانی کوردییەوە و دەڵێت (( وشەی ژانر لە (Genre) هاتووە،ڕەگەکەی لاتینی یە،لە زمانی ئینگلیز و فرەنسی و زمانەکانیتری ئەوروپی بەکاردێ، ماوەیەکیشە ئەم وشەیە هاتووەتە ناو زمانی کوردی )) ( عومەر، 2012،98) دوارتر ئەم وشەیە، هاتوەتە نێو زمانی عەرەبی و لەوێیشەوە هاتوەتە نێو زمانی کوردی (( لە ناو لێکۆڵینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییە کوردیەکاندا لە بەرامبەر ئەو زاراوەیە زاراوەکان ( جۆر، هونەر، شێوە، ژانر) بەکارهاتوون،هەروەها بەرامبەر زاراوەی literary) (Genresالاجناس الادبیە)، زاراوەکانی وەکو : (جۆرەکانی ئەدەب، هونەرەکانی ئەدەب، جۆرە ئەدەبیەکان، ژانرە ئەدەبییەکان ) بەکارهاتوون)) (ڕەشید، 2001،32). بێگومان لە فەرهەنگە زمانەوانییەکانیش وشەی کوردی ڕەسەنمان هەیە، بەرانبەر بە وشەی ژانر، لە فەرهەنگی ( خاڵ ) ی، (شێخ محمدی خاڵ )دا، (( وشەی (چەشن) واتای تەحر و جۆر دەگەیەنێت، واتە بەم تەحر و جۆرە )) (خاڵ، 2005،143).

**چەمک و پێناسەی ژانرە ئەدەبییەکان :**

ڕەنگە پێناسەیەکی تەواو پڕاوپڕ نەبێت بۆ ژانرە ئەدەبییەکان، کە بتوانێت لە هەموو ڕووییەکەوە تیشک بخاتە سەر جۆر و پێکهاتەی ژانرە ئەدەبییەکان، بەڵام تا ئێستا لە لایەن لێکۆڵەرانی ئەدەبییەوە چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ چەمکی ژانرە ئەدەبییەکان کراوە. (( (م. ە. ئەبرام) لە کتێبی (کورتەیەکی زاراوە ئەدەبییەکان) دا، دەڵێت: ژانر زاراوەیەکە، ئاماژەدەکات بە دووبارەو چەندبارەبوونەوەی جۆرێک لە ئەدەب، یان ئەوەی لە ئێستادا بە "فۆڕمی ئەدەبیی" ناودەبرێت ئەو ژانرانەی کارە ئەدەبییەکانیان پێ پۆلێنکراوە لە زەمەنە جیاجیاکاندا، ژمارەیان زۆر زۆرەو، ئەو پێوەرانەش کە پۆلێنکردنەکانیان لەسەر بنیاتنراوە زۆر جیاوازو جۆراوجۆرن. یان دەوترێت: ( گەشەکردنی هەر چەشنێکی ئەدەبیی وابەستەی هەڵوێستییەتی بە مێژوو و کۆمەڵەوە)) (حسەین، 2007، 36 )، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی بەردەوامی ژانرەکان وتێکەڵبوونیان لەگەڵ یەکدی،لەبەر ئەوە پێناسەیەکی جێگیرو بەردەوام بۆ ژانرە ئەدەبییەکان تاڕادەیەک کارێکی ئاسان نییە، ((چۆن ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەدەب، لە یەک ڕەنگ و یەک دەنگ نییە، لەهەمان کاتیشدا چەسپاویش نییە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی دەگۆڕێت، ئاوەهایش چوارچێوەی هونەری وئیستاتیکی دەقی ئەدەبی شتێکی چەسپاو ونەگۆڕ نییە ))(رەشید، 26،2005 ).

لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی لێکۆڵەرەوانی ئەدەب کۆکن لەسەر ئەوەی، کە سەرەتای پۆلێنکردنی ژانرەکان بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە، کە شیعری بەسەر جۆرەکانی قارەمانێتی، تراژیدیا، کۆمیدیادا دابەش کردووە. هەروەها باسی تایبەتمەندی هەریەکیان و سوودیانی بۆ کۆمەڵگا دیاریکردووە. ((تراژیدیا هەموو خەسڵەتەکانی شیعری قارەمانێتی تیادایە. لەسەروو ئەم خەسڵەتانەشەوە دیمەن و مۆسیقای لەگەڵدا تیهەڵکێش کراوە، کە خۆشتری دەکات. ڕاستەقینەی پێشکەشکردنەکەشی چی لە خوێندنەوە یان نواندندا بەرجەستە دەبیت)) .(ئەرەستۆ،68،2011)، ڕەنگە هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەوە بگەڕێتەوەکە ئەرستۆ تراژیدیای پێ شیاوترە،چونکە لە ڕێگەی ئەو وەسفەوە کە بۆ ڕووداوە نەخوازراوەکان لەسەرتەختی شانۆ یان لەشیعری تراژیدیدا دەکرا، لەلایەک توانای خرۆشاندنی هەست و سۆز و بەزەیی بینەر و خوێنەری هەبووە، لە لایەکی دیکەیشەوە هەستی تۆڵەسەندنەوە و ڕق لەکەسانی خراپ و داگیرکاری لە ناخی بینەر و خوێنردا چاندووە. کەواتە ئەرستۆ تراژیدیای بەلاوە لەپێشترە لە جۆرەکانی تر، لەبەرئەوەی کاریگەری و سوودی بۆ کۆمەڵگە زیاتر دەبێت و چێژیشی زیاتر لێی دەبینرێت.

له دوای ئەرستۆ کۆمەڵێک هەڵوێست وسیستم کاری پێ کراوە بۆ جیاکردنەوەی ژانرەکان، بەڵام لەسەر بنچینەی پۆلێنکردنەکەی ئەرستۆ بەردەوام بوون و بووتە بنچینەیەک بۆ جیاکردنەوەی ژانرەکان، کە بە (پاکژی جۆر) ناو دەبرێت. واتە هەر ژانرێک خاوەنی یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆیەتی، هەرچەندە ژانرەکان کەم تا زۆر کاریگەریان لەسەر یەک دەبێت و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانیان ئاوێتەی یەکتر دەبن لەناو یەکترداو ڕەنگدەدەنەوەو تێکەڵی یەکتر دەبن، ئەم حاڵەتەش شاعیر یان نوسەر دەستکراوەتر دەبێت بۆ ئەوەی مەبەستەکەی خۆی بگەیەنێت.هەروەها مەودایەکی فراوانتری لەبەردەمدا دەکرێتەوەبۆ وەسفکردنی کەس و ڕووداو شتەکانی دەوروبەری. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا وەسف نەک تەنها لە ئەدەبدا، بەڵکو لە ژیانی ئاسایی هەر کەسێکدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت و هەر ئەم ڕۆڵەی نێو ژیانە ئاساییەکەیشە، دەگوازرێتەوە بۆ نێو دەقی ئەدەبی، مەگەر دەقی ئەدەبی خۆی ئاوێنەی ژیانی واقیع و ڕەنگدانەوەی ژیانی ئاسایی مرۆڤ نییە ؟ئەوەش ئەوڕاستیە دەسەلمێنێت کە بە پێشکەوتن و گەشەسەندنی ژیانی مرۆڤایەتی، ئەدەب و ژانرە ئەدەبیەکان لەگەڵیدا لەم ڕەوتی پێشکەوتنە جێنەماون و هاوشانی مرۆڤایەتی پێشکەوتووە.

بێگومان لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانی ژانرە ئەدەبییەکان ڕۆڵ  و بەکارهێنانی وەسفیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە،ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە سەیری بابەتی ژانری ئەدەبی بکەین  ((گومان لەوەدا نییە، بە پێی کات و سەردەم تیۆرەکانی ڕەخنەگران، لە هەمان کاتیشدا تەکنیک و جۆرەکانی ژانری ئەدەبیش گۆڕان، سەرەتا بە کلاسیک دەستی پێکردووە)) (پیرداود،7،2015) لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ژانرە ئەدەبییەکاندا، هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەبووە، تێکەڵبوونیان هەروا ئاسان نەبووە ((ژانەرە ئەدەبییەکان تەنیا لە ڕووی سروشت وبەهاوە جیاواز نین، بەڵکو لە هەموو ڕوویەکەوە سەربەخۆن، نابێت تێکەڵی یەکتربکرێن،  ئەمەش بە ڕێبازی (پاکی جۆرەکان) ناسراوە و دەناسرێت))(ویلیک،وارین، 1987،239) .نووسەری دەقی ئەدەبی لەسەردەم ئێستاماندا هەندێکجار پەنا دەباتە بەر سوود وەرگرتن لە ژانرێکی جیاواز لەو ژانەرەی کە خۆی دەینووسێت ((ئەگەر ڕۆژگارێک داستان و ئەفسانە ببون بەسەر قافڵەی ژانرە ئەدەبییەکان، چی لەم سەردەمەدا، ڕۆمان ڕۆڵێکی کارا وبەرچاوی هەیە وشوێنی داستان وئەفسانەی گرتووەتەوە، هەرچەند سودێکی زۆری لەم ژانرانە بینیوە تاکو پێگەی خۆی بەهێزتر کردووە، هەر وەک و بەشێکی زۆر لە ڕەخنەگران بە ڕۆمان دەڵێن داستانی سەدەی تازە ))(پیرداود،2015،9-10).

کەواتە بە شێوەیەکی گشتی لە سەردەمی تازەدا ئەوەی گرنگە گەیاندنی مەبەست و پەیامی نووسەری دەقە، یان هەندێکجار چێژێکی هونەرییە، نەک خۆبەستنەوە بە قاڵب وژانرە ئەدەبییەکانەوە. ((ژانری ئەدەبی بریتیە لە چوارچێوەیەکی هونەری، نووسەر دەقە ئەدەبییەکەی تێدا دادەڕێژێت))(میراودەلی، 72،2008)، بۆیە دەگونجێت ئەوپێناسەی بۆئێستا گونجاوە بۆ سەردەمێکی دواتر بێ بایەخ سەیر بکرێت، یاخود ئەگەر هەمان پێناسە بەسەر بەرهەمی چەند دەیەیەک لەمەو پێشدا پراکتیزە بکەین، ئەوە کارێکی بێ واتا دەربچێت. بەڵام سەرەڕای ئەوەش چەندین پێناسەی جیاوازکراوە بۆ ژانرە ئەدەبییەکان (( ژانرە ئەدەبییەکان پرەنسیبێکی سیستماتیکە .ئەم تیۆرە ئەدەب بەپێی کات وشوێن و قۆناغ و زمانی نەتەوە یی پۆلین ناکات، بەڵکو بەپێی بونیاد وسیستمی هەرژانرێکی جیاواز پۆلێنی دەکات ))(ئەسوەد، 41،2011).

بەڵام وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا یاساوڕێساکانی سنوربەندکردنی ژانرەکان یاخود دانانی چوارچێوەیەکی فۆرمەلەکراو بۆ ژانرە ئەدەبییەکان کارێکی ئاسان نییە و نەبووە،هەمیشە جێی مشتومڕی نێوان شارەزایانی ئەدەب بووە چونکە بەشێوەیەکی گشتی، ژانرە ئەدەبییەکان پێناسەکانیان بە پێی سەردەم و قۆناغە جیاوازەکان گۆڕانکاری بە خۆیەوە بینیوەوە.(( توێژەرانی بواری ئەدەبیاتناسی لە ڕوانگەی جیاواز و جۆراوجۆرەوە پێناسەی ژانری ئەدەبییان کردوە . بۆنمونە (جیرار جینت) لە پێناسەی کردنیاندا، دەڵێت : ژانرە ئەدەبیەکان چەند جۆرێکی ئیستاتیکی ڕووتن )) (بەکر، عەبدولوەهاب، 248،2016). یاخود لێکۆڵەر و تیۆردانەری فەڕەنسی ( تزیفیتیان تۆدۆرۆف 1939–2017) سەبارەت بە چەمکی ژانر دەڵێت (( چەمکی ژنرا بریتییە لە ڕێکەوتنێک دەربارەی بەرهەم و تێگەیشتن لە تێکستی ئەدەبی و چەمکێکی زانستی نییە))(حەمە ئەمین، 21،2014) مەبەست لەم بۆچوونە گرنگیدانی ژانرەجیاوازەکانە بە ناوەڕۆکی بەرهەمەکان، لە پیشاندانی جوانی و چێژ لەنێو دەقەکاندا .(( چەشنە ئەدەبییەکان یان ئەوەی ئەوروپییەکان بە ژانرە ئەدەبییەکانیش باسی دەکەن، لە سەرچاوە کوردییەکاندا بە هونەرەکانی ئەدەب هاتووە، لە ئاست بوارە ئەدەبییەکانی تردا کەمتر لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە، هۆکاری ئەمەش بۆ سەختیی جیاکردنەوەی ژانرەکانو ئاوێزانبوونیان بەیەکدیو دیارینەکردنی سنوورگەلی وەهان کە بتوانن پاوانی هەریەک لەم ژانرانە جیابکەنەوە)) (حسەین، 2007، 32).

جیاکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان هەر لە سەردەمی ئەرستۆوە، کە سەرەتایەکی بنەڕەتی دانا لەمەڕ جیاوازی ژانرەکان، کە ئەویش لەبەرمەبنای تایبەتمەندی و ئەدگاری هەر جۆرێکی تایبەت بووە لە ژانرەکان، ئەم دیاریکردنە تایبەتمەندی و سنوری بەهەریەک لەو ژانرەکان

بەخشیبوو، کە بەزاندنی سنوری هەریەکەیان یاخود ویستی لێکدان و تێکەڵکردنی دوو ژانر وەک شتێکی مەحاڵ دەهاتە پێش چاو، بەڵام ئەم سنورانە بە پێی تێپەڕ بوونی زەمەن، وردە وردە بەرەو کاڵبوونەوە چوون (( ژانرە ئەدەبییەکان لە تێڕوانینی تیۆری نوێی ئەدەبدا،ئەم تیۆرە باوەڕی بە ئاوێتە بوونی ژانرە ئەدەبییەکان هەیە،چ لە ناوخۆیاندا، یا لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەدەبدا، سەرەتای ئەم بۆ چوونە بۆ سەدەی نۆزدەهەم، سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕێبازی ڕۆمانتیکی دەگەڕێتەوە.

ئەم تیۆرە باوەڕی بە پاکی ژانرەکانی ئەدەب نییە.چونکە لەو باوەڕەدان، کە خاسیەتە تایبەتییەکانی هەر ژانرێکی نوێ لەناکاو و لە نەبوونەوە سەریان هەڵنەداوە، بەڵکو ئەو خاسیەتانە لە ژێر خاسیەتی ژانرەکانی تردا دەمێنێتەوە،لە هەمانکاتیشدا هەندێک لە خاسیەتەکانی ژانرە کۆنەکانی تێدا دەمێنێتەوە ))(عەبدولوەهاب، 2015، ل 30 ) ئەمەش هاوشێوەی ئەو بۆچوونەیە، کە( د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ) دەربارەی سەرهەڵدان و گەشەکردن و پاشان خاوبوونەوە و کاڵبوونەوی ژانرەکان دەیخاتە ڕوو، کە دەڵێت : ((چەشنە ئەدەبییەکان بە ئاراستەی ئەو زاراوە ڕوسییەدا دەچن کە بە ( تەوژمی لەخۆوە Ruslovoi Potok) باسدەکرێتو وەک (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) دەڵێت:"ئاوێک دێتو بەناو لمدا دەڕوات، دەبێ بە دوو، سێ، چوار،...تاد، لە پڕ دووان یەک دەگرنەوە، یەکێ وشکدەکات، یەکێک بەردەوام دەبێت لە ڕۆیشتن"، بەم شێوەیەش چەشنە ئەدەبییەکان کە لە سەرەتادا لە شیعردا کۆبووبوونەوە خۆیان لە ئەدەبی داستانو شیعری لیریکییو ئەدەبی درامیدا دەبینییەوە، بەڵام دواجار بەو میتۆدەی سەرەوە ئەم هەموو جۆرەیان لێبۆتەوە ))(حسەین،2007،38-39).

**تەوەری دووەم: مێژووی ژانرە ئەدەبییەکان:**

هەرچەندە دیاریکردنی کاتێک بۆ سەرەتای جیاکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان کارێکی ئاسان نییە، بەڵام بێگومان بە گەڕانەوە بۆ نێو کتێبە بەنرخەکەی ئەرستۆ (هونەری شیعر) دەتوانین ئەو تایبەتمەندیانە ببینین، کە وەک جیاوازیی و خاسیەتی هەریەکێک لە جۆرەکانی ئەدەب لەلایەن ئەرستۆوە دیاری کراوە، کە لەوسەردەمەدا تەنها سێ چەشنی دیاری کردووە، کەئەمەش دەبێت بە سەرەتایترین شێواز یان هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی ژانرەکان لە یەکدی (( بۆ یەکەم جار( ئەرستۆ 322.پ.ز) ئەدەبی بەسەر سێ جۆر دابەش کردووە، (تراژیدیا، کۆمیدیا، داستان ) ئەم پۆلێنکردنەیش لە کتێبەکەی خۆی (هونەری شیعر ) باسکردووە،بە گوێرەی تیۆرەکەی ئەرستۆ هەرجۆرێکی ئەدەبی جیاوازە لە جۆرەکەی دیکە، هەر ژانرێک کۆمەڵێک ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە، کە لە ڕووی سروشت و بەهاوە جیاوازن لە یەکدی، بۆیە ئەرستۆ پێداگری لەوە کردووە نابێ جۆرەکانی ئەدەب تێکەڵی یەکتر بکرێن، بەڵکو دەبێت هەرجۆریک بەسەربەخۆی خۆی بمێنێتەوە، ئەم ڕێبازەیشی بە (پاکی جۆرەکان )ناسراوە.(ویلک – وارین، 1987،246).

بە بۆچوونی بەشێک لە توێژەرانی ئەدەب، مێژووی ژانرە ئەدەبییەکان هاوشانە لەگەڵ مێژووی ئەدەب، وەک ئاشکرایە سەرەتای بەرهەمی ئەدەبی بەپێی بۆچوونی زۆرینەی لێکۆڵەران بە شیعر دەستپێدەکا، کە ئەویش لەسەر بنەمای دابەشکارییەکەی ئەرستۆ بووە، بەم شێوەیە تا سەدەی حەڤدەهەم ئەم تیۆرەی ئەرستۆ بەردەوام بووە. بەڵام لەو مێژووە بەدواوە، واتا لەسەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەمەوە ئیدی وردە وردە گۆڕانکاری لە پۆلێنکردنی ژانرەکاندا ڕوویدا[1] زبەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەر دابەشکردنەکان، لەسەر شیعروەک تاکە ڕەگەزی ئەدەبی دەکران، لەبەرئەوەیە (( دابەشکردنە کۆنەکان تا سەدەی هەژدەیەم وابەستەی دابەشکردنی شیعرن، بەو ئاراستەیەی "ئەدەب" تا ئەو دەمە بە "شیعر" دەناسرا، هەر ئەمەش وادەکات کە پۆلێنکردنی چەشنە ئەدەبییەکان لە ئەرستۆوە تا بە برۆنتییرو هیگڵو ئیلیۆت دەگات، پۆلێنکردنی شیعرە نەک شیعرو پەخشان پێکەوە،(هیگڵ)یش شیعر بۆ دوو جۆری سەرەکیی کە (داستانو لیریکی)ن، دابەشدەکاتو لە لێکدانی ئەم دووانەش جۆری سێیەم دیاریدەکات کە (شیعری درامی)یە.

---

1- بڕوانە .فەرهاد پیربال ڕێبازە ئەدەبییەکان، 2004.هەولێر، دەزگای ئاراس.

که بۆ درامای کۆمیدییو تراژیدیی بەشی دەکاتو لە لێکدانی ئەم دوانەشەوە (درامای نوێ) پێکدەهێنێت. (ت. س. ئیلیۆت)یش شیعر بۆ لیریکییو داستان و دراما دابەشدەکات.)) (حسەین،2007،34-35)، چونکە هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەدەب وەک دیاردەیەک بۆ خەم ڕەوێنی وپیشاندانی هەست وسۆز و حەز و خولیای مرۆڤ، ئەدەب بووە بە ئاوێکی ڕوون کە مرۆڤ شێوە و ڕوخساری خۆی تێدا بینیوە، لەگەڵ گۆڕانی حەز و ئاواتی مرۆڤدا، گۆرانکاری لە شێوازی دەربڕین ی هەست و گوزارشتەکانی مرۆڤیشدا ڕوویدا، ئەمەش بوو بە هەوێنی لە دایکبونی ژانری نوێی ئەدەبی . لەبەر ئەوەیە، کە (( (برۆنتییر) پێی وایە وەک چۆن هیچ شتێک لەناو سروشتدا لەناو ناچێت، بەهەمان شێوەیش لەنێو ئەدەبدا هیچ شتێک لەناو ناچێت چونکە چەشنی ئەدەبیی وەک چەشنی بایۆلۆژیی وایە، دێتو گەشەدەکات و لەناودەچێت، بەڵام ئەم لەناوچوونە لەناوچوونی تەواونییە، بەڵکو ڕەگەزەکانی لەگەڵ چەشنی تردا بەردەوامدەبێتو دەمێنێتەوە بۆ ژانرێکی دیکەش دەگوازرێتەوە تێکەڵی ڕەگەزەکانی دیکە دەبێت و ئەمیش گەشەدەکات))(عزیز،2010،96). بێگومان ئەم ژانرە نوێیەش کە لەدایک دەبێت، تەواوکەری ژانری پێش خۆیەتی، مانەوەی ئەم ژانرەیش شتێکی گرنتی کراو نییە و ئەم شێوە نوێیەی ئەدەبیش، ئەگەری گۆڕانکاری هەیە،بەڵام ئەمەش بەتەواوی لە ناوناچێت بەڵکو دەبێتە جۆرێک لە کەرەستەی خاو بۆ سەرهەڵدانی ژانریکی نوێ کەتوانای وەڵامدانەوەی حەز و خولیاکانی هەبێت لە سەردەمێکی دیاری کراودا،ئەم بۆ چوونەی (برۆنتێر) بووبەسەرچاوە بۆ هاندانی شاعیران نووسەرانی دەقی ئەدەبی .

((لەلایەک ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە هەڵوەشاندنەوەی هزری نەگۆڕی و نەمری چوارچێوەی ژانرەئەدەبیەکان، لەلایەکی دیکەیشەوە سەرنجی توێژەرانی بۆ لێ وردبونەوەی ژانرە ئەدەبییەکان ڕاکێشا ))( ڕەشید، 2001، 33)ئەمەش وا لەشاعیر و نووسەری دەقی ئەدەبی دەکات، کە هەمیشە بەدوای چەشن نوێی ئەدەبی بگەڕێت بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیامەکەی، نەک تەنها خۆی لەچوارچێوەی قاڵبە کۆنەکانی ئەدەبدا بەند بکات، ئەم تێڕوانینە لە مەڕ سەرهەڵدان و گەشانەوە و پاشان پوکانەوەی ژانرە ئەدەبییەکان لای چەندین شارەزی دیکەی ئەدەبیش دەبینرێت لەوانەش (( سیمۆند پێی وایە کەژانرە ئەدەبییەکان بەهەندێک قۆناغدا تێدەپەڕن، لە قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤ لە پێگەیشتن و گەشەکردن و لەناوچوون نزیکە )) ( غفور،2015،63). (جەی. ئەی. کیدۆن) ژانر بە چەشن، یان پۆلێکی ئەدەبیی باسدەکاتو دەڵێت: (( ژانرە سەرەکییە کلاسیکییەکان بریتیبوون لە: داستان، تراژیدیا، لیریک، کۆمیدیاو ساتیر، لە ئێستاشدا ڕۆمانو کورتەچیرۆکیشیان بۆ زیادکراوە)). ((حسەین، 2007،32-33).

وەک دەبینرێت بە پێی گۆڕانی سەردەمەکان، گۆڕانکاری لە مێژووی ژانرەکاندا ڕووی داوە، بۆیە دەکرێت بڵێین مێژووی ژانرە ئەدەبییەکان بەپێی هەر سەردەمێک و بیروبۆچوونی هەر نووسەر و فەیلەسوفێک گۆڕان بەخۆیەوە دەبینێت . کە هەندیک جار دەگونجێت ژانری نزیک لەیەکتری لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەڵام لە ژێر ناو و ناونیشانی جیاوازدا ببینرێت.یاخود دوو ژانری وەک شیعر و چیرۆک کە لەڕووی ڕووخساری هونەرییەوە جیاوازییەکی زۆریان هەبووە لە سەرەتادا، بەڵام دواتر لەئەنجامی گۆڕانی خواست و خولیای خوێنەران ئەم جیاوازییە بەرەو کاڵبوونەوە چووە و شیعر و چیرۆک لەناو بۆتەی ژانرێکی نوێی ئەدەبییدا خۆیان بینیوەتەوە، ناوی لێنراوە (چیرۆکە شیعر)،کە توانای وەڵامدانەوە و تێرکردنی چەشەی ئەدەبی خوێنەری سەردەمی خۆیەتی،بۆیە دەوترێت مێژووی ژانری ئەدەبی هاوتەریبی مێژووی ئەدەبە،(( ژانری ئەدەبی جۆرە بەرهەمێکی ئەدەبییە، لە ڕەوتی مێژوویدا پەیدابووە و خەملاوە،لە ڕووی تیۆریەوە چەمکی ژانر ئەو سیما هاوبەشانە دەگرێتەوە، کە کەم تا زۆر تایبەتمەندی گروپێکی فراوانی بەرهەمی ئەدەبیی سەردەمی نەتەوەیەک یان ئەدەبی جیهانییە و دەشێ بوترێ زۆربەی ژانرەکان بەسەر جۆردا دابەش دەکرێن، ئەویش بەهۆی پرنسیبی هاوچەشن و تایبەتمەندیی وێنەیی و هونەری و جۆری بونیادەکەی لەلایەکی ترەوە، لەگەڵ هەموو سیما گشتییەکانی ژانریشدا لە ئەدەبی جیهانیدا، تایبەتمەندی و پرۆسەی مێژووی ئەدەبی هەرنەتەوەیەک دەوری لە چۆنێتی ئەو ژانرانەدا هەیە، کە سیمای ئەدەبی و نەتەویی هەر گەلێکن ))(حەمە ئەمین، 2014، 17-18).

کەواتە ئەگەر چاوێک بە مێژووی ژانرە ئەدەبییەکاندا بخشێنین دەبینین، لە گۆڕانی بەردەوامدایە،لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە یاخود لە قوتابخانەیەکی ئەدەبییەوە بۆ قوتابخانەیەکی دیکە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، چەشنە ئەدەبییەکان لەگەڵ گەشەکردنی مرۆڤایەتییدا گەشەیانکردووە، ئەم گەشەکردنە لەسەر یەک تەوەری دیاریکراو نەچۆتە پێشەوە، بەڵکو بە جۆرێک لە جۆرەکان گۆڕان بەسەر فۆڕم یان ناوەڕۆک، یان هەردووکیاندا هاتووە، دەتوانین گۆڕان لە گەشەی چەشنە ئەدەبییەکاندا دابەشبکەین بۆ گۆڕان لە ناوەڕۆکدا و مانەوەی فۆڕم وەکو خۆی، وەک لە شیعری ئەوروپیی نوێدا دەردەکەوێت، کە زانست ئاوێزانی دەقی ئەدەبیی دەبێت، یان هەواڵە شیعر دێتە ناو بەرهەمە شیعرییەکانەوە.

هەندێکجار گۆڕانکاری لە توخم و جۆری ژانرەکاندان بەدیدەکرێت، کە دوای ئەوەش دەتوانرێت سیمای ژانرە ڕەسەنەکەی تێدا ببینرێتەوە، بۆ نمونە هەر ئەو تراجیدیا و کۆمیدیایە لە سەرەتادا بە شیعر دەنوسرا دواتر بە شێوەی پەخشان دەنووسرا،یاخود شاعیران لە

ئەنجامی لێکدانی ئەم دوو ژانرە شێوازێکی نوێی شانۆنامەیان دەنووسی کە بە (تراجیکۆمیدی) ناسراوبوو، زادەی لێکدانی ئەو دوو ژانرە سەربەخۆیەبوو،هەروەها داستان کە لەسەرتادا بەشیعر دەنووسرا، دواتر بەشێوەی پەخشان دەنووسراو، پاشان لە ئەدەبیاتی سەردەمی ئێستادا داستان بەتەواوی بەرەو پووکانەوە و نەمان چووە، ڕەگەزەکانی خۆی لە نێو ڕۆماندا دەرخست.هەر لەبەر ئەوەیە (( ڕێنی ویلیک ) لە کتێبی "چەند چەمکێکی ڕەخنەیی" دا، دەڵێت لەم چەرخەی ئێمەدا تیۆری ژانە ئەدەبییەکان شوێنێکی گرنگ لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا داگیرناکات، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جیاکردنەوەی نێوان ژانرەکان بایەخێکی ئەو تۆی نەماوە،ئەمڕۆ هەر نووسەرێک بە ئاسانی دەتوانێت سنوری نێوان ژانرە ئەدەبییەکان ببڕێت و لە ژانرێکەوە بپەڕێتەوە بۆ ژانرێکی دیکە،ئەمڕۆ ژانرەکان تێکەڵی یەکدی دەبن، ژانری بەسەرچوو و ڕەگەزی کۆن جێدەهێڵرێت و بەکەڵکی ئەمڕۆ نایەت یان بڵێین تێکستێک دادەهێنرێت مومکینە هەموو ژانرەکان لەخۆ بگرێت ))(ئەسوەد، 2011، 44) .

واتە سەردەمی کۆت و بەندکردنی شاعیر بە ژانرێکی تایبەتەوە نەماوە.بەڵکو مەودایەکی فراوان لەبەردەمی شاعیر و نووسەرانی دەقی ئەدەبیدا کراوەتەوە بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان بە وەرگر، بەڵام ئەوەش کاتێک دەبێت کە چەشەی ئەدەبی لەبیر نەکرێت.

## تەوەری سێیەم : چیرۆکەشیعر وەک  ژانرێکی ئاوێتە:

چیرۆکەشیعر وەک زاراوە  پێکهاتووە لەناوی دوو ژانری سەربەخۆ (چیرۆک + ە+ شیعر ) کە  لە زمانی کوردیدا هەندێکجار وشەی (شیعری چیرۆکئامێز)یشی، پێدەوترێت،واتە شیعرێک کە چیرۆکی لەئامێز گرتبێت، یاخود شیعرێک کە ئامێزی ئاوەڵابێت بۆ چیرۆک. کە لە زمانی عەرەبیشدا هەردوو زاراوەی (قصیدە راوی القصص – قصە شعریە) بۆ بەکاردەهێنرێت، کە هاوشانی زاراوە کوردییەکانە. هەروەها لە زمانی ئیگلیزیشدا زاراوەی (Poetry Story) بۆ بەکاردێت کەئەویش بە هەمان شێوە لە هەردوو وشەی (شیعر و چیرۆک) پێکهاتووە،بە بۆچوونی ئەنوەر قادر)(( بەکارهێنانی زراوەی (بالاد) گونجاوە بۆ (چیرۆکەشیعر)وەک یەکێک لەو  ژانرە ئەدەبییانەی گێرانەوەی تیدا زاڵە))(محەمەد،2021،دیدار).

ئەم زاراوانە بەکاردەهێنرێت لەبەرامبەر بە دەقێکی دیاری کراوی ئەدەبی، کە خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیەتی، کە  لە نێو ئەو تایبەتمەندیانەدا بە ڕوونی بەشێک لە بنەماکانی شیعر و بەشێکی دیکە لە بنەماکانی چیرۆک بەدیدەکرێت. (( ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆی خاوەنی کەسایەتی و خەسڵەتی خۆیەتی، تیایدا چیرۆکێک بە شیعر  دەگێردرێتەوە،دەبێت مەبەستی ئاشکرای شیعرەکە گێڕانەوەی چیرۆک بێت.))(امین2012،93) .

واتا لە کورترین پێناسەدا بۆ ئەم ژانرە ئەوەیە، کە هەر لە ناوی ژانرەکەوە پێناسەی ژانرەکە خۆی هەستپێدەکرێت، کە بریتییە لە شیعرێک کە لە هەناوی خۆیدا چیرۆکێکی هەڵگرتووە، واتا بابەتە سەرەکیەکە شیعرەکەیە بەڵام لە هزری خوێنەردا وەک چیرۆک ڕەنگدانەوەی هەیە دەمێنێتەوە، یان دەکرێت بڵێین چیرۆکێکە بە شیعر دەنووسرێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەربەخۆیی خۆی پاراستووە. چەندین پێناسە بۆئەم ژانرە نوێیە کراوە (( لەئەنجامی نزیکی و چوونە ناویەکی ژانرەکان لەئەدەبیاتی نوێ و قۆناغێکی تردا، جۆرێکی تر لە ژانر سەرهەڵدەدات،ئەویش شیعری چیرۆکئامێز یان چیرۆکەشیعرە، کە ڕەگی لەئەدەبیاتی کۆنی زۆربەی میللەتاندا هەیە،لە شێوە و قاڵبی شیعری نوێ و پەخشانئامێزیشدا بەشێکی دیار و جێگەی خۆی گرتووە))(حەمە ئەمین، 2014، 40).

واتە ئەگەر بەم شێوە تایبەتمەند و جیاکراوەیش نەبێت ئەوە لە نێوئەدەبی میللی زۆربەی میللەتاندا چیرۆکەشیعر هەبووە،سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم ژانرە وەک زۆر جۆری دیکەی ئەدەبی دەگەڕێتەوە بۆلای یۆنانییەکان کە تایبەتمەندیکانی ئەم ژانرە لە بەرهەمەکانیاندا دەستنیشانکراوە، کە هەردوو ژانری چیرۆک و شیعر تێکەڵ بەیەک دەبن، هەردوو توخمەکانی

چیرۆک و شیعر لە ژانری چیرۆکەشیعر دەبینرێت. ئەم ژانرەئەدەبییە مێژووی کۆنی هەیە،بۆ نمونە یۆنانیەکان داستانە ئەدەبیەکانی خۆیان بە شیعر نووسیوە لەوانە (ئەلیادە و ئۆدیسا)ی هۆمیرۆسن، لای ڕۆمانیەکانیش داستانی (ئەنیادە) ی ڤیرجل بە شیعر نووسراوە دواتر لەنێو گەلانی دیکەی جیهان وگەلانی ڕۆژهەڵاتدا ئەم ژانرە ئەدەبییە سەریهەڵدا و لەنێو میللەتی کوردیشدا شیعرئاویزانی چیرۆک کرا و بەرهەمێکی نوێی لێ پێکهێناوە، چونکە هەمیشە چیرۆک میوانی دیوەخان و کۆڕوکۆبوونەوەکانی سەردەمانی کۆن بووە، چیرۆکێک کە هەم پەندئامێز و ڕێنیشاندەر بووە،بۆ ئەوەیشی زیاتر کاریگەری لەسەر گوێگرانی دابنێت زۆرجار بە شێوەی شیعر وتراوە.

کەواتە بۆ نووسینی چیرۆکەشیعر زۆرگرنگە شاعیر پەی بە هەموو خاڵە جەوهەرییەکانی نووسینی دەقێکی شیعریی ببات، بۆئەوەی خوێنەر هەم چێژ لە خوێندنەوەکەی وەربگرێت و هەم پەیامی شاعیریش وەرگرێت و کاریگەری لەسەر جێبهێڵێت. (د.مارف خەزنەدار)لەبارەی (چیرۆکە شیعر) لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەڵێت ((  لە مێژووی ئەدەبی نەتەوەکانی سەر ڕووی زەوی گەلێ بەرهەمی ئەدەبی هەیە،بەتایبەتی (چیرۆکەشیعر ) لە کۆنی کۆنەوە بووە بە بابەتی گێتی شێعری ئەو نەتەوانە، بەم جۆرە ئەگەر ئێمە شانازی بەوە بکەین چیرۆکی شیعری هونەرێکی باو و لە ڕووە لە ئەدەبی کوردیدا، بۆمان هەیە (مەم و زین) لەڕیزی پێشەوە دابنێین،  یا بە مەزنترین چیرۆکی شیعری بژمێرین، لەسەرانسەری مێژووی ئەدەبی کوردیدا ))( خەزنەدار، 372،2002) واتە میللەتی کورد و ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی هێندە دەوڵەمەندە کە خاوەنی هەموو ژانرە ئەدەبیەکانە و لە نێویشیاندا چیرۆکەشیعر.ئەگەرچی شاعیرەکان خۆیان جیایان نەکردبێتەوە،بەڵام بەهۆی لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی ڕەگەزەکانی چیرۆکەشیعرەوە، دەتوانرێت دەیان نمونەی چیرۆکەشیعر لە ئەدەبیای کلاسیکی کئردیدا،دەستنیشان بکرێت.ئەوەش بە هۆی پێشکەوتن و گۆڕان بووە لە فۆڕم و ناوەڕۆکی ژانرە ئەدەبییاکاندا. (( ڕەهەند و ئاستە هەمەجۆرەکانی ژیانی مرۆڤایەتی،بە درێژایی قۆناغە جیاجیاکانی مرۆڤایەتیدا گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە،ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە خێرایەی تەکنەلۆجیاش هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە ئەدەب وهونەریش بێبەش نین لەم گۆڕانکاری و پێشکەوتنە، دەبینین بەهۆی پێشکەوتنە چەند ژانرێکی ئەدەبیش هاتووەتە کایەوە.)) ( عومەر، 2016، 48) کەواتە ئەم ژانرە هەرچەندە گۆڕانی ڕیشەیی بەسەر فۆڕمەکەیدا هاتووە، کە ئەوەش بە تایبەت بۆ سود وەرگرتن لە شێوازی گێڕانەوە دەگەڕێتەوە،کە شاعیرن بە هۆیەوە توانیویانە ڕەگەزەکانی چیرۆک وشیعر لێکبدەن و لە بۆتەی ژانرێکی نوێدا دایبڕێژنەوە. ((بێگومان فۆرمی گێڕانەوەیی هەر کام لە شکڵ و شێوازەکانی

گێڕانەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ نموونە گێڕانەوەی شیعریی لەگەڵ گێڕانەوەی چیرۆکیی جیاوازە ئەگەرچی خاوەنی تایبەتمەندی هاوبەشیش بن بەڵام لە قۆناغێکدا ئەو هاوبەشێتییە بە پاڵپشتی داهێنانی ئەدەبی تێک دەئاڵێن و فۆرمێکیتری تازەی گێڕانەوە لەدایک دەبێت))(قادری،٢٠٢٠)،واتە چیرۆکەشیعر هەرچەندە لە فۆڕمدا ژانرێکی نوێیە، بەڵام وەک بنەما سەرەکییەکانی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەدەبی نووسراوی کوردی، ئەم ژانرە توانیویەتی جێگەی خۆی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا بکاتەوە چونکە بابەتەکانی بوونەتە جێگەی ڕەزامەندی و دڵخوازی گوێگران بووە، لەبەر ئەوە زۆر چیرۆکی گوێ ئاگردان پاش بڵاوبونەوەیان لە نێو خەڵکیدا لەلایەن کەسانێکی خاوەن سەلیقە و بەهرەی شیعرییەوە، لەشێوەی شیعری سەرواداردا دڕێژراونەتەوە.((لە ئێستادا، چیرۆکەشیعر وەکو جۆرێکی جیاوازی ئەدەبی دەنووسرێت و دەناسرێت. چیرۆکە شیعر، بەشێکە لە ئەدەب بە گشتی. چیرۆکەشیعر دوو هونەرن لە هونەرێکدان. لە هەمان کاتدا شیعرە و چیرۆکیشە. لە رووخساردا شیعرە و لە ناوەڕۆکیشدا چیرۆکە. بنەما و پێویستە سەرەکییەکانی شیعر و چیرۆکیشی تێدایە. وەکو چیرۆک بریتییە لە: پێشەکی، رووداو، فۆرم، ناوەڕۆک، گرێ، کۆتایی. وەکو شیعریش بریتییە لە: جوانی زمان، شێوازی هونەری هۆنینەوە، کێش و سەروا، لە ترپە و موزیک. هەمووشیان پێکەوە چیرۆکێک دەگێڕنەوە، بە زۆریش چیرۆکێکی ئەندێشەیی زیاتر لەوەی کە چیرۆکێکی ریالیزمی بێت. ئەمەش بە نەنگی نازانرێت، سروشتییە کە شاعیران پشت بە خەیاڵ ببەستن، دەشێ شاعیرێک لە تاقیکردنەوەیەکی خەیاڵیدا هونەرێکی تەواو بنیاتبنێ و بڕازێنێتەوە.کە وابێ ئێمە لە چیرۆکەشیعردا چی دەخوێنینەوە، شیعر یا چیرۆک؟ بێ ئەوەی نوقمی بیرکردنەوە ببین، دەبینین کە ناوەکەی وەڵامەکەی لەخۆ گرتووە، شیعرە و چیرۆکیشە))(شوان،2019) پاشان ئەم جۆرە لە شیعر لە نێو ئەدەبی کوردیدا زیاتر گەشەی سەند، ئەوەش پەیوەست بوو بە دەرکەوتن و گەشەسەندنی چاپخانەکان لە کوردستان دەقی ئەدەبیش گەشەی سەند و لە نێویشدا دەقی چیرۆکەشیعر بەهەمان شێوە گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی .بۆ نمونە گۆڤاری (هەتاو 1954-1960) لە ( هەولێر ) دەرچووە. تێیدا (21) چیرۆکەشیعر بڵاوکراوەتەوە[1].کە ئەو ژمارە زۆرە لە چیرۆکەشیعر ئاماژەیە بە گرنگیدانی چیرۆکنووسان و شاعیرانی ئەوسەردەمە بە ئەم شێوازە لە شیعر، کە بێگومان گۆڤاری( هەتاو)تەنها وەک نمونەیەک وەرگیراوە، بۆ ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لەو سەردەمەدا دەرچوون، واتە ئەم جۆرە شیعرە جگەلە گۆڤاری ( هەتاو) لە نێو زۆرینەی گۆڤار

[1]- (بڕوانە نامەی ماستەری عبدالصمد قادر غفور، 2015، ژانرەکانی ئەدەب لە گۆڤاری هەتاودا، هەولێر، ،زانکۆی سەلاحەددین).

وبڵاوکراوەکانی دوای پەیدابوونی چاپخانە و دەرچوونی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا گرنگی تەواوی پێدەدار،هەندیکجار شاعیران سودیان لە فۆلکلۆری کوردی بینیوە بۆ نووسینی چیرۆکەشیعر،بەشێک لە شاعیرانیش چیرۆکەشیعریان لە زمانەکانی دیکەوە، بە تایبەتی (عەرەبی و ئینگلیزی) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.((لە فۆلکلۆری دەوڵەمەند و ڕەنگینی کوردیماندا، بە دەیان چیرۆک و چیرۆکەشیعری خەیاڵئامێز و بە دەیان داستان و ئەفسانەمان هەن، کە بە چیرۆکە شیعر هۆنراونەتەوە، مۆرک و ڕەسەنایەتی کوردییان پێوە دیارن بەشێکن لە ئەدەبی گەلی کوردمان.گەلێ لە شاعیرانی کۆن و نوێی ناسراوشیمان، چیرۆکەشیعری جوانیان بۆ مندالانی کوردمان نووسیون.. یا بە تام و چێژێکی کوردییەوە کۆمەڵێک چیرۆکەشیعری بیانیان وەرگێڕاون بۆ سەر زمانی کوردیمان.. لەوانەش: (پیرەمێرد)ی نەمر کە چیرۆکەشیعری (قەلەباچکە و باخەوان، ڕێوی و کەڵەشێری)ی لە عەرەبییەوە وەرگێراوە بۆ سەر زمانی کوردیمان. (فایق بێکەس) چیرۆکەشیعری (دوو کۆتر و بۆقێک، یا دوو مراوی و کیسەڵێک، دوو پشیلە و مەیموونێک)، (هەژار موکریانی) چیرۆکەشیعری (کۆبوونەوەی مشکان)، (کاکەی فەللاح) یش چیرۆکەشیعری (شێری ساختە) وەرگێڕاون بۆ سەر زمانی کوردی))(شوان،٢٠١٩)،ئەوەش بووە هۆی ئەوەی زانینی گرنگی و بایەخی ئەم ژانرەوەیە.ئەم سەرەتا بەهێزە بوو بە هۆی ئەوەی کە، لە دوایدا و پاش دەرکەوتنی ( گروپی ڕوانگە ) ئەم ژانرە زیاتر پەرەبسێنێت، (( دوای ڕوانگە بەتایبەتی سالانی هەشتاکان، شیعر زیاتر زەمینەیەکی نوێتری بەخۆوە بینی، ڕەستەی هونەری نوێی بەخشییە شیعر، مۆرکێکی سەردەمیانەی گرتەخۆ، ئەویش ژانری (چیرۆکەشیعر ) بوو ))(محمد،1436 ە، 959). واتە شانبەشانی گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیەکان ئەدەبیش لە گۆڕان و خۆ نوێکردنەوەدا بووە ئەوەش بووە بەهۆی سەرهەڵدانی ژانری نوێی ئەدەبیی وەک چیرۆکە شیعر.

ئەنوەر قادریش وەک شاعیرێکی هاوچەرخی ئەدەبی کوردی سودی لە ژانەرە وەرگرتووە، لە دیوانە شیعرەکەیدا بە ئاشکرا بەدی دەکرێت،ئێمەش لەم توێژینەوەدا بەشێک لەو چیرۆکە شیعرانە دەخەینە ڕوو.بەڵام پێویستە ئەوە بزانرێت کە بۆچی شاعیر چیرۆکەشیعری نووسیووە.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئاوێتەکردنی ژانرەکانی ئەدەب، لەلایەن (ئەنوەر قادر)ەوە،بۆ گەیاندنی مەبەستی شاعیر دەگەڕێتەوە، کە ڕەنگە بەهۆی بارودۆخێکی تایبەتەوە بووە،کە شاعیر دەیتوانی سوود لە فراوانی تایبەتمەندی هەریەکێک لە ژانرەکان ببینێت،(ئەنوەر قادر)لەم

بارەیەوە دەڵێت: ((زۆربەی کات کە ئازادیی نامێنێت و ترس و تۆقاندن لە وڵاتێکدا بڵاودەکرێتەوە،تەنانەت وشە دەپشکنرێت، هەمووی دەترنجێتە ناخی دەروون و لەو دۆزەخەوە دەنگ و ڕەنگ بە هاوئاهەنگی و گونجانەوە لە ئاوازیکدا، تابلۆیەکدا، شیعرێک، چیرۆک و ڕۆمان و دێتەوەکایەوە و دەبێتە مینبەری خەم و ئازار و ئومێدی خەڵک))(گۆڤاری هەنار،٢٠١٣،٩٥).ڕەنگە یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی پەنابردنی شاعیر بۆ چیرۆکەشعر ئەوەبێت، کە پانتاییەکی فراوانتر بۆ شاعیر فەراهەم دەکات بۆ خستنەڕووی خەیاڵ و ئەندێشە.(( ئەگەر لام وابووبێ دەتوانم لە بابەتێکدا باشتر لە بابەتێکی دی تەعبیر لە خۆم بکەم، یان با خزمەتی زیاتر بکەم ڕوومکردۆتەوە ئەو بابەتە، ڕەنگە پاشەکشەی شیعرییش بەشێک بێ لەم ستراتیجە))( گۆڤاری هەنار،٢٠١٣،٩٥).واتە شاعیر کۆی پەیامی ئەدەبی خۆی بۆ خزمەتی زیاتری گەل و نیشتیمانەکەی تەرخان کردووە،ئیدی گەیاندنی ئەم پەیامە لە ڕێگەی هەر ژانەرێکی ئەدەبییەوە بێت ئاساییە.ڕەنگە باشترین ژانەریش (چیرۆکەشیعر) بێت، کە دەتوانین بە چەند تایبەتمەندییەک لە ژانرەکانی دیکەی جیا بکەینەوە، لەوانەیش :

١- چیرۆکە شیعر وەک شیعری ئاسایی خاڵی نییە لە هەست و سۆز،خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیر، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا پانتاییەکی فراونتر لە شیعری ئاسایی بۆ شاعیر فەراهەم دەکات لە گەیاندنی پەیامەکەی، واتە شاعیر لە ڕێگەی ڕەگەزەکانی چیرۆکەوە مەبەستی خۆیی بە ئازادانەتر و کراوەتر مامەڵە لەگەڵ دەقەکەدا دەکات.

٢- چیرۆکەشیعر ئەگەر سەرجەم رەگەزەکانی چیرۆکیش لە نێو هەناوی خۆیدا هەڵنەگرێت ئەوا لایەنی کەم ، چەندین ڕەگەزیان بەکار دەهێنێت.بەڵام چیرۆکە شیعری باشتر ئەوەیە کە شاعیر هەوڵبدات زۆربەی ڕەگەزەکانی چیرۆک وەک ( دیالۆگ،مۆنۆلۆگ، فلاشباک، کات، کەس، ڕووداو، شوێن، تێم، پلۆت)ی تێدابێت.

٣-چیرۆکە شیعر وەک چۆن ڕەگەزەکانی چیرۆکی تێدایە،بەڵام رەگەزە سەرەکییەکانی شیعر خۆی لە بیر ناکات.واتە چیرۆکەشیعر وەک شیعرێکی ئاسایی خاوەنی زمانی شیعریی و وێنەی شیعریی تێدا باڵادەستم.

٤- گێڕانەوە یەکیکە لە تایبەتمەندیی سەرەکییەکانی چیرۆک، لە چیرۆکەشیعریشدا ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە بینای سەرەکەی دەقی چیرۆکە شیعردا.کە ئەوە کەمتر بۆ شیعر دەستدەدات.

٥- بێگومان سەرجەم ئەو ڕەگەزانەیتر بە هاوشانی ڕەگەزی وەسف دەتوانن، چیرۆکەشیعرێکی هونەری چێژبەخش پێکبهێنن.چونکە وەسف چۆن لە شیعردا پایەی سەرەکییە بەهەمان شێوە

له چیرۆکەشیعریشدا، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت له بەخشینی سیمایەکی ئیستاتیکی به دەقی چیرۆکەشیعرەکە.

٦- ئامانجی له پێشینەی شاعیران،چێژبەخشین و گەیاندنی پەیامی شاعیره له ڕێگەی دەقەکەیەوە.لەبەر ئەوە دەبینین له چیرۆکه شیعردا شاعیر هەوڵ دەدات،هەم ئەو چێژەی له شیعردا هەیه، لەگەڵ ئەو پەیامەی چیرۆکنووسان دەیانەوێت بیگەیەنن.له یەک ژانردا جێگه بکاتەوه، که ئەویش چیرۆکەشیعرە.واته چیرۆکەشیعر هەم چێژی ئەدەبی لەبیر ناکات و هەم پەیامەکەی به خوینەر دەگەیەنێت.وەک لەم نمونانەی خوارەوەدا دەیبینین ،شاعیر پەنای بۆ چیرۆکه شیعر بردووە،بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی.

## بەشی سێیەم: ئیستاتیکای وەسف لە چیرۆکەشیعرەکانی ئەنوەر قادر محەمەددا

### تەوەری یەکەم :کورتەیەک لە ژیان و ئەزموونی شیعری ئەنوەر قادر محەمەددا

### تەوەری دەووەم : وەسفی ڕەگەزەکانی (کەسێتی ـ شوێن) لە چیرۆکەشیعری ( داستانی ئەڤینی سێوەخان )

### تەوەری سێیەم : ئیستاتیکای وەسف لە ڕەگەزە هونەرییەکانی (گێڕانەوە، دیالۆگ ـ مۆنۆلۆگ ـ فلاشباک)، لە چەند چیرۆکەشیعرێکی ئەنوەر قادرمحەمەددا.

### تەوەری چوارەم: ڕۆڵی ئیستاتیکای وەسف لە بونیادی وێنەی شیعریی وزمانی شیعریی لە چیرۆکەشیعرەکانی ئەنوەر قادر

## بەشی سێیەم: ئیستاتیکای وەسف لە چیرۆکەشیعرەکانی ئەنوەر قادر محەمەددا

### تەوەری یەکەم :کورتەیەک لە ژیان و ئەزموونی شیعری ئەنوەر قادر محەمەد:

– من لە تۆماری ڕەسمیدا نووسراوە، کە ١٩٤٧//٧/١ لە دایکبووم،بەڵام باوکم مێژووی لە دایکبوونمی بە ساڵی کۆچی نووسیوە،کە ئەمەیە( ڕۆژی دووشەممە،٢٣ی مانگی شەوال، ساڵی ١٣٣٦) کە دەکاتە (١٩٤٧/١٠/١١) هاتومەتە دنیا.

قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە (عەربەت، سلێمانی، قەڵادزێ، هەڵەبجە )تەواو کردوە.

- ١٩٧٠/١٩٦٩ چوومەتە زانکۆی بەغداد کۆلیجی ئاداب و ١٩٧٣/١٩٧٢ تەواوم کردووە.
- مانگی ١١ ی ١٩٧٨ بە ڕێگای ناحوکمی چووم بۆ خوێندن بۆ سۆڤییەت.مانگی ١٩٨٠/١١ لە زانکۆی لینینگراد- کۆلێجی ڕۆژنامەنووسی ماجستێرم هێنا.ناونیشانی نامەکەم ئەمە بوو: دەوری ڕۆژنامەی کوردستان(١٨٩٨٩-١٩٠٢)لە گەشەپێدانی کولتووری کورددا.
- مانگی ١٩٨١/٩ بووم بە قوتابیی دکتۆرا لە ئینستیتووتی ڕۆژهەڵاتناسیی لینین گراندی سەر بە ئەکادیمیای زانستیی سۆڤییەت و ١٩٨٦/٦/٥ لە ئەنجومەنی زانستیی کۆلێجی ڕۆژهەڵاتیی زانکۆی لینینگراد داکۆکیم لە نامەکەم کرد،نامەکەم دەربارەی (لیریکای شاعیری کوردی سەدەی نۆزدەیەم مەولەوی – بە دیالێکتی کوردیی گۆرانیی"هەورامی")

**خزمەتی لە بواری ئەکادیمیی و ڕۆشنبیری و فەرهەنگی دا ...**

- لەبەر ئەوەی توانای گەڕانەوەم بۆ وڵات نەبوو،ساڵی ١٩٨٧ چوومە سوید و بووم بە پەنابەر لەوێ.
- ٨ ساڵ مامۆستای زمانی کوردی بووم، لە ستۆکهۆڵم .
- هاوینی ٢٠٠٤ گەڕامەوە نیشتیمان و لە (٢٠٠٤/١١/١)ەوە،ت ٢٠١٧/٧/١ لە بەشی کوردیی کۆلێجی زمان مامۆستا بووم و پلەی زانستیم بوو بە پڕۆفیسۆر.
- لە ساڵی ١٩٧٠ وە دەستم بە نووسین و بڵاوکردنەوەی شیعر و وەرگێڕان لە چاپەمەنییە کوردی وعەرەبییەکاندا کردووە.

- له هەندەرانیش سالانی ١٩٩٢-١٩٩٣ سەرنووسەری گۆڤاری " ڕووناکبیری " بووم له ستۆکهۆلم (٤) ژمارەی لێ دەرچوو.
- جگە له دیوانه شیعری (زریان، زایەڵە، زنار، نسار).شاعیر زیاد له (٢٠) کتێبی دیکەی چاپکراوە. که بەشێکی زۆریان وەرگێڕانی توێژینەوەی ئەدەبی به تەنها یاخود به هاوبەشی لەگەڵ وەرگێڕانەکانی دیکه بووە، لەگەڵ هەندێک بەرهەمی دیکەی ئەکادیمیی شاعیر خۆیەی.(دیدار لەگەڵ شاعیر: ٢٠٢١)

ئەنوەر قادر محەمەد، به شاعیری قۆناغی دوای سەرهەڵدانی ڕوانگه دادەنرێت،توانیویەتی بۆخۆی خاوەنی شێوازی نووسین وستایلێکی تایبەتی شیعریی خۆیبێت، بێگومان ئەمیش به دەر نەبووە له کاریگەری شاعیرانی پێش خۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی داهێنانی ناوەڕۆکێکی تایبەت و نوێکردنەوەی فۆڕمی شیعری سەردەمی دوای ڕوانگەیە، وەک دەبینین یەکەمین دیوانی له ساڵی( 1978 ) له بەغدا لەلایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە بۆ چاپکراوە.بەناوی (زریان ) .

– دواتر له هەمان ساڵدا چاپی دووەمی ئەم دیوانه بەچاپ دەگەیەنێت له (مەهاباد).بەم جۆرە کاروانی شیعری ئەم شاعیرە بێدەنگه بەهێمنی و کپی وەک کەسێتی خۆی لەسەرخۆ و ڕەوان دەستپێدەکات. لەدوای تێکچونی دۆخی ڕامیاری له عێراق و کوردستان ڕوو لەئێران دەکات و پاشان له سوید بەرهەمێکی دیکەی شیعر بەناوی ( زایەڵە) له ساڵی (1988) بەچاپ دەگەیەنێت . دوای گەڕانەوەی بۆ نیشتیمان له ساڵی( 2004) بەرهەمێکی دیکه بەناوی (زنار)دەنووسێت لەسلێمانی چاپی دەکات.

– ئەم شاعیرە بەردەوام بووە له پێشکەش کردنی شیعری جوان و قوڵ و پڕ واتا تا لەساڵی(2018) بەرهەمێکی دیکەی بەچاپ گەیاندووە بەناوی (نسار ).[1] شاعیر خۆی دەرباری ئەم کاروانه شیعریەی به گەشتی تەمەنی خۆی دادەنێت و دەڵێت ("ئەم شیعرانه زادەی ئەزموونی زیاد له نیو سەدەن، هەر له ؛ زریان؛ ی هەڕەتی لاوی و بەردەوامیی ؛زایەڵە؛ و ؛

---

1- له دیدارێکی لەگەڵ(ئەنوەر قادرمحەمەد) تایبەت به ئەزموونی شاعیر بەشێک لەم زانیاریانه وەرگیراوە،له (28-1-2021) له سلێمانی.

زنار ؛ی ڕۆژانی غەریبییەوە،تا دەگەنە کەناری ؛ نسار؛ ی لانەواز و پڕ لە هەراوهوریای تەمەن .شیعری هەڵقوڵاوی دڵ و دەروونی ڕۆڵەیەکی خەم و ئاواتی کوردانە و مرۆڤانە [1].

-- بەڵام نووسینی شیعر لای ئەنوەر قادر بۆسەرەتا حەفتاکان دەگەڕێتەوە، واتە چەند ساڵێک پێش چاپکردنی یەکەم بەرهەمی شیعری بەناوی ( زریان)وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات لەنووسینەوەی ئەزمونەکانی خۆیدا (( ئەوەبوو لە هاوینی 1971 لە ؛ هاوکاری ؛ دا و دوای ئەم هەیت و هوت ومەشق و ڕاهێنان و بردنە،شیعرێکی درێژم بەناوی ( گۆرانی یاخی ژمارە؟! ) بڵاو کردەوە،ئەو ڕۆژگارە هەمووکەس باسی یاخیبوونی دەکرد... هاوینی 1970 هەندێ شیعرم دابوو بە شاعیری ناسراو (ع.ح.ب)و دوای بڵاوبوونەوەی ئەو شیعرە باسمکرد،ڕاستیەکەی ئەمجارەیان لەلاپەڕەیەکدا هەڵسەنگاندنێکی زۆر ئەرێنی و مایەی شادیی شیعرەکان کردبوو، هاندەرێکی باش بوون بۆ بەردەوامبوون لەنووسین و کۆڵنەدان))(محەمەد،2016،17-18) .

-- ئیدی لە دوای ئەوهەوڵە بەراییانەوە، کانیاو شیعری ئەنوەر قادر بەنێو دەشت ونشێو و چیا و هەورازی ژیانیدا پێ بە پێی شاعیر هەنگاوی ناوە، شیعرەکانی بوون بە دەربڕینی حاڵوگوزەرانی شاعیر، ئەنوەر قادری شاعیر بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیای زێدی لەدایک بوون و بە سەربردنی ساڵەکانی تەمەنی منداڵی و لاوێتی خۆی لە شار و شارۆچکەکانی وەک ( دەربەندیخان و هەڵەبجە و عەربەت و سلێمانی ) بەهۆی خوێندنی سەرەتای و ناوەندی و ئامادەییەوە، پاشانیش لە ساڵی (1969-1970) بۆ خوێندنی زانکۆ ڕوو لە (بەغداد)دەکات دواتریش لە ساڵی (1978) دەچێتە یەکێتی سۆڤیەت بۆ خوێندن،بەڵام چوونی بۆ بەغداد و خوێندنی زانکۆ دەبێت بە وێستگەیەکی گەورە لە گۆڕانی ژیانی و دەرکەوتنی توانا شیعریەکانی، ئەوەش بە هۆیەکی تایبەت بووە، شاعیر خۆی لە نووسینەوەی یاداشتێکیدا ئاماژەی پێدەدا. (( لایەنێکی تر هێورکەرەوە و خۆشی هێن، کچێکی گروپەکەمان بوو، زۆر بە دڵم بوو، هەرچەند دەمزانی لەبەر هەندێک هۆ دوای تراویلکە کەوتنە، بەڵام تەزویەکی سەیری دەدا بەهەست و نەستم،لەگەڵ ئەوەشدا هیچ داهاتوویەک بۆ ئەو هەستەی من نەبوو،وەک لە دیدارێکدا وتومە، کەسێک بیەوەێ دەتوانێ، باڵا و سیمای ئەو لە گەلێ لە شیعرەکانی ؛ زریان؛ دا ببینێ،ڕەنگە هەر ئەو نائومێدیەیش ئاگری نووسینی زیاتر لام خۆشکردبێ،...هەر ئەو هەست

1- لەسەر بەرگی دیوانی( زریان،زایاڵە،زنار،نسار)چاپی (٢٠١٨) ئەم چەند دێڕە نووسراوە

و سۆزەیە لەباتی چێژی ڕۆژانەی دنیایی،بەهایەکی هونەریی دێتە کایەوە ))
(محەمەد،16،2016).

-- واتە ئەگەر بە وردی مشتومالّی ئەو بەرهەم شیعریانە بکەین، ڕەنگە زۆر چیرۆکمان بەرچاوبکەوێت کە لە ژێر پەردەی شیعردا خۆی حەشارداوە، ئەوەش بۆ ئاوێزانکردنی هەستی شاعیر بووە لە دەقێکی شیعریدا، سەرچاوەکەی چیرۆکێکی باسنەکراوە یاخود چیرۆکێکە کەشاعیر ناوی کەسایەتی یاخود شوێن و کاتی ڕووداوەکانی گۆڕیوە و لە ژێر ماسکی ناوی کەسێتییەکی دیکەدا ئەو چیرۆکە بۆ ئێمە باس دەکات، (( گرنگی شوێنی ئەزموونی شیعری ئەنوەر قادر،لە جوگرافیای شیعری نوێی کوردیدا،ئەو گەڕانەوە مەودا قووڵەیە،بۆ نێو ڕابردوو بەگشتی و ڕابردووی جومگە و پنتە دیارەکانی نێو مێژووی نەتەوەکەی بەتایبەتی،لەو میانەیشدا گەڕانەوە بۆ تەسەوف ئەفسانە و هێماکانی ڕابردوو،لەگەڵ هەوڵدان بۆ پەیوەستکردنەوەی کورد بە پانتاییەکی ڕۆحی ئەوتۆوە، دەشیا و ئەگەری ئەوە هەبوو لەو ڕوانگەیەوە کورد پرۆژەی زیندووکردنەوەی کەسێتیی تێکشکاوی خۆی بنیاد بنایە))(قەرەداخی، 122،2013 )لێرەوە ئاشنا دەبین بە ئەزموونێکی نوێ بە چەند چیرۆکەشیعرێک لە دیوانەکەی ئەنوەر قادر، هەڵگری ڕەگەزەکانی چیرۆکە،لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەڕەگەزەکان وهێنانەوەی نمونەی شیعری پەیوەست پێیەوە دەکەین.

**تەوەری دەووەم : وەسفی ڕەگەزەکانی (کەسێتی ـ شوێن) لە چیرۆکەشیعری ( داستانی ئەڤینی سێوەخان ) :**

لەم تەوەرەی لێکۆڵینەوەکەدا، هەوڵدەدەین سەرجەم ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی چیرۆکەشیعر،جگە لەو ڕەگەزانەی کە لە تەوەرێکی دیکەدا ئاماژەی پێکراوە وەک (گێڕانەوە _ دیالۆگ _ مەنەلۆگ _فلاشباک )،بخەینە ڕوو. لێرەدا تیشک دەخەینە سەر وەسف لە ڕەگەزەکانی دیکەی، وەک : ( کەسێتی، ڕووداو، کات، شوێن، پلۆت) سەرجەم ئەم ڕەگەزانەیش تەنها لە یەک چیرۆکە شیعردا دەستنیشان دەکەین، کە ئەویش چیرۆکەشیعر ( داستانی ئەڤینی سێوەخان ) :کە پوختەی چیرۆکەشیعرە،پێکهاتوە لە:

یەکەم : کەسێتی أ- کەسێتی سەرەکی (سێوەخان، جوامێر)

ب – کەسێتی لاوەکی ( باوکی سێوێ، نۆکەرانی حسێن ئاغا،ئەحە و ڕەشەی کوڕی حسەین ئاغا،ژنەکەی حسەین ئاغا).

ج_ کەسێتی پەرەسێن : (حسەین بەگی ئاغای تورکان، پیرەی ئامۆژگاریکەر )

دووەم/ کات ، سێیەم / ڕووداو ، چوارەم / شوێن ، پێنجەم / پلۆت )

**یەکەم :وەسفی کەسێتی لە چیرۆکەشیعری (داستانی ئەڤینی سێوەخان):**

کەسێتی ڕەگەزێکی بنچینەیی پێکهێنانی هەموو چیرۆک و ڕۆمانێکە، چونکە نووسەر پێویستی بە وەسفکردنی چەند کارەکتەرێک دەبێت بۆ ئەوەی کە بیروبۆچونەکانی خۆی لەسەر جێبەجێبکات و بینای چیرۆکەکەی لەسەر بنیات بنێت.کەسێتیەکان مەرج نییە هەمیشە (مرۆڤ) بن، بەڵکو هەندێکجار شاعیر و چیرۆکنووسان پەنا بۆ ئاژەڵان یاخو شتە بێگیانەکان دەبەن، بۆدەربڕینی بۆچوونەکانیان، کەئەم حاڵەتەش هەر لە ئەدەبی فۆلکلۆری میللەتانەوە،وەک میرات بۆ ئەدەبی نووسراو ماوەتەوە،کاتێک چیرۆکەشیعرەکان باس لەپەیوەندی نێوان (مام ڕێوی وئاژەڵەکانی دیکەی نێودارستانیان)دەکرد، واتە بەشێکی زۆری چیرۆکی گوێ ئاگردان لەهەڵبژاردنی کەسێتیەکاندا ئاژەڵیان وەک کارەکتەر بەکاردەهێنا، بەتایبەت ئەو چیرۆکانەی یان ئەو چیرۆکە شیعریانەی کە بۆ مندالان وتراون یان نوسراون.

له نێو لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا چەندین پێناسە بۆ چەمکی (کەسێتی) کراوە، کە کۆنترینیان ئەوەی (ئەرستۆ)یە کە پێیوایە کەسێتی تراجیدی دەبێت چوار بنەمای هەبێت((یەکەم: کەسێتییەکە دەبێ چاک بێت، دووەم وێنەی کەسێتییەکە دەبێت لەبارو گونجاو بێت، سێیەم کەسێتییە دەبێ لەگەڵ واقیعدا یەکبگرێتەوە، چوارەم کەسێتییەکە دەبێ چەسپاوبێ بەدرێژایی شانۆگەرییەکە لەگەڵ خۆیدا کۆکبێت))(ئەرستۆ، 55،2011)ئەمانە بوون بەبنەما سەرەتاییەکانی کەسێتی، بەڵام دواتر گۆڕانی جەوهەری هات بەسەر ئەرک و ڕۆڵی کەسێتیدا، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ نێو جیهانی دەروونی کەسێتییەکان وباسکردن لەو بابەتانەی کە لە نێو دەروونی کارەکتەرەکاندا هەیە و لە جیهانی واقیعدا ناتوانرێت بەئاشکرا باس بکرێت. ئەوەش لەڕێگەی چەند تەکنیکێکی نوێی وەک (مۆنۆلۆگ، فلاش باک)ەوە. واتە لە ئەدەبیاتی سەردەمی نوێدا، کارەکتەرەکان دەبنە سەنتەری کارکردنی نووسەران بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان، چونکە((کارەکتەرەکان کێشە وململانێ بەرپادەکەن وڕووداو دێننە ئاراوە، لەئەنجامی پێویستی یا شێوازی ڕەفتارییان یاخود دەرخستنی ئەو ململانێ وکێشانە پەرە پێدەدەن، تاوەکو خودی خۆیان بسەلمێنن وڕووداوەکانیش لەڕێگەی گەشەکردن وئاڵۆزبوونیان وێنەی کارەکتەرەکان دەکێشن))(عوسمان،42،2010) بۆ ئەومەبەستەش نووسەران، کەسێتییەکانیان بەسەر چەند پۆلێکدا دابەشەکردووە، وەک(سەرەکی، لاوەکی، پەرەسێن، سادە ...هتد) هەریەکە لەم کەسێتیانە ڕۆڵ و پێگە و ئەرکی تایبەت بەخۆی هەیە.دواجار هەموویشیان پێکەوە لە خزمەت بنیاتنانی بینانی هونەری دەقەکەدان. گرنگترین کەسێتییەکان لە چیرۆکی ( داستانی ئەڤینی سێوەخان) ئەمانەی خوارەوەن:

**کەسێتی سەرەکی : سێوەخان و جوامێر:**

کەسێتی سەرەکی لە نێو ئەم چیرۆکەشیعرەدا، دوو ئاشقن بەڵام شاعیر لەباسکردنی ئەم دوو کارەکتەرەدا نایەوێت تەنیا وەسفی ئەم دووکەسمان بۆ بکات، بەڵکو دەیەوێت ئەم دووکارەکتەرە وەک نوێنەری چینێکی تایبەتی کۆمەڵگا پیشان بدات .بەڵام ڕووداوەکانی نێو ئەم چیرۆکەشیعرە، سەرجەمیان بەهۆی ئەم دووکارەکتەرەوە ڕوودەدەن، یاخود لە ژێر کاریگەری کردارەکانی ئەماندا ڕوودەدەن، چونکە((کارەکتەری سەرەکی، تەوەری سەرەکی ڕووداوەکانە و لەهەمان کاتیشدا بزوێنەری ئەو ڕووداوانەیە،...لەبەرئەوە زۆربەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەدەوری کارەکتەری سەرەکیدا دەخولێنەوە))(شێخانی،38،2014) وەک دەبینین،لەم چیرۆکەشیعرەدا، شاعیر ناوی یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی کردووە،بە ناونیشان بۆ

شیعرەکەی، کە ئەویش ( داستانی ئەڤینی سێوەخان )کە، لە دوو توێی (18) لاپەرەدا و بە (426 دێڕ ) نووسراوە. کە بەگشتی باس لە بەیەک نەگەیشتنی دڵدارانی دێیەک دەکات بە بێ ناوهێنانی دێیەکە. شاعیر لە سەرەتادا سێوەخان دەناسێنیت و دەڵێت:

لەم دێیەدا کچێک هەبوو،

لە ئاست جوانی و ژیری ئەودا،

زمان لاڵ بوو،

سێوەخان چی!هەر تەنیا خۆی سێوەخان بوو،

مێوژی ڕەش لە سای گەردنیەوە دیار بوو،

سێوەخان زۆر زوو بە تاڵان

دڵی ئامۆزاکەی فڕاند

عەشقی سێوێ و جوامێر بوو بووە،

ڕازی کۆڕ و گوێ ئاگردان ( محەمەد،2018، 184)

واتە لە نێو ئەو دووکارەکتەرە سەرەکییەدا (سێوێ) بەهێزتر و کاریگەرترە، لە (جوامێر) چونکە ئەوە (سێوێ)یە، کە دڵی (جوامێر) بۆ خۆی دەبات،ئەمە دەبێتە سەرەتا بۆ سەرجەم ڕووداوەکانی دواتری ئەم چیرۆکەشیعرە، کە وەک دەبینین هەر لەسەرەتاوە دەبنە (ڕازی کۆڕ و گوێ ئاگردان) واتە دەبنە جێی باس وخواسی خەڵکی. بەڵام ئەم دوو ئاشقە وەک ڕەمزێک لەلایەن خەڵکییەوە سەیر دەکرێن و چاوەڕێی پێکگەیشتنیان دەکەن، هەرچەندە پێشتر ئاشقەکان لەم دێیەدا بۆیەک نەبوون . بەڵام دیسان چارەنووسی ئەمانیش کێشە و گرفتی قورس ومەحاڵە:

لە ئەفسانەی خەڵکی دێدا،

جوامێرخاوەن تەلیسم و تێکۆشەر بوو،

سێوەخانیش شادی و ئازادی هێنەر بوو،

جوامێر، حەوت ساڵی ڕەبەقی شوانکارەیی تەواودەکاو

مامەی دەچێتە کەلی شەیتان و نایەتە خووار،...

دەستی سێوێی ناداتە دەست،

عەشقەکە دەبێتە عەشقی فەرهادانە،(محەمەد،2018، 185)

ئەم ڕووداوە هەر بۆ جوامێر نا بەتەنها، بەڵکو بۆ هەموو خەڵکی گوند دەبێتە جێگەی نیگەرانی،دەیانەوێت کۆتای بەم زوڵم و نادادییە بێنن،بۆیە (دەنگی پیرێک) دەبێتە ڕێنوێنیکەری خەڵکەکەو بانگیان دەکات بۆ یەکگرتن و جوامێریش خۆی بە شیاو دەزانێت بۆ سەرکردایەتی ئەو خەڵکە ناڕازییە بۆ بەدەستهێانی مافی خۆی.

جوامێر بە دڵ گوێی ڕادەگرت،

کۆمەڵێکی لە دۆستانی

بۆ بەدیهێنانی ئەم خەونە ڕێک دەخست

هەر جوامێر بوو،هەر کوڕانی ئەو ئاسا بوون،

هەموو دەمێ جەماوەریان دەورووژاند و

دەستەو دامێنی شاخ دەبوون، ( محەمەد،2018، 188)

واتە کەسێتی جوامێر وەک ڕەمزێک بەکارهێنراوە بۆمەبەستی هاندانی گەنجان بۆ یاخیبوون دژی زوڵم و زۆر و داواکاری یەکگرتنی هێزی زوڵم لێکراوان.بەڵام دیارە بەهۆی بەهێزی ئاغاو دارودەستەکانیانەوە،بێهێزی و پەرتەوازەی ئەوانەی ناحەقییان دەرهەق دەکرێت، جوامێر وئاشقەکانی نمونەی جوامێر توانای ڕووبەڕووبونەوەیان نامێنێت و هەوڵی هەڵهاتن و هەڵگرتنی خۆشەویستەکانیان دەدەن و بەرەو ناوچەو شوێنێکی دیکە، کە ئەم دیاردەیە لە کۆندا لەناوکورددا پێی وتراوە (ڕەدووکەوتن،یان هەڵگرتن).

شەو درەنگێ، کە گوند لە باوەشی خاکدا دەنوێ،

جوامێر چووە لای سێوەخان،

گرتییەئامێز،باڵای توند لە باڵای ئاڵاند،

هاواری دەکرد دەیناڵاند...

هۆ سێوەخان...

دەڕۆین... دەچین!

ناچارییە... بێ کەسییە...

دەڕۆین بۆلای حسەین ئاغا، ( محەمەد،2018، 189)

بەڵام وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لەنێو ئەم دوو کەسێتیە سەرەکییەدا، ڕۆڵی زیاتر بە سێوێ خان دراوە،وەک دەبینین لە چیرۆکە شیعریەکەدا، سێوێ خان ژیرانەتر بیردەکاتەوە و بڕیارەکانی زیاتر لە ڕەهەندی بیرکردنەوە و تێڕامانە، بە بەراورد بە جوامێر کە بڕیارەکانی لە ئەنجامی هەڵچوونی دەروونی و پەلەکردنە بۆ گەیشتن بەخۆشەویستەکەی، بۆیە دەبینین سێوێ بڕیاری چون بۆ لای حسەین ئاغای پێ هەڵەیە ودەڵێت:

- جوامێرەکەم !حسەین ئاغا مارێکە و هیچ کەس ناناسێ،

منی بینی، بڵێسکەی زمانی پیسی

ئارەزووی ڕەش و گڵاوی دەردەهێنێ!

تۆ دەکوژێت،

بۆچی نەچین بۆلای شێخی ؛بەرانان ؛و سلێمانی؟ ( محەمەد،2018، 189)

واتە سێوێ وەک کارەکتەرێک، لەلایەنی دەروونی کارەکتەرێکی دیکە دەدوێ و لە ڕێگەی وەسفکردنیەوە نهێنی حەز و ویستی ئەو کارەکتەری دیکە، کە حسەین ئاغای تورکانە دەردەخات و مەترسی خۆی لە خراپی ئەو کەسە بۆخۆیی و جوامێر دەخاتە ڕوو، بەڵام ئەوە ئەو واتایە ناگەیەنێت، کە سێوێ نەیەوێت لەگەڵ جوامێر هەڵبێت و ئاواتی بەیەکگەیشتنیان بە دی بهێنێت، بەڵکو ئەو پێشنیاری شوێنێکی باشت وسەلامەتتر دەکات، ئەویش (شێخی بەرانانە لە سلێمانی).

سێوێ باشتر لەو پەیامە تێدەگات کە لەلایەن پیرەکەوە ڕادەگەینرێت و زیاتر دەترسێت لەوسەفەرە نا بەدڵەی لەگەڵ جوامێر.دواتر گومانەکەی سێوێ بەڕاست دەرچوو، نۆکەرانی حسەین ئاغا چەکەکە لە جوامێر وەردەگرن وزیندانی دەکەن،سێوێ خانیش وەک ئاسکێکی بێدەسەڵات لەنێو تیڕوانینە گورگانەکانی حسیەن ئاغادا خۆی دەبینێتەوە و چیرۆکبێژ بەم جۆرە وەسفی ئەو دۆخەدەکات و دەیگێڕێتەوە:

حسەین ئاغا وەک و ماریَ،

وەک دڕندە،

نێچیرێکی دەستەپاچە کەوتبێتە بەر هەوێڵی،

دەهات دەچوو دەیگووت سێویَ:

_تۆ شەنگی وەکو ئاهووان!

تۆ چیت داوە لە شوانکارەو لە برسییان!

ئەوە ماڵ وئەوە سامان ! ( محەمەد،2018، 194)

بەڵام سێویَ بەهەمووجۆرێک دژایەتی ئەوەدەکات، کە خۆی بەدەستەوە بدات بۆ حسەین ئاغا. تەنها ئەوەی لەدەست دێت شین و ڕۆ ڕۆ بۆ خۆشەویستەکەی بکات وجوامێری خۆشەویستیشی بەهەمان شێوە،بەلام دەنگی پیرە ڕیش وەک بەفر، هەوڵ دەدات کەمێک ئارامیان بکاتەوە و پێیان دەڵێ، کە زیندان لە پێناو ئەشقدا و بۆ ئاشقان دەبێتە بە بەهەشت و دەیگوت:

_زیندانی ئەگەر عاشق بێ،

دەسوتێت و ئەو دۆزەخەی لەلا دەبێ

بە دەشتی خووا، ( محەمەد،2018، 197)

پاشان پیرە لە سۆنگەی نا ئومێدییەوە، دەست دەکاتەوە بە پرسیارەکانی ڕابردوو، دەیەوێت بزانێ هۆکاری چییە، کە ئاشقانی ئەم گوندە بۆچی بۆ یەکتری نابن.

کەی ئەستێرەی (لەیل و مەجنون)

دەمدەنێنە دەمی یەک و بەیەک دەگەن؟...!

ئەی کەی شایی پێنج شەمموانیَ،

بۆجوامێر و سێوە خانیَ

حەوت شەو حەوت ڕۆژ سازدەکەن ؟...!

ئەرێ ئەی کەژنشینەکانی "زاگرۆس"

ئالأیەکی بەرز هەڵ دەکەن؟!

کەی دەبێتە جەژن و شادی لەناومانا،

لە دێهات وشاری پڕ خوێن و فرمێسکی کوردستانا؟!( محەمەد،2018، 200)

چیرۆکەشیعرەکە بەو پرسیارە تراجیدییە بێ وەڵامانە بەکۆتای دێت و ڕۆڵی ئەم دوو کەسێتیە سەرەکییە، جوامێر لەنێوچوار دیوار زیندان و سیۆێخانیش لەنێو کۆشکی حسەین ئاغا زیندانکران و کۆتایی بە عەشقی ئەوانیش هاتوو بوون بە داستان و چیرۆکی گوێ ئاگردان. چونە ڕیزی داستانە پڕ خۆشەویستیە بەیەک نەگەیشتووەکانی وەک( شیرین و فەرهاد )و (مەجنون و لەیلێ).

**کارەکتەری پەرەسێن :باوکی سێوێخان و حسەین ئاغا ی تورکان  و دەنگی پیرە.**

بێگومان ئەو بێ ئەنجامی و پێک نەگەیشتنی ئەم دوو ئاشقە پەیوەندی بە دوو کارەکتەری دیکەی نێو چیرۆکەکەوە هەیە، کە ڕۆڵی کارەکترەی پەرەسێن دەبینین ئەوانیش ( باوکی سێوێ خان و حسەین ئاغای تورکانە) کە ڕۆڵی ئەم دوو کەسە،تەواوکەری یەکترین و هەردووکیان هۆکارن بۆ پێک نەگەیشتنی ئەو دوو خۆشەویستە، سەرەتا باوکی سێوێ لە بەڵێنی خۆی پەشیمان دەبێتەوە، بڕیاربووە لە پاش حەوت ساڵ شوانی سێوێ بداتە جوامێر، وەک گێڕەرەوە باسی دەکات:

جوامێر، حەوت ساڵی ڕەبەقی شوانکارەیی تەواودەکاو

مامەی دەچێتە کەلی شەیتان و نایەتە خووار،...

دەستی سێوێی ناداتە دەست، (محەمەد،2018،185)

ئەوەش وا لە جوامێر دەکات، کە بیر لە هەڵگرتنی سێوێ بکاتەوە دێیەکەیان جێبهێڵن، بەڵام بۆ کوێ؟ بۆلای (حسەین ئاغا )کە پیاوێکی خراپەکار و هەوەسبازبوو، لەبری هاوکاریکردنیان دەیەوێت سێوێ بکاتە موڵکی خۆێ، لەبەر ئەوە ئەوەی پێیکرا بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە درێخی نەکرد،بۆیە:

ئاغای تورکان، کەوتە فێڵ و پیلان دانان،

لەگەڵ دووسێ خزمەتکاردا،

کوڕەکەی نارده ناوزیندان

جوامێریان دایە بەر نوکی تیژی خنجەر،

کراسی لە خوێن خەڵتانیان هێنایەوە بۆ سێوەخان (محەمەد،196،018)

جگە لەو دوو کەسێتیە خراپە، لەنێو کەسێتیە پەرەسێنەکاندا، کەسێتییەکی بێ ناو هەیە، کە چیرۆکبێژ وەسفی شێوە و ڕووخساریمان بۆ ناکات، تەنها بەدەنگی پیرەکە ناوی دێنێت، کەسێکی چاکەخواز و ئامۆژگاریکەرە، کاریگەری لەسەر بەشێکی زۆری ڕووداوەکان هەیە،دژی هێزی ڕەش وشەڕانگێزی دژی ئاشقانە . دەڵێت:

دەنگی پیرێک،وەک بروسکەی ناو شەوە زەنگ،

وەکو "مانگی ناو زۆنگاوی لیخن و مەنگ" پەیدا دەبوو:

تاکەی هەموو جوامێرەکان ساویلکە بن...

تاکەی ئێمە بە نامورادیی سێوەخان سەربۆربگرین ؟!

تاکەی ڕقیپیرۆز و گەورەی میللیمان داناگیرسێ ؟!

تاکەی ئێمە، کاوەیەکی مەزنترمان

لە لوتکەدا بۆ نارەخسێ ؟!(محەمەد،2018،187-188)

ئەم نائومێدییە دەبێتە بنەما بۆ دانانی بەرنامە پلانی، هەستانەوە و سەرکەوتن و بەدەستهێنانی مافەکان لای خەکی دێ و داوای پەیدابوونی (کاوە)یەک دەکات، وەک سیمبولی سەرکەوتن بەسەر زۆردار و زاڵماندا بۆ ئەوەش دەنگی پیرە هاواری یەکگرتن دەکات و دەڵێت:

ئەگەر بێت و گشت یەکگرین،

خوێن و ئەشکی سەر ڕومەتی خاکمان بسڕین،...

لەبەر نرکەی هەنگاوماندا،

لەبەر ترپەی هەنگاوماندا،

جیهان هەمووی دێتە لەرزین ... (محەمەد،188،018)

بەڵام ئاخۆ کەی ئەو یەکگرتنە دێتە دی، ئایا جارێکی دی کاوەیەک سەرهەڵدەدات، کە سەری زوحاک و زۆرداران بپەڕێنیت؟ وەڵامێکی دڵخۆشکەر لە چیرۆکەشیعرەکەدا دەستناکەوێت، هەر وەک چۆن لەواقیعیشدا بێ ئومێد دەمێنینەوە گەر بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێین. لەم چیرۆکەشیعرەدا، وەک چیرۆکێکی تەواو جگە لە کەسێتی سەرەکی و کەسێتی پەرەسێن، سێتەی لاوەکیش هەیە،بۆ زیاتر گەیاندنی مەبەستی نووسەری چیرۆکەشیعرەکە.

((چونکە وەک هۆیەکی یاریدەدەر یارمەتی چیرۆکنووس دەدات لەئەنجامدانی، بەتایبەتی لەڕووی بنیاتی کەسە سەرەکییەکانەوە کەزۆرجار تاڕادەیەک تەواوکردنی ئەوکەسانە دەبەسرێتەوە بەبوونی کەسە لاوەکیەکانی))(سابیر،178،2001) لەم چیرۆکەشیعرەدا چەند کەسێتیەکی لاوەکی هەیە وەک (شێخی بەرانان) کە جگە لە ناوهێنانی هیچ سیفاتێکی دیکەی باسنەکراوە، بەڵام بەهۆی شوێنی ناوهێنانییەوە وەک کەسێک بۆ بەدیلی (حسەین ئاغا) دەردەکەوێت کەسێکەی باش و خاوەن پیاوەتییە.هەروەها کەسێتیەکی دیکەی لاوەکی (نۆکەرانی حسەین ئاغا)یە، کە بوون بە پاسەوانی حسەین ئاغا و دەیانپاراست:

نۆکەرانی حسەین ئاغا

بەزمانی شیرینی وەک هەنگوینەوە،

بەڕێزێکی سەنگینەوە

ڕووی دەمیان کردە میوانان

تفەنگەکەت، میوان دەبێ چەک و ڕەزنی

بکاتە بارمتە لامان! (محەمەد، 193،018)

بەڵام ئەوە تەنها بۆ تەڵەکە و فێڵێکە بۆ چەککردنی جوامێر. جگە لەو کەسێتییە لاوەکیانە دووکەسێتی دیکەی لاوەکی هەن، کە هەریەکەیان نیشاندەری جۆرێک لە بیرکردنەوەو ڕەوشتن، کە ئەوانیش دووکوڕەکەی حسەین ئاغا (ئەحە، ڕەشە)ن، (ڕەشە)هاوشێوەی باوکی کەسێتیەکی شەڕانگێز و خوێنڕێژ و زاڵمانەی هەیە و لەگەڵ نۆکەرانی حسەین ئاغای باوکی دەکەونە لێدانی جوامێر، بەڵام (ئەحە)ی کوڕی، کە لەسەفەر دەگەڕێتەوە نیگەران دەبێت

لەزاڵمی باوکی و ڕووو لە دایکی دەکات،دایکیشی هاوشێوەی (ئەحە)ی کوڕی، کەسێکی بە ویژدان و ئاشتیخوازە، گێڕەرەوە بەم جۆرە بەسەرهاتی (ئەحە و ڕەشە و دایکیان) دەگێڕێتەوە :

ئەحەی کوڕی حسەین ئاغا

کە لەسەفەر گەڕایەوە،سەری لە ئاست کارەساتی، خوێنی باوکی،

ڕەشەی برای، داستانی سیۆێ و جوامێردا،

کاس و وڕ بوو پەشۆکابوو

دایکی پێی وت: ڕۆلەی باشم، ئابڕوومان چوو!

ئەوەی باوکت بەسەر ئەم دوو دڵەی هێنا،

بەسەر (مەم وزین)نەهاتووەە، لە "بۆتان"ێ

تەوارەی شانازیی باوکت با نەمێنێ و

فرێیدەرە گۆلی "وان"ێ...(محەمەد،2018،198)

واتە ئەم کەسێتییە لاوەکیانە هچیان ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە لە نێو چیرۆکەشیعرەکەدا، ناتوانن هیچ لەڕێڕەوی ئەو ڕووداوانە بگۆڕن، کە ڕوویداوە. بۆیە هەریەکەیان تەنها بۆ خزمەت بە پرۆسەی گێڕانەوەکان و گەیاندنی مەبەستی نووسەر. ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە.

**دووەم / شوێن:**

شوێن ئەو پانتایە دەگرێتەوە، کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات، یان دەشێت ئەو پانتایە بێت کە ڕووداوێکی تێدا ڕووبدات، (( شوێن ڕەگەزێکە بەراورد بەڕەگەزە هونەرییەکانی دیکە، کەمترین بەشداری هەیە، چونکەئەم ڕەگەزە زیاتر ڕەگەزێکی وەسفییە))(جەلال،2009،40).

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شوێن لە نێو هەر دەقێکی ئەدەبیدا تەنیا بۆ ڕەخساندنی مەودایەک نییە بۆ کارەکتەرەکان تا ڕووداوەکانی تێدا بخولقێنن، بەڵکو شوێن بۆ خۆی دەبێتە دەلالەت لەسەر چەند لایەنێکی کارەکتەرەکانی ئەو شوێنە و کارەکتەرەکان لەژێر کاریگەری فەرهەنگی و

مێژووی و جوگرافیایی ئەو شوێنە دەبن . بۆیە بەشێک لە لێکۆڵەرەوانی ئەدەبی، دەڵێن شوێن (( بەشێکە لە پێناسەی نەتەوەیی و نیشتیمانی وتایبەتمەندێتی خۆی نیشان دەدات. بەرجەستەکردنی باشی شوێن لەڕۆماندا دەبێتە ناسنامە و مێژووی ولاتێک یان نەتەوەیەک و نیشتیمانێک بە خوێنەران دەناسێنێت )(محمد،41،2011) واتە شوێن دەبێتە بەشێک لە مەبەستی شاعیرو لە ڕێگەی ناوهێنانی یان دیاریکردنی شوێنەکەوە، شاعیر بەشێک لە پەیامی خۆی دەگەیەنێت. شوێن لە نێو دەقی ئەدەبیدا دەکرێت بە چەند بەشێکەوە، کە دیارتینیان بۆ دووبەش دابەشی دەکات، کە ئەوانیش ( شوێنی واقعی، شوێنی خەیالّی )

**أ- شوێنی واقیعی:**

شوێنی واقیعی ئەو شوێنەیە، کە خوێنەر لە دەرەوەی دەق هەستی پێدەکات ودەزانێت هەیە،بەلاّم لەڕێگەی ئەو وەسفانەی نووسەری دەق دەیخاتەپاڵی دەبێتە هۆی زیاتر ناسینی ئەو شوێنە.

(( تێگەیشتن لەقۆناغی هەر سەردەمێک، لە ڕووی مێژوویی و کۆمەلایەتییەوە، ئاسۆیەکی فراوانمان بۆ دەخاتە سەرپشت بۆ تێگەیشتنی شیعر لە مەبەستەکانی شیعری ئەوسەردەمە،هەروەها وامان لێدەکات هێماکانی بکەینەوە، ڕواڵەتەکانی شیبکەینەوە و لەسەر واتاکانی و بەهای جوانی و هونەرەکانی بوەستین ))(ئەسوەد،13،2001) واتە شوێن دەبێتە دەرخەری مەبەستی شاعیر.وەک دەبینین لەم چیرۆکەدا شوێنەکە(دێیەکە) بەلاّم شاعیر ناوی دێیەکە ناهێنێت، بەڵکو بە شێوەیەکی نادیار ئاماژە بە شوێنی دێیەکە دەکات و دەڵێت:

دێیەک هەبوو،دێیەک چ دێ ؟

دێی قەد شاخی کوردستان بوو، (محەمەد،183،2018)

شاعیر هەر لەسەرەتای چیرۆکەشیعرەکەوە وەسفی شوێنەکەمان بۆ دەکات، کە ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکەشیعرەی تێیدا ڕوویداوە، بەلاّم ناوی دێیەکە ناهێنت ئەوەش وەک بەشێک لە بینای هونەری دەقەکە دەردەکەوێت کەوا لە خوێنەردەکات، تا کۆتای خوێنەری چیرۆکەشیعرەکە بێت بەلاّم دواتر خوێنەر تێدەگات، کە شاعیر بەمەبەست ناوی گوندەکەی نەهێناوە،وەک هێمایەک بۆ ئەوەی دەگونجێت ئەم حاڵەتە لە زیاد لە دێیەک واتە لە چەند گوندێک دەشێ ڕوویدابێت یان ڕووبدات .یاخود بۆ زیاتر بەخشینی سیمای هونەری بەدەقەکە،چونکە هەرچەندە شوێن

واقیعبێت بەڵام بۆ شاعیر یان چیرۆكنووس باشترە دەقاودەق ئاماژە بەشوێنە واقیعیەكە نەكات بەڵكو خوێنەر ڕابكێشێتە نێو شوێنێكی تێكەڵ لە واقیعی و خەیاڵی. پاشان دەبینین شاعیر تەكنیكی بە كەسكردنی شوێن پەیڕەو دەكات و وێنەی گوندەكە، وەک كەسێكی دڵتەنگ و بێتاقەت دێنێتە پێشچاوی خوێنەر و دەڵێت:

گوند بە چاوی ئەبڵەقەوە،

گوند بە دڵی پڕ خەمەوە،

دەیڕوانییە چارەنووسی نادیاری،(محەمەد، 2018، 186)

لەبەر ئەوەی دیاردەی بەیەک نەگەیشتنی دڵداران لە زۆربەی ناوچەكانی كوردستان هەیە، شاعیر ناوی هیچ ناوچەیەكی ڕاستەوخۆ نەنووسیوە، بەڵام بە ئاماژەی شوێنەكاندا دەكرێت گوندێک بێت لە نزیک ناوچە كوێستانییەكان، وەک ئەوەی كە لە شوێنی ئەندێشەی یان شوێنی خەیاڵی(جوامێر) وەسفی دەكات بۆمان.

**شوێنی خەیاڵی:**

شوێنی خەیاڵی ئەو شوێنەیە كە دەكرێت داهێنراوی خەیاڵی نووسەر بێت یان لە خەیاڵی یەكێک لە كارەكتەرەكانەوە وەسفی ئەو شوێنەبكرێت، كە ئامانجی ئەو كارەكتەرەیەكە پێی بگات (( ئەو شوێنەیە لە ئەندێشەی چیرۆكنووسەوە خولقێنراوە و پێناچێت لە واقیعدا شوێنێكی لەو چەشنە هەبێت))(سدیق،2009،191) نمونەی ئەم جۆرە شوێنە لەچیرۆكە شیعری (داستانی ئەڤینی سێوەخان)دا، هەیە، كەئەوەش بەهۆی وەسفكردنی شوێنێكی ئارام بۆ ژیان لە لایەن جوامێرەوە بۆ سێوێ، كاتێک دەیانەوێت لە گوندەكەی خۆیان هەڵبێین، كە دەڵێت:

ئەم ئاغایە كۆختە شڕێ،

یا كێڵێكی سەر بە بەفری،ناو ڕەزێكی دوورمان باتێ،

پەنامان با،چش لەتاڵاوی غەریبی!

بەهێمنی دەژین ساتێ...! (محەمەد،2018،190)

هەڵهاتنی جوامێر  لە گوندی خۆی و ڕازیبون بەژیانی غەریبی، نیشانەی ئەو  زوڵم و ستەم و نادادییە کە بەرامبەری کراوە، بۆیە دەیەوێت هەرچەند بچوک بێت، تەنها جێگەیەکی مانەوەی دەستکەوێت، بەو جۆرە وەسفی ئەو شوێنە بۆ سێوێ دەکات، لەوێدا بە ئارامی وبە دڵ خۆشیی دەژین. پاشان لەکۆتایدا شاعیر ئاماژە بەشارێک دەکات بە بێ ناوهێنانی ئەو شارە و دەڵێت:

کەی قەتارەی ئەو سوارانە

دەگاتە بەر دەروازەی شار

شاری ماندوو؟!(محەمەد،200،2018)

شاعیر لێرەدا شوێنێک کە شارە سیفاتی مرۆڤی پێدەدات، کە ماندووبوونە.بەو جۆرە شوێنێکی خەیاڵی دەهێنێتە پێشچاوی خوێنەر. بەڵام دواتر شاعیر لە دێڕی کۆتایدا ئاماژە بەوە دەکات چ دێیەک و چ شارە ماندووەکەیش هەموویان لە کوردستان دان . دەڵێت:

کەی دەبێتە جەژن و شادی لەناومان،

لە دێهات و شاری پڕ خوێن و فرمێسکی کوردستانا؟!(محەمەد،200،2018)

لێرەدا دەبینین شاعیر لە شوێنێکی خەیاڵییەوە، خوێنەر دەهێنێتەوە بۆ نێو شوێنێکی واقیعی دەسنیشان نەکراو، ئەوەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی هونەریانەی ڕەگەزی شوێن توانیویەتی چێژێکی تایبەت بە دەقەکە ببەخشێت و لەلایەکی دیکەیشەوە  وادەکا زیاتر لای خوێنەر سەرنج ڕاکێشبێت.

**تەوەری سێیەم :باسی یەکەم: ئیستاتیکای وەسف لە ڕەگەزە هونەرییەکانی (گێڕانەوە، دیالۆگ ـ مۆنۆلۆگ ـ فلاشباک)، لە چەند چیرۆکەشیعرێکی ئەنوەر قادرمحەمەددا.**

هەموو دەقێکی ئەدەبی سەر بەهەر ژانرێکی ئەدەبی بێت پێویستە خۆی لە چوارچێوەی چەند بنەمایەکی هونەریدا ببینێتەوە،ئیدی ئەو دەقە چ بەشیعر نوسرابێت یاخود بە پەخشان، چونکە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکەکانی هەر پەیامێکی ئەدەبی بەخشینی چێژێکە بە وەرگری دەقەکە ئیدی، هەندێکجار وەرگرتنی ئەم چێژە لە ڕێگەی بینین و بیستنەوە دەبێت وەک تەماشاکردنی شانۆیەک، یاخود تەنها پێویستی بە تەماشاکردنە وەک کارێکی هونەری پەیکەرتاشی یان پۆستەرە هونەرییەکان،یاخود دەقێکی ئەدەبی نووسراوە و پێویست بە خوێندنەوە هەیە وەک شیعر و پەخشان بە هەموو جۆرەکانییەوە، وەک (داستان و ڕۆمان و چیرۆک ...هتد ).

لەم سۆنگەیەوە هونەرمەندان و نووسەران، زۆرترین هەوڵ وتێکۆشانیان بۆ ئەوە بووە لە ڕێگەی زیاتر چێژبەخشینەوە بەرهەمەکانیان ببێتە جێگەی سەرنجڕاکێشانی زۆرترین وەرگر،بۆ ئەوەی کە پەیامەکانیان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بگاتە وەرگری بەرهەمەکانیان، بێگومان وەرگری پەیامە ئەدەبیەکانیش هەمیشە چاوەڕوانی زیاتر و زیارتری لە هونەرمەند و نووسەران هەیە،چونکە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی وهونەری هەرچەند چێژبەخشبێت هەر تا ماوەیەکی دیاریکراو بڕدەکات، پاشان بڕستی لێدەبڕێت و وەرگر چاوەڕێی بەرهەمێکی نایابتر و چێژبەخشتر لە هەمان هونەرمەند و نووسەر یان نووسەر و هونەرمەندێکی دیکە دەکات تا ئەو بەرهەمە چێژبەخشەی پێشوو تێپەڕێنێت .

ئیدی لەم پێناوەدا ئەدیبان تەنها بەوە نەوەستاون کە جۆرێکی دیاریکراو لە ئەدەب ببەخشن بە وەرگری دەقە ئەدەبییەکانیان،بەڵکو پەنایان بردە بەر لێکدانی دوو ژانری ئەدەبی وەک ( شیعر و پەخشان ) لە ئەنجامدا چەندین جۆری نوێ هاتە نێو ژانرە سەرەکییەکانەوە،وەک ( چیرۆکەشیعر، ڕۆمانە شیعر، پۆستەرە شیعر ... هتد )، ئەوانەیش پاش گرنگی پێدانیان لەلایەن وەرگرەوە، بوون بە ژانری سەربەخۆ و جێگەی خۆیان لە نێو دەقە ئەدەبییەکاندا کردەوە.ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە کاری لەسەر بکەین چیرۆکەشیعرە.

**گێڕانەوە:**

گێڕانەوە یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کە لەگەڵ وەسف ئاوێتەی یەکدی دەبن. بەجۆرێک لە ئەدەبیاتی کلاسیکیدا وەسف وەک پاشکۆی گێڕانەوە دەبینرا،چونکە وەسف.((لە سەردەمانێکی کۆنەوە و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ وەک توخمێکی لاوەکی و پاشکۆیەک بۆ گێڕانەوە ماوەتەوە،هەرچەندە لە سەردەمی ڕێبازی کلاسیکیدا، ڕەخنەگران زۆر گرنگیان پێدە دا و داوای دەستبڵاویان دەکرد لە وەسفکردندا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە وەک ڕەگەزێکی ڕازێنەرەوە و جوانکاری دەق تەماشایان دەکرد)) (العانی، 1987، 227 )، لە ئەدەبیاتی کلاسیکیدا زیاتر بۆ نووسینەوە یاخود باسکردن لە ڕووداوێک یان بەسەرهاتێک سوودی لێدەبینرا لە داستان و حیکایەتەکاندا. پاشان بەهۆی لێکنزیکبوونەوەی ڕەگەزە سەرەکییەکانی هەردوو ژانری شیعر و پەخشانەوە، گێڕانەوە لە نێو شیعریشدا بەکار هات بەتایبەتی ئەو ژانە شیعرییانەی کە سروشتێکی پەخشان ئامێزیان هەیە.((لەو چامانەشدا کە هونەری داستان لەخۆدەگرن،گێڕانەوە ڕەگەزی یەکەمینە...هۆی دواکەوتنی چیرۆک و حیکایەت لە داستانە شیعریەکان بۆ ئەوخەسڵەتە دەگەڕێتەوە کە کەسی گێڕەوە، پێویستە کەسێک بێت هونەرمەند و لێزان و کەسانی ئاسایی تێپەڕێنێت لەگێڕانەوەی سەرزارەکی ڕۆژانە، دەنا لەبنەڕەتدا شیعر و هۆنراوەکان وەزیفەی چیرۆکیان بینیوە لە گێڕانەوەدا،چونکە گێڕانەوەی داستانەکان بۆ خۆیان ڕووداوبوون و سەربردەیەک لەخۆ دەگرن ))(ڕەسوڵ،9،2009).

واتە هەرچەندە بەسەرهاتێک یان ڕوداوێکیان گێڕاوەتەوە بەڵام لە قاڵبی شیعردا گێراویانەتەوە، کەواتە بە شێوەیەکی گشتی گێڕانەوە بریتیە لەو ڕەگەزەی کە ڕۆڵی سەرجەم ڕەگەزەکانی دیکەی پێوە پابەندە.وەک (کارەکتەر وشوێن و ڕووداو و کات) چونکە بەبێ بوونی گێڕانەوە خوێنەر نازانێت کام ڕووداو لەکوێ و لەلایەن کام کارەکتەرەوە ڕوویداوە و لە چ کاتێکدا بووە. وەک تیۆر دانەری ئەمریکایی (فرێدریک جیمسۆن) دەربارەی ڕۆڵی گێڕانەوە دەڵێت (( بە بۆچوونی من پرۆسێسی گێڕانەوە وەک یاریدەدەریی سەرەکی لەپرۆسەی گەیەنەری بیری نووسەر لە داڕشتن و ڕێکخستنی بەرهەمەکەی لە قەڵەم دەدەم ))(Jameson,1981,p13) واتە گێڕانەوە دەبێتە پردی پەڕینەوەی خوێنەر بۆ ناو دەقەکە وهەروەها گەیاندی پەیامەکە لە نێو خەیاڵی نووسەرەوە بۆ وەرگرەکە.(( لەو چیرۆکە شیعریانەی ڕەگەزەکانی چیرۆکی تێدا بەدی دەکرێت بەتایبەتی (گێڕانەوە) کەدوو بنەمای سەرەکی هەیە

یەکەمیان : چیرۆکی تیایە و ڕووداوی دیاریکراوی لەخۆ گرتووە.

دووەمیان : ڕێبازێک دیاریدەکات بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکە،پێی دەوترێت " گێڕانەوە...."

بۆ ڕوونکردنەوە پرۆسەکە ئەم هێڵکارییەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

( گێڕەرەوە ______ گێڕدراوە __________ بۆ گێڕەوە )، کە پرۆسەی گێڕانەوەکە پێویستی بەو سێ ڕەگەزە سەرەکیە هەیە )) (محمد،1436 ه، 959) جگە لەوەش کە گێڕانەوە دەبێتە هۆی گوزارشتکردنی توانای نووسەر لە چۆنێتی چێژبەخشین بە باسکردن لە ڕووداوێک یان کەسایەتی یان شوێنێک هەروەها گێڕانەوە دەبێتە هۆی نیشاندانی ئاستی زمانی دەقەکە بە خوێنەر ((گێڕانەوە بە یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی بینای هونەری دەقی هەر چیرۆکێک دادەنرێت،مەرجی سەرکەوتنی هەر کارێکی ئەدەبیشە...گێڕانەوە ناسنامەی هونەری زمانی دەق لەخۆ دەگرێت ئەو زمانە هونەریەیش لە ڕستە و دەربڕینی جۆراوجۆر پێکدێت،ڕستەو دەربڕینی گێڕانەوەش خاوەنی خەسڵەتی خۆیانن، نابێت درێژدادڕی و زۆر لە خۆکردنیان پێوە دیاربێت))(ئیبراهیم، 5،2015).

ئەم گێڕانەوەیە مەرج نییە شاعیر تەنها باسی کەسێک بکات بەڵکو زۆرجار ڕووداوێک دەگێڕیتەوە،یاخود بە گێڕانەوە وێنەی دیمەنی شوێنێکی سروشتی پیشانی خوێنەر دەدات. هەندێک بابەتی ئەدەبی هەیە، بابەتەکە چەندە گرنگە شێوازی گێڕانەوەکەیشی هێندە گرنگە،بەتایبەت لە بابەتە گاڵتە ئامێزەکاندا،چونکە دەکرێت هەمان بابەتی گێڕدراوە کە هەیەجان و خۆشییەکی تێدایە، گەر لە لایەن کەسێکی ئاساییەوە بگێڕدرێتەوە زۆر ئاسایی و ساردوسڕ دەربکەوێت،بۆیە دەوترێت گێڕانەوە هونەرە نەک زانست،لەگەڵ ئەوەشدا (( هونەری گێڕانەوە سنوری دیاری کراو نییە،بەڵام بێ پاڵپشتێکی زانستی گێڕانەوەیەکی سەرپێیی و کاتی دەبێت و ناتوانێت گوێگر و خوێنەرەکانی، بۆ گێڕەرەوەکانی قایل بکات و جیهانەکەی خۆی پێکبهێنێت ))(ڕەسوڵ،13،2009) واتە گێڕانەوە ڕەگەزێکە ڕۆڵ و سەرنجڕاکێشی بەڕەگەزەکانی دیکەیش دەبەخشێت.(عەبدوڵڵا سەراج) پێی وایە، گێڕانەوە نەک هەر جوانی بە ڕەگەزەکانی دیکە دەبەخشێت بەڵکو خودی تەکنیکی گێڕانەوە وەک بنەمایەکی ئیستاتیکی لەنێو دەقدا ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێت، ڕۆڵی گێڕانەوەی لە (14) خاڵدا خستەوەتەڕوو، گرنگترینیان: ((

1-دیاردەی سەیروسەمەرە خستنەوەو، چنینی لەگەڵ واقیعدا.

2-گونجاندن و هارمۆنیکردنی دۆخ و بارە ناوەکییەکان لەگەڵ دیاردە دەرەکییەکاندا.

3-دامەزراندن و تەوزیفی هێما و سیمبولەکانی کەلەپوور و ئەفسانە.

4-بەکارهێنانی ڕاناوە جیاجیاکان لەهەمان دەقدا،بۆ دەربڕینی فرەدەنگیی و دووان و دایەلۆگان. (Dialoque)

5-هەڵگەڕانەوە ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەوپێشوو.(flash back).

6-چونە بەرەوە(اسشراف)،ئەمەش پێچەوانەی فلاش باکە.

7- ناخگۆیی. )) (سەراج،2012،9-10)

بۆیە دەبینین لە سەرجەم چیرۆکەشیعرەکانی (ئەنوەر قادر) بەشێکی زۆری لەم جوانیانەیی لە تەکنیکی گێڕانەوەدا بەکارهێناوە، لەبەر ئەوە ئەم ڕەگەزە لە چیرۆکە شیعردا ئامادەییەکی فراوانی هەیە، ئەنوەر قادر لە چەندین هۆنراوەیدا سوودی لەم ڕەگەزە بینیوە و بەهۆی ئەم ڕەگەزەوە و بە پاڵپشتی وەسفی هونەری چەندین وێنەی ئەدەبی لە چیرۆکەشیعرەکانیدا چێ کردووە بەڵام سەرەڕای ئەوەش ناکرێت وەسف بەهاوشانی گێڕانەوە دابنرێت، چونکە((گێڕانەوە بەدوایەکداهاتنی کاتی ڕووداوەکان پێکدەهێنێت، کەچی وەسف شتە هاوشوێنەکان ئەو شتانە دەنوێنێ کە لە شوێندا یەکتر دەبڕن ))( ئەڵوەنی، 2004،202).

واتە وەسف دەبێتە دیارخەری زیاتری خاڵە هاوبەشەکانی نێوان شتەکان یان شوێنەکان، هاوپۆلن و خاڵی هاوبەش و لێکچوویان زیاترە تا جیاوازی، بەڵام شاعیر یان نووسەر بەم وەسفە چێژ و خۆشیەکی زیاتر بە دەقەکە دەبەخشێت، چونکە وەسف وەک ئامرازێکی یاریدەدەر بۆ نووسەر یاخود شاعیر هاوکاردەبێت لە درێژکردنەوەی دەق یان کورتکردنەوەی باسکردن لە ڕووداو شتەکان. وەک دەبینین لە هۆنراوەی ( کۆچی شازادە) دا، دەڵێت:

ئیمشەو گیانە خەومەبینی:

زریان داری لە بن و بێخ هەڵئەکێشا

گەرداو دەریای ڕائەفڕاند

کەشتی ئەشکا

مەلەوانی چاو نەترساو

لەپەل ئەکەوت و ئەخنکا

جیهان گشتی وێران ئەبوو

ئیمشەو گیانە!

سەرم لەشمی بەجێ ئەهێشت

پەنجەکانم هەڵ ئەوەرین

دڵم سنگمی بەدەس ئەدڕی و بە شەقامەکاندا ڕای ئەکرد

تۆش کۆچت کرد بەجێت هێشتم

لە تۆ زیز نیم، خۆم بە خۆم کرد (محەمەد،2018،88)

ئەم گێڕانەوەیە کە بووە بەهۆی ئەوەی شاعیر خەونەکەیمان بۆ بگێڕێتەوە،واتە لەڕێگە ڕەگەزی گێڕانەوەوە شاعیر وەسفی خەونەکەی خۆیمان بۆ دەکات، هەروەها چەندین وێنەی شیعریی بنیاتناوە، باس لە چەندین ڕووداوی گەورە و کارەستبار دەکات، دووبارەبوونەوەیان ئاسایی نییە، وەک (کەشتی ئەشکا،مەلەوانی چاونەترساو، لەپەل ئەکەوت و ئەخنکا _ یان سەرم لەشمی بە جێ ئەهێشت) باسکردنی ئەم ڕووداوە دەگمەنانە بێ هۆ نییە و شاعیر مەبەستی خۆی لە دوای باسی ئەم ڕووداوانە دەخاتە ڕوو ئەڵێت (تۆش کۆچت کرد،بە جێتهێشتم ) واتە ئەم جێهێشتنەی ئەویش هاوشێوەی ئەو ڕوداوە کارەستبارانەی دیکەیە. واتە لێرەدا شاعیر بەهۆی گێڕانەوەوە مەبەستەکەی خۆی بەیان دەکات. لەبەر ئەوەیە بەشێک لە لێکۆڵەرەوانی ئەدەب چیرۆکەشیعر بە (شیعری گێڕانەوە) ناو دەبەن وەک (( (کاتە هامبرغر ) بە پلەی یەکەم جیاوازی لە نێوان دوو جۆر شیعردا کردووە:

-1شیعری لیرکی یان شیعری ویژدانی.

-2چیرۆکەشیعر یان شیعری گێڕانەوە. ))( هەورامان،2018،33-34)

بۆیە دەکرێت(گێڕانەوە)وەک سەرەکیترین خاڵی هاوبەشی نێوان چیرۆک و چیرۆکەشیعر دەست نیشانبکرێت گێڕانەوە چ لە چیرۆکە شیعردابێت یاخود چیرۆکی ئاسایی و ڕۆمان، لەڕێگەی چەند تەکنیکێکەوە دەبێت کە دیارترینیان (دیالۆگ، مەنەلۆگ، فلاشباک، وەصف) بۆیە لێرەدا چەند نمونەیەک دەخەینە ڕوو، (ئەنوەر قادر) بەهۆی سود وەرگرتن لەم تەکنیکانە چەند چیرۆکەشیعرێکی هۆنیوەتەوە. هەروەها دەتوانین سەرجەم ئەو تەکنیکانە بەتەنها لە چیرۆکە شیعری ( داستانی ئەڤینی سیوەخان)دا، دەستنیشان بکەین، هەر لە ناونیشانەکەیەوە تێدەگەین ئەم دەقە لە شیعرێکی ئاسایی زیاترە، شاعیر خۆی وشەی (داستان)ی، لە ناونیشانەکیشدا بەکار هێناوە. لە چیرۆکەشیعرەدا شاعیر بە سودوەرگرتن لە ڕەگەزی گێڕانەوە و لەسەر شێوازی ( هەبوو نەبوو ) دەست بەنووسینی دەقەکەی دەکات،بەڵام بە فۆڕمێکی جیاوازتر و دەڵێت:

دێیەک هەبوو،

بە زستانان کراسی بەفری دەپۆشی،

بەهارانیش گوڵاڵەی دەکردە بەری،

ڕەز بە هاوین کراسی ئاودامانی بوو،

پایزانیش خۆی هەڵدەژەند لە گەڵای زەردی ئاڵتوونی،

دێیەک هەبوو،دێیەک چ دێ؟!

دێی قەد شاخی کوردستان بوو،(محەمەد،183،2018)

شاعیر بەهۆی تەکنیکی گێڕانەوە و سود وەرگرتن لە وەسف وێنەی دێیەک دەهێنێتە پێش چاومان، چەند جوان و سەرنجڕاکێشە، وەرزەکانی هەریەکە و خاوەنی جوانی و تایبەتمەندی خۆیەتی، واتە لێرە گێڕانەوە بە پاڵپشتی وەسف توانیویەتی وێنەیەکی چێژبەخشی هونەریمان بۆ دروستبکات،بەڵام وەسفی سروشت و چوار وەرزی گوندەکە مەبەستی سەرەکی شاعیر نییە بەڵکو لەدوای ئەوە پێمان دەڵێت لەناو ئەو گوندە چی ڕوودەدا و دەڵێت:

دێیەک چ دێ ؟!

لە زاری ئاگردانییەوە

سەدان داستانی گەرم و گوڕ،

سەدان ڕازی خۆشەویستی،

دەپرژاندە دڵی پاکی ڕۆڵەکانی، (محەمەد،183،2018)

شاعیر لێرەوە واز لەوەسفکردنی خودی گوندەکە و سروشت و جوانییەکەی دەهێنێت،و دەست دەکات بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لەم گوندەدا ڕوویانداوە.ئەویش گێڕانەوەی ( داستانی ئەڤینی سێوەخان )کە لەم چیرۆکە شیعرەدا سەرجەم ڕەگەزەکانی وەک ( گێڕانەوە، دیالۆگ، مۆنۆلۆگ، کەسێتی،ڕووداو، کات، شوێن، پلۆت، وەسف)هەیە

**دیالۆگ:**

دیالۆگ واتە گفتوگۆ لە نێوان دوو کەس یان زیاتر، لە ئەنجامی هەردوو کردەی (گوتن + بیستن ) دێتە بوون و وەسف ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێت تێیدا. دیالۆگ بەشێوەیەکی گشتی لە سەرجەم ئەو بەرهەمانەدا هەیە، بەشێوەی پەخشان نووسراوە، ئەوەش بەهۆی پێکهاتە و مەودای فراوانی ئەو دەقە ئەدەبیانەی کە بەپەخشان نووسراون، بەڵام ئەم ڕەگەزە کەمتر لە ژانری شیعردا جێگەی بووەتەوە، چونکە شیعر خۆی لەترپەیەکی خێرا لە سۆز و ئیلهام کە دەزێتە خەیاڵدانی شاعیرەوە، ئەویش لەئەنجامی خەیاڵێکی تیژڕەوە لە مەڕ بابەتێکی دیاری کراو، بەڵام هەرچی ئەو ژانرانەیە کەسەر بە پەخشانن جگە لە خەیاڵ پێویستیان بەتوانای درێژەپێدان و ڕیکخستنی ڕووداوەکان و بیرکردنەوەیە لە ئەنجامی ڕووداوەکان، بۆئەم مەبەستەش پێویستیان بە دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان هەیە. کە ئامانجی ئەم دیالۆگەش لە دەقی ئەدەبیدا بریتیە لە (( ئەرکی سەرەکی دیالۆگ پەردە لادانە لەسەر باکگراوندی تێکست یاخود جۆری ڕەهەندی چیرۆکەکە بەگشتی، خودی دیالۆگی کەسەکانیش ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ گوزارشت لە سیما و تەنانەت ئاست وهێڵی هزریان دەکەن وە خەسڵەت و پلەوپایەی قسەکەرەکانیش ئاشکرا دەکات))(حەسەن، 155،2009) واتە ئەوە دیالۆگە کە شاعیر دەیکات بەئامرازێک لە ڕێگەی کەسێتیەکانەوە، بۆئەوەی لە بری چیرۆک بە شیعر پەیامەکەی خۆی پێدەگەیەنێت بە وەرگر.

لەم دیوانەی( ئەنوەر قادر)دا چەندین دەقی شیعری دەبینین، ڕەگەزی دیالۆگی تێدایە، شاعیر بەشێوازێکی هونەریی سودی لەم ڕەگەزە بینیوە تێیدا وەسف دەبێتە بناخەی دیالۆگەکە، وەک دەبینین لە شیعری (ئێوارەیە و کۆچ ئاگرە و ناکوژێتەوە) دیالۆگێکی نایابی هونەری دەبینین، لەنێوان شاعیر و هەورەکاندا دێتە کایەوە، دەڵێت:

هەورەکانی ئاسمانی شار

بۆ باوەشی گۆماوەکەی ؛ دەربەند ؛ ئەفڕین

وتیان : نامە ... سڵاو، هەواڵ

بۆ باوک و دایکت نانێری

ئەی نامەی ئەوانت ناویٚ؟!

وتم ؛سیروان ؛ هەموو ڕۆژێ

هەواڵیانم بۆ ئەهێنێ . (محەمەد،2018،42)

وەک دەبینین دیالۆگێکی جیاواز لەم دەقە شیعرییەدا هەیە، ئەویش لە نێوان (هەور + شاعیر) دا، دێتە کایەوە سەرەتا شاعیر وەسفی (هەورەکان) دەکات و دواتر دەکەونە گفتوگۆ،چیرۆکی پشتی دیالۆگەکە بریتیە لە بیرکردن و گەڕانەوە بە خەیاڵ بۆ زێدی شاعیر، (دەربەند) بووە،لەو سەردەمەی شاعیر لە بەغدا خوێندکاری زانکۆ بووە، شاعیر نایەوێت هەواڵی خۆی بۆ (دایک و باوک)ی بنێرێت بە (هەور)ەکاندا. چونکە ئاشکرایە (هەور ) هەموو ڕۆژێک ئامادەگیی نییە بەسەرییەوە جگە لەوەش وەڵامی (هەور)ەکان،دەداتەوە دەڵێت: من بەهۆی ڕووباری (سیروان)ەوە، کە هەموو ڕۆژێک ملی ڕێگە دەگرێت و سەر بەرەوخوار دەکەوێتە ڕێ، هەموو ڕۆژی هەواڵی نوێی (دایک و باوک)ی پێدەگات. شاعیر بەو پەڕی توانای هونەری خۆیەوە توانیویەتی دیالۆگێکی هونەری بەرز لە نێوان خۆی و هەورەکاندا بێنێتە کایەوە،کە لە چوارچێوەی پرسیار و وەڵامدایە، وەبەهۆی ئەو وێنە شیعرییەوە کە لە دیالۆگەکەدا هەیە،خوێنەر تێدەگات کە هەورەکان لە خوارەوە بەرەو باکور واتا دەربەند دێن .

شاعیریش لە خواروو عێراق چاوەڕوانی شۆڕبوونەوی سیروان دەکات بۆ پێگەیشتنی هەواڵی زێدەکەی خۆی. جگە لەم هۆنراوە شاعیر لە چەندین شیعری دیکەیشدا بەهۆی دیالۆگەوە پەیامێکی بە وەرگر دەگەیەنێت، بەڵام گرنگترین لایەنی هونەری ئەوەیە، دیالۆگەکە لەنێوان شاعیر و شتە بێگیانەکاندا ڕوودەدات کە توانای (وتن و بیستن)یان نییە، وەک دەبینین بە هەمان شێوە شاعیر لە هۆنراوەی ( گوڵسورخی لە هەرێمی مەرگا سۆزئەکا ) دیالۆگ لە نێوان (قسەکەر + پۆلێ مەل، درەخت) ئەنجام دەدات و دەڵێت:

پۆلێ مەلی سەرکەشم دی بۆ وڵاتی بەفر ئەڕۆیشتن

وتم بۆ کوێ؟

درەختم دی نیازی کۆچی سارای هەبوو

وتم بۆ کوێ ؟!

لە بەرزایی بێدەنگییا ... من ئەسووتام

لە دامێنی خامۆشیا ... وەستابووم هەر ڕائەمام

وتیان هەتاوی ئەم شارە مردوویەکە

لەتابوتی هەوررەکاندا ڕاکشاوە

وتیان هەتاوی ئەم شارە شێ سوارێکە

سەرتاپای نوقمی خوێناوە... (محەمەد،2018،ل42)

لەم چیرۆکەشیعرەدا، شاعیر هەردوو ڕەگەزی (مۆنۆلۆگ و دیالۆگ) بەکاردەهێنێت،وەک دەبینین لە دیالۆگەکەدا، لە شێوەی پرسیار و وەڵامدا لەنێوان شاعیر و پۆلی مەل، لەگەڵ شاعیر و درەختدا درووستبووە،پاشان شاعیر لە ڕوانگەی ئاورەبوونی باڵندەکانەوە، لە ناخی خۆی دەڕوانێت کە چۆن نوقمی بێدەنگی بووە، تا کاتێک ئەم بێدەنگیە دەشکێت، پرسیار لێکراوەکان وەڵام دەدەنەوە، خوێنەر هەست بە جیاوازی لە وەڵامی هەریەکێک لەم دووانە دەکات، وەڵامی (پۆلە مەلەکە) ئەوەیە، وەڵامی پرسیاری (بۆ کوێ) دەدەنەوە و هۆکاری ڕۆشتنەکەیان ڕوون دەکەنەوە.

لە وەڵامی مەلەکانەوە دەردەکەوێت، هەتاوە وەک مردووەیەک لە سەر پشتی هەورەکان ڕاکشاوە.دیارە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە وەرزەکە زستانە و شاعیر لە یەکەم دێڕدا ئاماژەی پیکردووە بە خوازەی (وڵاتی بەفر). پاشان درەختەکان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە، ئاخۆ بۆچی بەرەو سارا کۆچ دەکەن و دەڵێن ئەمانیش بەهۆی ئاوڕنەدانەوەی خۆرەوە لێیان بڕیاری کۆچی سارایان داوە، کە بێگومان هەریەکێک لەم وەڵامانە لە ئاستی ناوەوەی چیرۆکە شیعرەکەدا هەڵگری لێکدانەوەو دەلالەتی تایبەتن. واتە دیالۆگەکە لە ڕێگەی تەکنیکی بەکەسکردنی شتەکانەوە و هێنانە قسەی بێگیانەکانەوە دروستبووە، ئەوە بۆخۆی شێوازێکی تازە و داهێنانێکی ئەدەبی گرنگ بوو کە شاعیر پەی پێ بردووە هەر لەسەرەتای ئەزموونی شیعر نووسینیەوە.. شاعیر لە شیعرێکی دیکەیدا بەناوی (پرس ) دیالۆگێک کە لەنێوان خۆی و کەسی دووەمی تاک دا ئەنجامدراوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

لێم دەپرسی : لەکام دەریای شیرینەوە تۆ هاتووی،

گیانت هەموو بارانی سپی هەنگوینە، ...

لەبەر کامە خۆری گەشدا تۆ گەورەبووی،

چاوت، قژت وا ڕەش بوون،

دەمت، دەستت، هەموو گیانت گڕ و تینە؟!

هی کام شاخە؟!

ئەی ئەو تەمەی وا ڕووخسارتی داگرتووە،

بۆ مەرگی کامە دڵدارە؟!

ئەی کچی شەنگ!

لە خاکێکەوە من هاتووم،

ساڵی هەزاران فەرهادی تێدا دەمرێ و

دەم نانێنە دەمی شیرین ... (محەمەد،2018،111)

لێرەدا شاعیر سودی بینیوە لە ڕەگەزی دیالۆگ بۆ گێڕانەوە و وەسفی چیرۆکی عەشقی ناکامی (شیرین و فەرهاد)، لە ڕێگەی پرسیاری کەسی دووەمی تاکەوە، چەند سیفاتێکی وڵاتەکەی دەخاتە ڕوو، ئەوەش دەرخەری ئاستی ڕۆشنبیری کەسێتی دووەمە کە هێندە ورد و بەدیقەتە، توانیویەتی بە چەند خەسڵەتێک ئەم کەسە جیابکاتەوە و بزانێ کەسێکی غەریبەیە، شاعیریش لە ڕێگەی وەڵامێکی کورت و پوخت کە لە هەگبەیدا چیرۆکی دوو ئاشق دەگێڕێتەوە وەڵامی دەداتەوە. کەواتە لێرەدا شاعیر سودی لە ڕەگەزی دیالۆگ بینیوە بۆ دەوڵەمەند کردنی ناوەڕۆکی شیعرەکەی و بە زمانێکی شیعری دایڕشتوەتەوە.((پەرەسەندنی هونەری گێڕانەوە کە ئاشکرایە لەگەڵ هاتنی چیرۆکدا بووە،لەزەمەنی (فۆبلێر)ەوە،زیاتر ڕیشەی خۆی دادەکوتێت بەوە ئاخاوتنو دیالۆگی ڕۆژانە پەلکێش بکرێتە ناو چیرۆکەکانەوە))(ڕەسوڵ،2009،9) واتە شاعیرلە ڕێگەی سود وەرگرتن لە دیالۆگ وەک یەکێک لە ڕەگەزەکانی چیرۆک دەتوانێت شیعرێکی نایابتر یان چیرۆکەشیعرێک بنووسێت. کە چێژبەخشتربێت لە چیرۆکێکی ئاسایی.

**مۆنۆلۆگ:**

مۆنۆلۆگ زاراوەیەکە، لە زمانی کوریدا هەندێکجار وشەی (ناخگۆیی)بۆ بەکاردەهێنرێت، کاراکتەرەکان هەمیشە لە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە وەسفی دۆخی دەروونی خۆیان دەکەن.کە یەکێکە لەو تەکنیکانەی شاعیر لە ڕێگەیەوە بەناو ناخی خۆیدا ڕۆدەچێت و ئەوەی دەیەوێت لە دیالۆگێکی ڕاستەوخۆدا نەیڵێت لێرەدا بە پەنهانی بۆ خوێنەری ئاشکرا دەکات .

ئەم تەکنیکە زیاتر لە چیرۆک و ڕۆماندا بەکاردەهێنرێت، بە بەراورد بەشیعر (( ڕۆماننووس بەهۆیی دوانی ژوورەوە(مۆنۆلۆگ) وێنەی کەسایەتیەکانمان بۆدەکێشێ))(سەڕاج، 13،2007)، بەلام وەک پێشتر ئاماژەمان پیدا لە ئەنجامی پێکداچوونی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی(شیعر و چیرۆک ) ئەوا چیرۆکەشیعر دروستبووە، لە چیرۆکە شیعریشدا، شاعیر پەنا بۆ ئەم ڕەگەزە دەبات . چونکە لە چیرۆکە شیعریشدا وەک چیرۆکی ئاسایی کارەکتەر هەیە،شاعیریش بۆ پیشاندانی چۆنیەتی بیرکردنەوە و ئاشکراکردنی لایەنی دەروونی وئەقڵی کارەکتەر ڕێگە دەدا بەهۆی مۆنۆلۆگەوە ئەو کەسێتیە خۆی بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات ((مۆنۆلۆگ یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی وێنەکێشانی بارودۆخی کارەکتەر ورۆڵی سەرەکیش لە ڕووداوەکان دەگێڕێت وپێویستی بەوەلام دانەوەی خێرای هیچ یەکێک نییە، دوور لە کارلێکی گوێگر بەڕێوە ئەڕوات ))(فەرەج،160،2012) واتە بە پێچەوانەی دیالۆگەوە، لە مۆنۆلۆگدا کەسی گوێگر بوونی نییە، تەنانەت هەندێکجار پێویستی بە قسەکەریش نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە تەنها بیرکردنەوە وەرگێڕانی بیر و خەیاڵی کارەکتەر بۆسەر وشە. جا ئەم وشە بهێتە گوتن یان نەیەت.

لە نێو بەرهەمە شیعرییەکانی( ئەنوەر قادر)دا، چەند نمونەیەکی شیعریمان بەرچاو دەکەوێت، شاعیر پەنای بردووەتە بەر ئەم تەکنیکە. وەک لە شیعری (وەرە خواریێ...ئەی خواکەی غەریبان،لە کلکەی هەوری ئاڵەوە وەرە خواریێ!) دەردەکەوێت، ((ئەگەرچی چامەی (وەرە خواریێ ..ئەی خواکەی غەریبان ...)مۆنۆلۆگێکی قوڵە، مۆنۆلۆگیش وەک دەزانین لەگەڵ خۆدایە، بەلام ئەم خۆیە خۆیەکی دەستەجەمعییە و بە کەڵکەڵەی میللەتێک بارگاوییە، دایەلۆگێکی لەگەڵ دنیاکەی بەرقەرار کردووە و ئەمیش ئامادەگییەکی هونەری پێبەخشییوە، ئەم خۆیە ڕەهەندێکی گشتی وەرگرتووە...سەرئەنجامی کاریگەری ئەو دۆخە ناهەموارەی مێژوویەی، دەستەویەخەی ڕەهەندە ناوەکییە تەنیاکەی – ڕەهەندە دەروونیەکەی –ئەو بۆتەوە وهەوڵدەدات لە ڕێگای ئەم مۆنۆلۆگەوەگرێکانی بکاتەوە ))(نادر، 186،2019).

ئاشکرایە هیچ کاتێک نەبووە مرۆڤ بەرامبەر بە خودا قسەی خۆی بکات ڕووبەڕوو،واتا قسەکردن لە گەڵ خودا ڕووینەداوە لە شێوەی دیالۆگدا (جگە لە گفتوگۆی چەند پێغەمبەرێک بەرامبەر بەخودا) واتە مرۆڤ ئەو کاتەی داوای شتێک لە خودا دەکات هاوشێوەی دیالۆگێکی ئاسایی چاوەڕێی وەلامی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو مرۆڤ بە پەنهانی و لە نێو دڵی خۆیدا ڕاز و نیازی خۆی بۆ خودا ئاشکرا دەکات.چونکە دەزانێت خودا دەتوانێت داوەکەی ببیستێت بە بێ دەنگ هەڵبڕین و قسەکردنیش. بەلام ئەوەی لەم ناونیشانەدا دەخوێنرێتەوە، هەڵچونێکی دەروونی زۆری شاعیرە بەرامبەر بە دۆخی ئەو سەردەمەی کوردستان کە چەند مانگێک پاش

نسکۆی شۆڕی ساڵی 1975 نووسیویەتی واتە لەم دەقەدا شاعیر بانگی مانەوەی بەهێزی خۆی دادەت بەم جۆرە وەسفی خۆی دەکات و دەڵێت:

خۆ من چەمە زستانەنیم، هەر هاوین هات هەڵپڕوکێم

ئەستێرەنیم، شەونەبێ نەتوانم بفڕم

خۆریش نیم، بە باڵە مەلە،بەڕۆژدا ئاسمان تەی بکەم

چۆن کپ ئەبم ؟!(محەمەد،65،2018)

شاعیر لێرەدا دەنگی هاواری ناخی خۆی بە گوێی خودادا دەدات،دەیەوێت بڵێت هەرچەند شکستمان بێتە ڕێ بەڵام ئێمە کۆڵنادەین شاعیر خۆی وەک نوێنەری گەل وێنا دەکات ((ئەم دەقەی ئەنوەر قادر لە پایزی ساڵی 1975 دا نووسراوە،نزیکەی شەش مانگ لەدوای هەرەسی شۆڕشی کودی ...دەنگی شاعیر دەنگی ناوەوەی کوردە، ئەودەنگەی کە ناشێت بە ئاسانی کپبکرێت یان بکوژرێت ڕاستە لەدەرەوەڕا شۆڕش شکستی پێدەهێنرێت، بەڵام دەنگی گەل لە ناوەوەڕا دەنگێکی زیندووە، دەنگێکە ئەگەرچی لەلایەن ئەویترەوە نابیسترێت، بەڵام ئامادەبوونی هەیە ))(هەورامان،2018، 174)واتە شاعیر ئەگەر تەنها لە ناخی خۆیشیدا بێت پاڵپشتی خۆی دەکات و بەخۆی دەڵێت ئەم وەک (ئەستێرە )نییە، گەر شەونەبێت نەتوانێ دەرکەوێت، بەڵکو ئەم مرۆڤێکە لە هەموو بونەوەرێکی سەرزەوی بەهێزترە. خۆی لە( خۆر)یش پێ بەهێزترە، تەنها لە ڕۆژدا دەتوانێت دەرکەوێت و لە سنوری ڕۆژ لایدا بوونی ئەویش نامێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بەهێز و نەبەزی شاعیریش بێ سنوور نییە،بەڵکو شاعیر ئەوە بەبیر خۆی دێنێتەوە کە ئەویش لە کات و ساتێکی دیاریکراودا ئاوادەبێت و کپ دەبێتەوە،دەڵێت:

گەر شێت نەبم من لەکوێ ودەست لە ملی وڵات کردن لە کوێ؟!

گەر شێت نەبم من لەکوێ و هەڵمژینی هەڵاڵەی لێوی

"کابووڵ"ی یار لەکوێ ؟! (محەمەد،68،2018)

شاعیر لێرەدا، بە پێچەوانەی پێشووە وە، دەست لەو خەونەی خۆی هەڵدەگرێت و بەخۆی دەڵێت، ( گەر شێت نەبم) واتە شاعیر ڕووی دەمی لە خۆیەتی و خۆ بە کەسێکی کامڵ نازانێت لەبەر ئەوەی پێشتر بیری لە (دەست لە ملکردنی وڵات ) کردببووەوە. پاشان شاعیر وەک

ئەوەی نا ئومێد بووبێت لە هەموو مرۆڤەکان تا قسەی دڵی خۆییان بۆ بکات، هەر بە بێ دەنگی و لە نێو دڵی خۆیدا ڕوو لەخوا دەکا و دەڵێت:

من نامەوێ لە وڵاتی غەریبیدا سەری تاسەم بنێمەوە

من دڵ ...دڵم لەبۆتەی لەشما غەریبە

ئەی خواکەی غەریبان تۆ!

لە کلکەی هەوری ئاڵەوە بە پێی پەتی

کەی دێیت و کەی پەیامێ بۆ مە دێنی و

کەی بە هەموو جیهان ئەڵێی:

ئا ئەمانە جگەرگۆشە بێ نازکەوتووەکانی منن؟!(محەمەد،2018،68)

ئەم مەنەلۆگەی شاعیر لە ئاستێکی بەرزی هونەریدایە، کە لە شێوەی پرسیارێکی بێوەڵامدا، قسەی ناخی خۆی دەکات، وەک نیشاندان و دەربڕینی ناڕەحەتی و ناخۆشی ژیانی خۆی بۆ خودا..لە هەمانکاتدا دواکارە لە خودا کە جیهان ئاگادار بکاتەوە ( لە بێنازی )وبێ دەوڵەتی وبێدەرەتانی گەلی کورد کە شاعیر وەک نوێنەرو پەیامنێری ئەوان دێتەگۆ.کە لەسەرەتادا شاعیر شکات لە حاڵی خۆی دەکات کە تەنانەت(دڵ) ی خۆیشی لێی(غەریب) بووە،و دەیەوێت جێیبهێڵێت.واتە سکاڵاکە جارێک خودییە و جارێکیش گشتییە. بەڵام هیچ سکاڵایەکیان چاوەڕوانی وەڵامی گوتن نییە، بەڵکو چاوەڕوانی وەڵامی کردەییە. واتا مەنەلۆگ لێرەدا لە چوارچێوەی بیرکردنەوەیەک لە داهاتوو هەروەها گلەییەک لە ڕابردوودا، لە ناخی شاعیردا پەنگی خواردبووەوە نیشان دراوە. دواتر شاعیر ئەم مۆنۆلۆگە لەگەڵ خۆی دەکات لە شیعری (ئای تاتیانای قەشەنگ!)( کە تاتیانا کچێکی ڕووسی بووە کچی کەسێکەی ئەرستۆکراتی بووە و بووە بە خۆشەویستی (مایکۆڤسکی )،بەڵام لە کۆتایدا بەهۆی ئەوەی (تاتیانا) چوە بۆ پاریس و خۆشەویستەکەی نەیتوانییوە بچێت سەردانی بکات.خۆشەویستییەکەیان بە کۆتای گەیشتووە،ئەوەش بووە بەهۆی خەمناکی (تاتیانا) بەڵام شاعیر ئەم چیرۆکە ئەقۆزێتەوە بۆ داڕشتنەوەی لە چوارچێوەی چیرۆکەشیعرێکدا، دەڵێت:

ئای تاتیانای قەشەنگ!

پاسپۆرتەکەم مەلێکە ماندوو

باڵیان کردووە و پاریسیش دوورە

تەنیا هەر چڵی ڕووتی خۆزگەمە،

چاوەڕێی پۆلە چپەی ناسکتە بگەڕێتەوە

تا ئێوارەش دێ و هەتاو کۆچ ئەکا

هەر بۆت ئەڕوانم...

هیچ دەنگ نایە... نامەی تۆ نایەو

پاریسیش دوورە ... (محەمەد،2018، 59)

شاعیر لێرەدا لەبری (مایکۆڤسکی ) ڕوو لە تاتیانای قەشنگ دەکات و لە نێو ناخی خۆیەوە قسەی خۆی دەکات ..بەڵام وەک لە دێڕەکانی کۆتایدا ئاماژەی پێدەدا، ئەوە دڵنیایە کە نامەی تاتیانا نایەت و چاوەڕێی وەڵامێکی دەست بەجێ یان نامەیەک نییە. ئەم قسانەی کە کردی تەنها دەربڕین و خستنە ڕووی ناخی خۆیەتی. واتە شاعیر سودی لەم ڕەگەزە بینیوە بۆ داڕشتنەوەی چیرۆکێک لە چوارچێوەیەکی شیعریدا.

**فلاشباک:**

فلاشباک وەک تەکنیکێک لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە شاعیر پەنای بۆ دەبات نزیکە لە مۆنۆلۆگەوە سەر بە لایەنی شەپۆلی هۆشە. شاعیر یان کارەکتەری نێو چیرۆکەشیعرەکە لەڕێگەی ئەم تەکنیکەوە وەسفی دۆخێک یان ڕووداوێکی تایبەتی ڕابردوومان بۆ دەکات. ((ئەم تەکنیکە پتر بایەخ بە لایەنی سایکۆلۆژیی کەسایەتی سەرەکی دەدات..ڕاکردنە لە جیهانی دەرەکی و پەنابردنە بە جیهانی ناوەکیی خود)) (ئەسوەد،2011، 233).

سەرەڕای نزیکییان لەیەکدی، بەڵام فلاشباک جیاوزیی هەیە لەگەڵ مۆنۆلۆگ، چونکە مۆنۆلۆگ دەکرێت کردەیەکی تا ڕادەیەک خۆویستی بێت یاخود بیرکردنەوەیەک بێت لە داهاتوو یان ڕابردوو، بەڵام فلاشباک هەر وەک لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو بۆیە هەندێک جار لێکۆڵەرەوانی ئەدەبی لەبری وشەی فلاشباک، زاراوەی (دواخراو) بەکاردەهێنن، مەبەست لێی گێڕانەوەی ڕووداوێکە کە پێشتر ڕوویداوە بەڵام ڕووداوەکە باس نەکراوە لە کاتی خۆیدا،گێڕانەوەکە دواخراوە(( واتە گێرەرەوە (حیکایەتخوان) کاتی ئێستای گێڕانەوەکە

ڕادەگرێت و دەست دەکات بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لە زەمەنێکی دوور بەر لە گێڕانەوەی ڕووداوەکە ڕوویانداوە،بە مەبەستی پێدانی زانیاری زیاتر بە خوێنەر ))(ئیبراهیم،2015،53).

واتە گێڕەرەوە لە ڕێگەی گێڕانەوەی خەیاڵی یەکێک لە کارەکتەرەکانەوە،گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەی ئێستا ڕادەگرێت و ڕووداوە کۆنەکە بەشێوەی فلاشباک دەگێڕێتەوە،ئەوەش یەکێکە لەتایبەتمەندیەکانی فلاشباک ئەوەیە کە خۆنەویستانە ڕوودەدات، لە ئەنجامی بەرکەوتنی یەکێک لە هەستەکانی وەک ( بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، دەسلێدان)ەوە کارەکتەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوە لە ڕابردوو (( فلاشباک هێنانەوەی ڕووداوێکی ڕابردووە لە ڕێی زەینی کارەکتەرەکانەوە وتێکەڵکردنی لەگەڵ ئێستا ...

لێرەدا ئاستی یەکەمی گێڕانەوەکە ڕادەگیرێت و دەگەڕێتەوە بۆ باسکردنی ئەوڕووداوەی لەڕابردوودا ڕوویداوە. فلاشباک کردەیەکی لە پڕو بێ بەرنامەیە،لەدەرەوەی ویستی مرۆڤە))(عەلی، 2015،154) (ئەنوەر قادر )ی شاعیر لە چەندین چیرۆکە شیعردا، زۆربەلێهاتووی سوودی لەم تەکنیکە وەرگرتووە . وەک دەبینین شاعیر لە چیرۆکە شیعرێکیدا بەناوی ( غەریبی)ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بەسەر (مەولانا خالیدی نەقشبەندی)دا، هاتووە،بەڵام لە دوای ڕووداوی یەکەم (مەولانا خالید) خۆی دەبێتە گێڕەرەوە ڕوداوێکیتر کە بەهۆی فلاشباکەوە ڕوویداوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

مەولانا بەو گەورەییە،

ڕۆژێ دوو دوو،

تەنەکە ئاوی بەسەر شان،

بۆ تەکیەکەی شێخی (دەهلەوی ) دەهێنا،

لەڕێ لایدا، تۆزێ دانیشت، نەختێ ڕاما،

هۆن...هۆن فرمێسک بەسەر ڕوویدا قەتارەی بەست،

لە پەنجەرەی تەکیەوە (شێخ) چاوی لێ بوو،

شێخ بانگیکرد وتی: خالید!

لە لێزمە فرمێسکی ئەمڕۆت نەگەیشتم!

وتی: قوربان ئەو ئافرەتەی،

کە بەتەنیشتما تێپەڕبوو...

ڕووخساری هەر لە ڕووخساری دایکم دەچوو،

هەر کە بینم،سلێمانیم کوچە کوچە هاتە پێش چاو،

یەکسەر ئاگرم تێ بەربوو،دڵم پڕبوو،

ببورە لێم، خۆت دەزانی قوربان سۆز و

قوربان کەڵکەڵەی نیشتیمان .... (محەمەد،2018،131-132)

شاعیر لێرەدا بەهۆی سود وەرگرتن لەتەکنیکی گێڕانەوە،ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو ڕووداوەیش ڕووداوێکی دیکەی بەهۆی فلاشباکەوە لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، ڕووداوی یەکەم پیشاندانی ( مەولانا خالیدی نەقشبەندی)یە، کە وەسف دەکرێت بەوەی، بە شان ئاو بۆ تەکیی شێخەکەی دەبات،ەو کاتەدا دا دەنیشێت و دەست بەگریان دەکات بەهۆی فلاشباکەوە.

پاشان بەهۆی گێڕانەوەی هۆکاری گریانەکەی بۆ شێخەکەی،خوێنەریش لە هۆکاری گریانەکەی تێدەگات و لە گێڕانەوەکەیدا ئاماژە بە (بینین ژنێک) دەکات، لە یەک کاتدا (دایک+ سلێمانی) ی بە شێوەی فلاشباک هێناوەتەوە یادی مەولانە. شاعیر وەک گێڕەرەوەی هەمووشت زان،خۆی دەرنەخستووە بەڵکو بەشێکی گێڕانەوەکی بۆ کارکتەرەکان جێهێشتوو(( شاعیر زۆرجار بگێڕەوەی لاوەکیش دێنێتە ئاراوە،بەڵام ئەمانە زۆر بەکەمی ڕۆڵ دەگێڕن)) (ڕەئوف،2009،158) ئەوەش دەبێتەهۆی ئەوەی، خوێنەر زیاتر چێژ لە خوێندنەوەی چیرۆکەشیعرەکە ببینێت و پێ بەپێ لەگەڵ ڕووداوەکانی نێویدا بڕوات.

ئەم چیرۆکەشیعرە کە ئەم ڕووداو بەسەرهاتانەی تێدایە لەگەڵ دیالۆگ و فلاشباک هەموو کەرەستەی نووسینی چیرۆکن،بەڵام شاعیر بەهۆی توانا و سەلیقەی ئەدەبی خۆیەوە لەشێوەی چیرۆکە شیعرێکدا دایڕشتووەتەوە و گێڕانەوەی کردووە بە هۆکارێک بۆ وەسف کردنی چەند ڕووداوێک و دەرخستنی لایەنی دەروونی کارەکتەرێکی نێو ڕووداوەکان، (مەولانا خالیدی نەقشبەندی)یە.

**تەوەری سێیەم :باسی دووەم: ئەرکی ئیستاتیکای وەسف لە بونیادی چیرۆکەشیعرەکانی ئەنوەر قادر محەمەددا:**

بێگومان بەهۆی ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی، کە ئیستاتیکای وەسف دەیگێڕێت لە دەقی ئەدەبیدا، چەندین ئەرکیشی دەکەوێتەسەر، کە هیچی لە ئەرکی ڕەگەزە سەرەکییەکانی دیکەی (شیعر یان چیرۆک ) کەمتر نییە، واتە ئیستاتیکای وەسف بە هەمان شێوەی شیعر و چیرۆک، لە چیرۆکەشیعردا چەندین ئەرکی جیاواز ئەبینێت، لەوانەیش:

**یەکەم : ئەرکی ڕازاندنەوە :**

ڕازاندنەوە و جوانکاری ئەرکی لە پێشینەی وەسفە لە نێو دەقی ئەدەبیدا. بەجۆریک بەدەگمەن دەقێکی ئەدەبی دەبینن کە وەسف بۆ مەبەستی ڕازاندنەوە بەکار نەهێنرابێت.واتە هەمیشە شاعیران وەسف وەک ئامرازی سەرەکی ڕازاندنەوەی ئەو بابەتە بەکار دەهێنن کە دەیانەێت لەسەری بنووسن، ئەوەش بەمەبەستی زیاتر سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بۆ بابەتەکە، وەک لە دەستپێکی چیرۆکەشیعری(داستانی ئەڤینی سێوەخان)ی(ئەنوەر قادر)دا دەبینین، شاعیر بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش وەسفی چوار وەرزەی ساڵمان بۆ دەکات، چی گۆڕانێک بەسەر سیمای و شێوەی ئەوگوندەدا دێنێت، دەڵێت:

دێیەک هەبوو،

بە زستانان کراسی بەفری دەپۆشی،

بەهارانیش گوڵاڵەی دەکردە بەری،

ڕەز بە هاوین کراسی ئاودامانی بوو،

پایزانیش خۆی هەڵدەژەند لە گەڵای زەردی ئاڵتوونی،(محەمەد،2018،183)

ئەم جۆرە لە وەسف دەبێتە هۆی زیاتر چێژبەخشین بە خوێنەر، چونکە شاعیر لەڕێگەی وەسفەوە سیفاتی مرۆڤبوونی بە دێیەکە بەخشیوە،چەند کردارێکی داوەتە پاڵ دێیەکە، توانی جێبەجێکردنیان تەنها لە مرۆڤدا هەیە، وەک (پۆشین، لەبەرکردن، خۆهەڵژەندن) واتە ئەوە وەسفە شێوازێکی ستاتیکای بە دەقەکە بەخشیووە،ئەگەرنا شاعیرانی دیکەش هەر یەکە و بەجۆرێک وەسفی سروشت یاخود گوندەکانیان کردووە. بەڵام (ئەنوەر قادر) لە ڕێگەی بە ( مرۆڤ) کردنەوە توانیویەتی جوانییەکی نوێ بە وەسفکردنی دێیەکە ببەخشێت.(( زۆرجار ئەو

بڕگە وەسفیانەی، ئەرکی ڕازێنەرەوە یان ئارایشتی دەگێڕن، ڕاستەوخۆ خزمەتی ڕەوتی ڕووداوەکان ناکەن ))(مەجید،13،2008) وەک لەو چیرۆکەشیعرەدا دەردەکەوێت، کە ئەرکی ئەو بڕگە وەسفیانە تەنها بەخیشنی سیمایەکی ئیستاتیکییە بە چیرۆکەشیعرەکە، هیچ ڕۆڵێکی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان نییە، بگرە پێش باسکردنی هیچ ڕووداوێک شاعیر ئەم وەسفەی بەکارهێناوە بە مەبەستی ڕازاندنەوەی چیرۆکەشیعرەکەیی.

**دووەم : ئەرکی خاوکردنەوەی ڕووداوەکان:**

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد چیرۆکەشیعر وەک چیرۆک سود لە ڕەگەزی ڕووداو دەبینێت، شاعیر بۆئەوەی بتوانێت درێژە بەگێڕانەوەی ڕووداوەکان بدات و لە هەمانکاتدا حەزی خوێندنەوەی چیرۆکەشیعرییەکەی لای خوێنەر کز نەبێت زۆرجار پەنا دەباتە بەر خاوکردنەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان لە ڕێگەی وەسفەوە، ئەوەش بەمەبەستی درێژەپێدانی چیرۆکە شیعرەکەی  وەک لەم نمونەدا دەیبینین، شاعیر لە ڕێگەی گێڕانەوەوە، وەسفی ( شوانێک) دەکات پێش ئەوەی بچێتە سەر خودی ڕووداوەکەی کەبەسەر هاتوو و دەڵێت:

باوکم ئەیوت:

"شوانێ دۆستی چیا و هەردو هێمنی بوو

تیشکی وێنەی ڕووخساری خوا،لە ئاسمانی پاکی دڵیا

لەپڕ دەرکەوت و ونیش بوو... (محەمەد،83،2018)

لێرەدا شاعیر بۆ چەند مەبەستێک وەسفی بەکار هێناوە، وەک ناساندنی شوانەکە بە هاوڕێی چیا و هەرد..کە ئەم دووانەش هەمیشە هەڵگری دەلالەتی دورکەوتنەوە لە قەرەباڵخی و شارستانیەت و گەڕانەوەیە بۆ سروشت و بێدەنگی و هێمنی.لە دێڕی دواتردا شاعیر درێژە بەوەسفی شوانەکە دەدات ئەمەش مەبەست لێی درێژکردنەوەی ڕەوتی گێڕانەوی ڕووداوەکانە، پێش  ئەوەی وەسفی ڕووداوە سەرەکییەکەمان بۆ بکات.هەروەها لەم دێڕەدا شاعیر لە ڕێگەی وەسفی دڵی شوانەکەوە وێنەیەکی (زەینی) دەچنێت، ئیستاتیکییەکی تەواوی بەخشیووە بە دەقەکە، ئەویش (تیشکی وێنەی ڕووخسای خوا) کە ئەمە لەجۆری وێنەی زەینییە. لە جۆرەکانی وێنەی شیعریدا.

پاشان له هه‌مان دێڕدا وێنه‌یه‌كی دیكه‌ی زه‌ینی هه‌یه‌، ئه‌وه‌ش هه‌ر له‌ڕێگه‌ی وه‌سفه‌وه چێكراوه‌، ئه‌ویش وه‌سفی (دڵ) ی شوانه‌كه‌یه‌، شاعیر ده‌ڵێت (له‌ئاسمانی پاكی دڵیا) واته شاعیر لێره به‌جۆرێك وه‌سفی (دڵ) ی شوانه‌كه ده‌كات، خاوه‌نی دڵێكی پاك و پڕ ئیمانه‌. شاعیر لێره‌دا سودی له بیروباوه‌ڕه‌ی ئاینی وه‌رگرتووه‌، چونكه له ڕووی دینیه‌وه ده‌گونجێت كاتێك به كه‌سێكی باش و له خواترس ده‌ڵێت (ترسی خوای له دڵدایه) یاخود به كه‌سێكی خاوه‌ن ڕه‌حم و به‌زه‌یی و لێبورده ده‌ڵێن (ڕه‌حمی خوای له دڵدایه) به‌ڵام لێره شاعیربه سودوه‌رگرتن له وه‌سف و دروستكردنی وێنه‌ی زه‌ینی له بری سیفاته‌كانی خودا، (تیشكی وێنه‌ی ڕووخساری خوا) ده‌داته پاڵ دڵی شوانه‌.كه ئه‌م ده‌ركه‌وتنه‌یش وه‌ك ڕووداوێكی ئاسایی نه‌بووه‌، به‌ڵكو له‌دێڕی دوای ئه‌وه‌دا شاعیر به وه‌سفی چۆنێتی ڕووداوه‌كه‌، زیاتر وێنه‌ی دیمه‌نه‌كه ده‌چسپێنێت له زه‌ینی خوێنه‌ردا، ده‌ڵێت (له پڕ ده‌ركه‌وت و ونیش بوو). واته شێوازی ده‌ركه‌وتنی تیشكی وێنه‌كه له دڵی شوانه‌كه‌دا ڕووداوێكی بروسكه‌ئاسایی بووه‌، ده‌ركه‌وتن و نه‌مانی له‌هه‌مان كات و ساتدا بووه‌.

**سێیه‌م: وه‌سفی تێڕامانی:**

له‌ناوه‌كه‌یه‌وه دیاره ئه‌ركی ئه‌م وه‌سفه‌یه‌، له‌سه‌روو وه‌سفكردنێكی ئاساییه‌وه‌یه‌. واتا له بونیادی ئه‌م وه‌سفه‌دا خوێنه‌ر توشی جۆرێك له سه‌رسامی ده‌بێت، ئه‌وه‌ش له ئه‌نجامی ئه‌و شێوازه‌یه له تێڕوانینی قوڵ و كاریگه‌ری شاعیر بۆ بابه‌تی وه‌سفكراو.له‌نمونه‌ی ئه‌م جۆره وه‌سفه له چیرۆكه‌شیعره‌كانی (ئه‌نوه‌ر قادر)دا، زۆر به‌رچاو ده‌كه‌ون، بۆنمونه له چیرۆكه شیعری (ئه‌و شه‌وانه‌ی) به‌جۆرێك وه‌سفی خۆی ده‌كات، خوێنه‌ر توشی تێڕامان ده‌كات،ده‌ڵێت:
نه‌وه‌ك ڕۆژگار،

ده‌ستی مردن به مردنی خۆی ناتوانێ،

له مێشكمدا بسرێته‌وه:

ئه‌و شه‌وانه‌ی بانیخێڵان''له‌به‌ر تیشكی مانگه شه‌ودا،

گوڵان''ی ده‌كرد به‌سه‌رین،

به‌سه‌ر باخه‌كه‌ی به‌رده‌میا،

پووزی سپی تا ناو سیروان‘‘درێژ دەکرد.(محەمەد،121،2018)

خوێنەر هەر بە ناونیشانەکەدا، لەوە تێدگات کەشاعیر لە دۆخێکی نۆستالۆژی و خەمباردایە، بۆی دەردەکەوێت کە شاعیر دەیەوێت لەبارەی ڕابردووەوە بدوێت،بەتایبەت گەڕانەوەیەک بۆشەوانێک کە جوانیەکانی (گوندەکەی – بانیخێڵان) وێنەیەکی جاویدانی لە بیرگەی شاعیردا چەسپاندووە.شاعیر لەم کۆپلەی شیعرەکەیدا لەسەر دوو ئاست وەسفی بونیاد ناوە.

١ : **وەسفی خودی** :ئەو وەسفەیە کە شاعیر بەنێو ناخی خۆیدا ڕۆدەچێت و لە شێوەی مەنەلۆگدا دەکەوێتە وەسف و بەیانکرنی ناخی خۆی، تەنانەت بە مردنیش زێدی خۆی لە بیر ناکات.کە ئەوەش دەچێتە خانەی وەسفی تێڕامانییەوە، لەلایەک لەئەنجامی تێڕامانی قوڵی شاعیر بووە لە ناخی خۆی بەشێوەیەک یەقینی ئەوەی لا درووست بووە، ئەو خۆشەویستی لە مێشکیدایە بە مردنیش ناسڕێتەوە..لێرەدا و بەم وەسفە خوێنەر توشی تێڕامان دەبێت، دەبێت ئاخۆ ئەوە چی بێت کە بە مردنیش لە مێشکی شاعیردا نەسڕێتەوە.شاعیر لە دێڕی دواتردا ئەوە ئاشکرا دەکات و دەڵێت (ئەو شەوانەی ...) شاعیر لێرەوە جۆرێکی دیکەی وەسف بەکاردەهێنێت، ئەویش:

٢ : **وەسفی بابەتی** : لەم جۆرەدا شاعیر وەک دەرئەنجامێک و وەڵامدانەوەیەکی جۆری یەکەمی وەسفەکە بەردەوام دەبێت لە پرۆسەی وەسفکردنەکە. کە ئەویش وەسفی سروشت و دیمەنە بینراوەکانی گوندەکەی (بانیخێڵان)ە. واتە ئەگەر ئەو جوانی و سەرنجڕاکێشییەی نەبوایە ڕەنگە ئەو گوندە ئەو کاریگەریەی لەسەر دەروونی شاعیر نەبووایە کە لە جۆری یەکەمی وەسفەکەدا بەیانی کردبوو. لێرەدا شاعیر لە یەک کاتدا وەسفی (کات– کە شەوە هەروەها شوێن –کە بانیخێڵانە)دەکات.شاعیر بەهەمان شێوەی شیعری پێشوو لێرەدا دووبارە، گوندەکەیان بە مرۆڤ دەچوێنێت.(( خستنە سەری سروشتی مرۆڤ یاخود زیادکردنی خاسیەتی ئادەمیزادە بۆ سەر ئەوشتانەی یان ئەو گیانلەبەرانەی کە ئادەمیزاد نین))(گەردی،2004، 140) وەک دەبینین لێرەدا سیفاتەکانی (نووستن و هەنگاونان)ی دەداتە پاڵ گوندەکە. ئەوەش دەرئەنجامی ئەو سەرسام بوون و تێڕامانە قوڵەیە، کە بۆ جوانی سروشت وهەڵکەوتەی گوندەکەیان هەیەتی.

**چوارەم : وەسفی دراماتیکی:**

ئەم جۆرە وەسفەیش لەڕێگەی ناوەکەیەوە، بەشێک لە چۆنێتی ئەرکەکەیمان بۆئاشکرا دەبێت.واتە وەسفێک کە بەشێوەیەکی درامی وێنەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان یاخود کارەکتەرەکان دەخاتەپێش چاوی خوێنەر، بەجۆرێک خوێنەر زانیاری باش بەدەست دەهێنێت لەسەر ئەو کارەکتەرە یان ئەو ڕووداو وشوێنەی، وەسفەکە کراوە، وەک شاعیر لەم چیرۆکەشیعرەدا بەناوی ( سیما و ئاڵا) وەسفی دەرەوە وناوەی کارەکتەرێکمان بۆ دەکات کە ناوەکەی لەژێر ناونیشانی شیعرەکەدا نووسیوە بەناوی (بۆ مامۆستا کەریمی ئەیووبی ) شاعیربەم جۆرە وەسفەکانی دەکات، سەرەتا لە کارەکتەرەکەوە، پاشان وەسفی کاتەکە، دوارتر وەسفی شوێنەکە، دواتر دەچێتە ناو ناخی کارەکتەرەکە و خەونەکانی ئاشکرا دەکات و دەڵێت:

کوردێکی سابڵاخیم بینی،

سی دانە ساڵی ڕەبەق بوو،

ڕایەخ، سەرینی دڕک بوو،

سی دانە ساڵی ڕەبەق بوو،

سیمای دایکی، براکانی،

تارمای ماڵەکەیانی،

ڕۆشنایی پەنجەرەکانی،

پەلەوەر و درەختی حەوشەکەیانی

تەنیا لە خەونا دەبینی،(محەمەد،150،2018)

شاعیر تا ئێرە بەوردی باسی کەسێک دەکات و سیفاتەکانی دەخاتەپێش چاو کە وەک تاک ئەم کەسێتییە لە چی دۆخێکی ناخۆش و نالەباردا ژیانی گوزەراندووە بۆماوەیەکی درێژ، ماوەی (30) ی ساڵی ڕەبەق بووە لە کەسوکاری دووربووە.پاشان شاعیر ئەم دۆخە لەتاکەوە دەگوازێتەوە بۆ گشت، بۆ هۆکارێک کە سەدان کەسی دیکە وەک ئەم کارەکتەرە دەکەونە ئاوارەیی و ڕووخانی کۆمارەکەیان ژیانیان لێ تاڵ دەکات، وای لێدەکات بەشێوەیەکی نۆستالۆژی بیربکاتەوە و خەون بە دایک و براکانی و تەنانەت ئەو باڵندانەیش ببینێت کە

لەسەر درەختی نێو حەوشەکەیان دەجریوێنێت.پاشان شاعیر هۆکاری ئەو (30) ی ساڵە ئاوەرەییەی ئاشکرا دەکات و دەڵێت:

لە زێدی خۆی هەڵکنرابوو،

پێشەواکەی "چووارچرا"کەی،

ئالای شەکاوەی شارەکەی،

لەخوێنا نوقم کرابوو... (محەمەد،150،2018)

واتا ڕوخانی کۆماری کوردستان هۆکاری سەرەکی ئەوەیە  کە ئەو کەسە لە شاری خۆی دەربەدەرکراوە، لێرەدا شاعیر بەهۆی ئەو وەسفە دراماتیکییەوە زەین و هۆشی خوێنەر لە سەرنجدان لە دۆخی تاکەکەسێکەوە دەگوڕێت بۆ سەر تێڕمان لە بابەتێکی گەورەتر و خەمێکیی گشتی، ئەویش لەباربردنی دەسەلاتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان .بەڵام دواتر کامێرای وەسفی شاعیر دێتەوە سەر کەسێتیەکە کە بە (کوردێکی سابڵاخی) شاعیر ناوییبردووە، ئەمجارەیان خۆی دێتە گۆ پاش وەسفێکی کورتی شاعیر کەسێتیەکە خۆی وەسفی دۆخی خۆی دەکات و دەڵێت:

دەیوت من یەکانەم، قوربان!

غەریبی کێو لەبن دێنێ،

هاوڕێکانم زۆربەی زۆریان،

دڵیان تۆقی لە حەشمەتان...(محەمەد،151،2018)

لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی تەکنیکی گێڕانەوەوە، وەسفی ئەو دۆخە دەکات کە کەسێتیەکەی تێدایە، بەڵام ئەم جارە ڕێگەدەدات کارەکتەرەکە خۆی بدوێت.بەهۆی وەسفی دراماتیکی کەسێتیەکە بۆ ئەو دۆخەی کە دەیگوزەرێنێت خوێنەر تێدەگات ئەوەی کە شاعیر لەسەرەتاوە وەسفی کردبوو بەشێکی کەمی مەینەتی و ناخۆشیەکانی ژیانی ئەم کارەکتەرە ئاوارە بووە، چونکە کاتێک خۆی دەدوێت بە (یەکانە) وەسفی خۆی دەکات.کە ئاشکرایە (یەکانە) نێرەی (بەرازە).کە لە کوردەواریدا بەراز بە ئاژەڵێکی سەرسەخت و بەهێز و چاونەترس وەسف کراوە. کوردەی سابڵاخیشی وا خۆی دەناسێنێت،  چونکە دەڵێت بەهۆی ئەو بەهێزییەوەیە،  تا ئێستا خەم و مەراقی ئاوارەیی نەی کوشتووە، چونکە ئەوخەمە ئەوەندە گەورەیە وەک خوازەیەک، ئیدیۆمێک

بەکاردەهێنێت و دەڵێت (غەریبی کێو لەبن دێنێت) هەر بەو هۆکارەوەی کە بەشێک لە هاوڕێکانی، بەڵام بەشێکی کەم نا، بەڵکو زۆریان لە بێتاقەتی و ناهەمواریی ژیاندا دڵیان تەقیوە(دڵیان تۆقی لە حەشمەتان)(ئەمە شێوازی قسەی ئەو کەسەیە کەشاعیر شیعرەکەی بۆ نووسیوە)(محەمەد،2021،دیدار).

واتە بەهۆی ئەو وەسفە دراماتیکیەوە خوێنەر تێدەگات سەرەڕای ئەو دۆخە ناخۆشەی کە شاعیر لە دەرەوە و لە شێوە و ڕووخساری ئەم کارەکتەرەدا دەیبینێت، بەڵام هێشتا ئەوە قەترەیەکە لە دەریایەک و ڕەنگە ئەم کەسە لە دۆخێکی زۆر باشی گوزەران و دەروونێکی ئارامدا بێت بە بەراورد بەهاوڕێکانی.

**پێنجەم: وەسفی ڕاڤەیی:**

ئەرکی ئەم جۆرە وەسفە پێدانی زانیاری و وەسفکردنی دۆخێکی تایبەت بە کەسێک یان شوێنێک، بەڵام وەسفەکە سەرتاپەگیر و گشتی نییە، بەڵکو بەشێک لە ڕاڤەی دۆخەکە بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت و ڕێگەدەدات خوێنەر بەشداربێت لە وێناکردنی ئەو دۆخە تایبەتە، لە نمونەی ئەم جۆرە وەسفە لە نێو چیرۆکەشیعرەکانی (ئەنوەر قادر)دا، زۆر بەرچاو دەکەون، بەڵام دیارترینیان کۆتا شیعریەتی لە کۆتا بەرهەمە شیعری (نسار)، بە ناوی ( ئامەد) بە ڕوونی هەست پێدەکرێت، دەڵێت:

برا !دەبا وەک (سپارتاک)

کۆیلەی دنیا کۆکەینەوە و

بەجارێ لێیان ڕاپەڕین،

تیرهاوێژی (ڕۆبن هوود)و موریدانی ئازای (بابەک)

بەرینە سەرقەڵاکانیان،

زیندانەکانیان بشکێنین،

با تووڕەیی چاوی گەشی منداڵانی ڕووت و ڕەجاڵ

بەربدەینە کوچە و کۆڵان،

شەوانی " قەڵای شێروانە"و

کەناری تاریک بووی "سیروان"

بکەینە گڕی مەشقەڵان....

لەسەر پەڵە خوێی تاوان

پەتێ ئەستور بۆ خوردە جەلاد هەڵبخەین... (محەمەد،2018،289-290)

شاعیر لە ژێر ناونیشانی سەرەکی شیعرەکەدا، ناونیشانێکی لاوەکیشی داناوە و نووسیویەتی (بۆ کاوە گەرمیانی)کە بە بۆچوونی شاعیر (کاوە ڕەمزی بوێری وقوربانی دان بوو).(محەمەد،2021) خوێنەر لە وەسفی (سپارتاک )ەوە، دەبێ خۆی تێبگات و ڕاڤەی ئەوە بکات خاڵی پەیوەندی و هاوبەشی نێوان ئەم دوو کەسێتیە چییە؟ کە بێگومان بەگژداچونەوەی زوڵم و زۆرداری و بەرگریکردن بووە لە نیشتیمان، پاشان شاعیر وەسفی (ڕۆبن هوود) ەوە، دەیەوێت خوێنەرلە پەیوەندی نێوان ئەو دووکارەکتەرە ئاگاداربکاتەوە.کە ڕەمزی بەگژداچوونەوەی ستەمکاران بووە، هاوشێوەی ئەو کەسێتیەی شاعیر شیعرەکەی بۆ نووسیوە.پاشان شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی منداڵانەوە هەوڵی هەڵگیرسانی شۆڕێک بدات ئەوەش لەپێناوی چیدا؟.

لێرەوە خوێنەر ئەم وەسفە دەگێڕێتەوە بۆ ناونیشانەکە (ئامەد) کە منداڵێکی تازە لە دایک بوو بووە، باوکی شەهید کراوە.شاعیر لێرەدا (ئامەد) دەکات بە بناغەی بونیادنانی دەقەشیعریەکەی و بەهۆی ئەو زوڵمەی لە ئەو کراوە دەیەوێت ئەگەر بەتەنها نووسینی شیعرێکیش بێت هاوخەمی خۆی بۆ دەربڕێت، بەڵام هاوخەمییەک کە بۆ هەمیشە بمێنێتەوە، ئەوەش بەهۆی بەهێزی بونیادی ئیستاتیکی وەسف لەنێو دەقەکەدا، پاشان شاعیر دێتە سەر وەسفی (کاوە گەرمیانی) و دەڵێت:

سڵاو...لە ئەستێرەی بەرزی گیانت،

لە چاو و ڕووخساری هەڵۆ ئاسات،

لە کڵپەی ورە و ویژدانت...

لەقەڵەمی عەرشی گەندەڵ و ڕزیو، لەرزێنت،

سڵاو لە ماڵی گڵێنت.

له دایک و هاوسەر و برای ڕەشپۆش

لەیەکەم فرمێسکی (ئامەد)،

لەیەکەم کوڵی گریانی،

له یەکەم زەردەی سەرلێوی...(محەمەد،290،2018)

شاعیر له دێڕی یەکەمدا وەک ئاماژەیەک بۆ شەهید بوونی (کاوە گەرمیانی ) سڵاو دەنێرێت بۆ (ئەستێرەی بەرزی گیانی) واته پاش شەهید بوونی ڕۆحی وەک ئەستێرە دەدرەوشێتەوە و شاعیر لێرە تەنها بەشێکی کەمی وەسف کردووە، لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەکەوێتەوە سەر توانای تێگەیشتنی خوێنەر، چونکە شاعیر لێرەدا زیاتر ڕەمزی بەکارهێناوە بە مەبەستی وەسفکردن وخۆی له دەربڕینی ڕاستەوخۆ بە دورگرتووە(کاوە ڕەمزی بوێری وقوربانی دان بوو).دواتر شاعیر بێ ناوهێنانی ڕاستەوخۆ درێژە بە وەسفەکەی دەدات و بە شێوەی وەسفی بابەتی، وەسفی شێوەی دەرەوەی کارەکتەرەکە و شێوازی ژیانی دەکات، وەک شێوازی دەموچاوی کە شاعیر بە (هەڵۆ)ی دەچوێنێت کە ڕەمزی وردبینی و چاونەترسی و سەرکەشی و خۆبەدەستەوە نەدانە، کە سەرجەمیان سیفاتی ئەوکەسەبوون کە شیعرەکەی بۆ نووسراوە..پاشان له کۆتای شیعرەکەدا شاعیر ئەوانە بە نەفرەت دەکات، ئەو کارەیان کردووە، بە بێ ناوهێنانی هیچ کەسێک، خۆی بە برای ئەو ناو دەبات، له کۆتای شیعرەکەدا جۆری برایەتییەکەیان ئاشکرا دەکات و دەڵێت:

سڵاو ... سڵاو له تۆ برام!

نەفرەت لەوان ...له دەست و خەنجەری سووریان،

نەفرەت له پارەی چڵێتیان!

نەفرەت له شەرواڵی پڵێتیان!

نەفرەت له کاری کریتیان!

نەفرەت ...نەفرەت نەفرەت لەوان،

سڵاو له تۆ، برای گەرمیانی و قەڵەمم!

درووود بۆتۆ! (محەمەد،290،2018)

شاعیر بە شێوەی کۆرس و لەسەر یەک (سڵاو ) دەنێرێت بۆ ئەو کەسێتیە سەرەکییە، بەبێ ناوهێنان، بێگومان ئەم تەکنیکی دووبارەکردنەوەی وشەیەک مەبەستی تایبەتی لە پشتەوەیە، شاعیر دەیەوێت بە تەواوی ئەو بیرۆکەی خۆی یان پەیامەکەی بگەیەنێت و هەر بۆیە چەند جارێک لەسەر یەک هەمان وشە دووبارە دەکاتەوە، دیارە دووبارە کرنەوەی وشەی (سڵاو ) نیشانەی بێ وەڵامی و نا ئامادەیی کەسی سڵاولێکراوە .پاشان وشەی (نەفرەت) (7) جار دووبارە بووەتەوە، ئەوەش بەهۆی تورەیی وحەماسەتی شاعیر لەو کەسانەی کە بوون بە هۆی کوژرانی ئەو کەسەی کە شاعیر بە برای خۆیی دەچوێنێت.شاعیر یەک لەسەر یەک وشەی نەفرەت ئاراستەی ئەوان دەکات، ئاراستەی سیفات و کار و پارە و بوونی خۆیان دەکات.دواتر شاعیر پیشانی دەدات کە لەگەڵ کەسی کوژراو لە چیدا بران، ئەوەش ئەوەیە کە دەڵێت: (سڵاو لە تۆ، برای گەرمیانی و قەڵەمم!) ئاشکرایە کە شاعیر بەهۆی ئەوەی، زێدی خۆی کە (دەربەندیخان)ە، هەر بەناوچەیەکی گەرمیان حساب دەکرێت، ئەوە لە ڕووی جوگرافیاییەوە، هەروەها (برای قەڵەمم) لێرەدا شاعیر وێنەیەکی زەینی دێنێتە پێش چاومان، ئەویش (برایەتی قەڵەمەکانە)، بۆیە لەڕێگەی ئەو وەسفە ڕاڤەییەوە خوێنەر بەدوای خاڵی هاوبەش و مەبەستی شاعیردا دەچێت، لێرەدا شاعیر مەبەستی هاوهەڵوێستی و هاومەبەستی قەڵەمەکانیانە، هەرگیز نەیان فرۆشتوون و هەرگیز بۆ پیاهەڵدا بە دەسەڵاتداران نەیانخستوونەتە کار.واتە خوێنەر وەک ئەوەی لە تیۆرە تازەکانی لێکۆڵینەوە لە دەق بەکاردەهێنرێت، (خوێنەر) بە یەکێک لە سێکوچەکەی تەواوکەری دەق دادەنرێت، وەک لە ڕێبازی لێکۆڵینەوە هەڵوەشانەوەگەرایی دا، خوێنەر هەڵدەستێت بە هەڵوەشانەوە و دووبارە بنیادنانەوەی دەق، لەم جۆرە وەسفەیشدا پێویستە خوێنەر خۆی هەستێت بە ڕاڤەکردنی وەسفەکان، لێکدانەوە بۆ مەبەستەکانی شاعیر بکات لە بەکارهێنانی وەسف لە شوێن و کاتی جیاوازدا.

**تەوەری چوارەم: ڕۆڵی ئیستاتیکای وەسف لە بونیادی وێنەی شیعریی وزمانی شیعریی لە چیرۆکە شیعرەکانی ئەنوەر قادر محەمەددا.**

**یەکەم : ڕۆڵی ئیستاتیکای وەسف لە بونیادی وێنەی شیعریی لە چیرۆکە شیعرەکانی ئەنوەر قادرمحەمەددا:**

وێنەی شیعری یەکێکە ڕەگەزە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی دەقی شیعریی هەمیشە وێنەی شیعری پاڵپشتی دەکرێت بە وەسفێکی هونەری، هەروەها دەقی چیرۆکیش لە وێنەی شیعر خاڵی نییە، واتە لە نێو هەموو چیرۆکێکی هونەریدا گەر بە چاوێکی ئەدەبییەوە لێی بڕوانین دەبینین چیرۆکنووس بۆ بەخشینی زیاتری سیمای ئەدەبی بە کۆی چیرۆکەکەی لە چەندین شوێندا زمانی خوازە و لێکچواندن و چەندین وشە بۆ مەبەستی جیاجیا لە مەبەستە فەرهەنگییەکەی خۆی بەکاردەهێنێت بە ئامانجی خولقاندنی وێنەیەکی هونەری جوان و سەرنجڕاکێش،بێگومان هەر ئەوەش وادەکات کە شاعیر لە کاتی نووسینی چیرۆکە شیعردا گرنگی وێنەی شیعری لە بیر نەکات.

((شیعری هاوچەرخ زیاتر هەوڵ دەدات، خۆی لەوێنەدا ببینێتەوە... وێنەی شیعری یەکێکە لە گرنگترین بنەماکانی دەقی شیعری، لە مێژووی گەشەکردنی شیعری هەر زەمانێکدا سەرەتا هەست بە گۆڕانی ئەم دەکرێت پاشان لە پێناوی دەربڕینی ئەم وێنە نوێیانەدا،گۆڕان بەسەر مۆسیقای شیعر و زمانی شیعریشدا دێت ))(عیسا،2009،22).ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی وێنە، بەستنەوەی قۆناغێکی شیعری پابەند دەکرێت بە چەند بنەمایەکەوە، یەکێکیان وێنەی هونەرییە.بێگومان وێنەی هونەری ڕەگەزێک نییە نوێ بێت، بەڵکو هەر لە کۆنەوە شاعیران پەنایان بۆ بردووە، بەڵام زیاتر بۆمەبەستی دەرخستنی لایەنی ڕەوانبێژی و بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی جوانکاری بووە نەک پیشاندانی خودی وێنەکە،(( شیعر باشترین و فراوانترین و گونجاوترین هونەرە کە بوارێکی فراوان بۆ وێنە دەڕەخسێنێت بۆئەوەی بە جوانترین و وردترین شێوە گشت بارودۆخەکانی خۆی تێدا بنوێنێت، لە هونەرەکانی تردا ئەو بوارەی بۆ نارەخسێت،شاعیر بەهۆی وشەوە دەتوانێت گشت جۆرەکانی وێنە دەرببڕێت))(گەردی، 30،2004).

بۆیە دەتوانین بڵێن: وێنەی شیعری ئەو وێنە هەستپێکراوەیە کە لە هەگبەی بیر و خەیاڵ وئەنێشەی شاعیرەوە دێتە بوون، کە ئەویش بەر ئەنجامی وەسفکردن و لێوردبوونەوە وتێڕامان و بینینی دیمەن و ڕووداوەکانە لە لایەن شاعیرەوە لە گۆشەنیگایەکی جیاوازترەوە لەوگۆشەنیگای خەڵکی ئاسایی ڕووداو و دیمەنەکانی لێوە دەبینن.لەبەرئەوە داهێنانی وێنەی

شیعری لە هەرشتێکەوە بێت ولای هەر شاعیرێک بێت دەوەستێتەوە سەر توانای خەیاڵی ئەو شاعیرە و ڕادەی کاریگەری و وەرگرتنی ئەو دیمەنە، چونکە لەتێکەڵ بوونی ئەقڵ و سۆزدا، جارێکی تر بەهۆی خەیاڵی بەرزەوە ئەو وێنەیە دەخوڵقێت ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کە چەمکی وێنەی شیعریی چەمکێکی فراوان و تا ڕادەیەک ئاڵۆزە. گرنگ و بایەخی لە نێو لەڕێبازێکەوە بۆ ڕێبازێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هیچ یەکێک لە ڕێباز و قوتابخانەکاندا پشتگوێ نەخراوە، بەڵام لە شیعری هاوچەرخدا وێنەی شیعری خۆی بوو بە ئامانج نەک ئامراز،واتە شاعیر ئامانجی بوو لە ڕێگەی شیعرەکەیەوە وێنەیەکی بینراو یان زەینی وا لای خوێنەر درووستبکات، ببێتە ناونیشانی بۆ ئەو شاعیرە یان بەرهەمەکانی.

(ئەنوەر قادر) وەک شاعیرێکی هاوچەرخی کوردی توانیوویەتی چەندین وێنەی هونەری بنیاتبنێ چونکە لەدوای ساڵانی حەفتاکانەوە شاعیرانی هاوچەرخ زیاتر گرنگیان بە تەکنیکە نوێیەکانی شیعر دەدا ((هێزی شیعر لەوەدایە کە سۆز و هەڵچونەکان بە ڕێگەی وێنە ئاشکرا دەکات نەک بە ڕێگەی دەربڕینی ڕاستەوخۆ ))(سالار،76،2010). واتە ئەوە وێنەیە، دەبێتە پێناسە بۆ دەقێک لای خوێنەر و شیعرەکەی پێ دەناسرێتەوە، وێنەی شیعری لای( ئەنوەر قادر) تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازە لە وێنەی شیعری لای شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی،چونکە ئەم شاعیرە،کاریگەری سروشت و بیری نەتەوایەتیی بەسەر زۆربەی شیعرەکانییەوە دیارەو ئەم کاریگەریەیش لە بنیاتنانی وێنەی شیعریدا ڕەنگی داوەتەوە. (( چەکەرەی خەیاڵی شیعر لای ئەنوەر قادری شاعیر، لە سەرەتادا بە دەیان گوڵە وێنەی بەهاری شیعری بۆ هێناین ...بەڵام چ بەهارێک، بەهارێک پشکۆی تەڕیی بوو،سمووم کزەبای فێنکی بوو،فرمێسکی سور بارانی بوو)) (سالار،78،2010).

واتە شاعیر پەنای بۆ گولی بەهار نەبردووە تا بە جوانی خۆشەویستەکەی بچێنێت، بەڵکو هەوڵیداوە وێنەیەک لە شیعرەکانیدا چێبکات کە خوێنەر پێشتر پێی ئاشنا نەبووبێت و دوای خوێندنەوەیشی تامەزرۆی دووبارە خوێندنەوەی بێت و هەست بکات لەگەڵ خوێندنەوەی وشەکانی شیعرەکەدا خۆی بەچاوی خۆی بەشێوەیەکی درامای وێنە و جوڵەکان دەبینێت، بەڵام بەجۆرێک کە پێویستی بە وردبونەوە و سەلیقەی باشی هونەری هەیە، کە ئەوەش بۆ خۆی مەرجێکە سەرەکییە، کە شاعیر بۆ. چێژبەخشین بە دەقەکە جۆرێک لە تێکەڵی و تەمئمژ دروستدەکات بۆ زیاتر بەخشینی سیمای شیعریی بە چیرۆکەشیعرەکە. (( تەمومژ یەکێکە لە خەسڵەتەکانی شیعر، بەڵام ئاڵۆزی دوژمنی شیعرە، جیاوازی نێوان تەمومژ و ئاڵۆزی وەک جیاوازی نێوان کازیوە و تاریکی سەرەتای شەو وایە، کە یەکەمیان دووگیانە بە ڕووناکی و

دووەمیان دەمانباتە سەر شەوە زەنگ ))(حەسەن، 37،2016)، وەک دەبینین شاعیر لە شیعری (ئەو کەژانە ...) دا، دەڵێت:

ئەو کەژانە بەسەدان جار،

لەناوتەمدا، لە ناو خوێندا نوقم بوون

ئەو کەژانە بەسەدان جار،بە مردنی شۆڕەسوار و کەڵەمێران،

جەرگی قایمیان سووتاوە،

ئەو کەژانە دوژمن نەما،

نەیە و پەلاماریان نەدا،

دوژمن نەما شەڕەقۆچیان لەگەڵ نەکا،

دوژمن نەما، شمشێری شکاویان تیا فڕێ نەدا،...

ئەو کەژانە، س نییە چۆکیان پێ دابدا و

هێزیش نییە،لوتیان بێنێتەوە بۆ زەوی،

مەگەر شەڕی براکوژی...(محەمەد،134،2018)

شاعیر وەک ئەوەی تابلۆی کەژێک لەبەردەمی بێگانەیەکدابێت و پێی بناسێنێت. بەوپەڕی شانازییەوە وەسفی دۆستایەتی وپاڵپشتی ئەو کەژانە بۆ کورد دەکات و بەو جۆرە وێنەیان دەکێشێت، هێمای بەرگری و نەبەزی و خۆ بەدەستەوەنەدانی کوردن، لە دێڕی دووەمدا دەڵێ ( لە ناو تەمدا، لەناوخوێندا نقوم بوون) جارێک لە ڕێگەی وەسفەوە وێنەی بەرزی کەژەکەمان بۆ دەکێشێت، سەدن جار لەناو تەمدا نوقم بوون، جارێکیش باس لەو ڕووبارە خوێنەدەکات کە گەلی کورد لە پێناو مانەوە و بەدەستهێنانی مافەکانی ڕێژاویەتی. دواتر دووبارە ئاماژە بۆ کەژەکان دەکاتەوە و ئەمجارە لەشێوەی دایکێکی جگەر سوتاودا پیشانمان دەدات و دەڵێت بە سەدان جار (جەرگی قایمیان سوتاوە) واتە شاعیر وێنەیەکی هونەر بە هۆی لێکچواندن (کەژ بە دایک) و ڕووی لێکچوونی نێوانیان (جەرگ سوتان) کێشاوە.

دواتر شاعیر بە تەکنیکی دووبارەکردنەوە جارێکی دیکە ئاماژە بەکەژەکان دەکاتەوە،بەڵام ئەم جارە بە شکۆ و بە هیبەتەوە پیشانیان دەدات، هەمیشە لانکەی بەرگری و شوێنی بەزاندنی

دوژمن بوون،دواتر لەکۆتای شیعرەکەدا شاعیر وێنەیەکی زەینی ئەو کەژانەمان بە لێچووی مرۆڤ بۆ دەکێشێت و دەڵێت ( کەس نییە چۆکیان پێ دادا، هێزیش نییە لوتیان بێنێتەوە بۆ زەوی ) بەڵام بەداخەوە تەنها هۆکارێک، وادەکات ئەم کەژانە زەلیل ببن و چۆک دابدەن تەنها یەک هۆکارە،ئەویش بە دەستی کورد خۆیەتی کە ( شەڕی براکوژی )یە.

لە ڕووی هونەریەوە دەبینین شاعیر وێنەیەکی زۆر جیاواز و نایابی کێشاوە،لە دیمەنی ئەو کەژانە و تێیدا بەشێک لە مێژووی خوێناوی و بەشێکیتر لە نەبەردی و سەربەرزی گەلەکەی تێدا جێکردووەتەوە،لە کۆتایشدا ئەگەری چۆکدادان و خۆبەدەستەوەدانی ئەو کەژانەی خستەوەتەوە ئەستۆی کورد خۆی، ئەویش بەهۆی شەڕی براکوژییەوەیە. کە بەو وێنەیەی کۆتایی شاعیر ئەوپەڕی نارەزای ودژایەتی خۆی لەمەڕ شەڕی ناوخۆ دەربڕییەوە.واتە شاعیر لەسەرەتادا بەوپەڕی حەماسەتەوە وێنەی کەژەکانمان نیشان ئەدات، سەریان لەناو تەمدایە ویان لە خوێندا نوقم بوو،بەڵام لەکۆتایدا لە شێوەی ئاگادارکردنەوە و هۆشیاری پێداندا، لە ئەگەری مەترسی کەوتن و چۆکدادانی میللەتەکەی خۆی ئاگادار دەکاتەوە.

جگە لەوەی لە ڕووی هونەرییەوە شاعیر تەکنیکی دووپاتکردنەوەی بەکارهێناوە (( لەم شیعرەدا چوار جار،گرێی (ئەو کەژانە)و( دوژمن نەما)ی لە شیعرەکەدا دووبارەکردۆتەوە، ئەوەش بووەتە هۆی درستبوونی ئاوازی ناوەوەی شیعرەکە))(حەمە ساڵەح،136،2015 ) هەروەها شاعیر لە کۆپلەیەکی شیعری (ئێوارەیە و کۆچ ئاگرە و ناکوژێتەوە) دا،دەڵێت:

ئەو دەریایە و خەم دەریایە

شیعرەکانی منیش ماسین

بێ ئەو ناژین... بێ خەم ناژین

گیانە...!

سەروملم دورگەیەکە دوای کۆچی تۆ

لەتینوانا وا ئەخنکێ،دەبێرەوە

دە ڕووباری باسکەکانتی لێ ئاڵێنە

با تینویەتی و تاسەم بشکێ (محەمەد،43،2018)

لەدیمەنەکانی نێو ئەم هۆنراوەیەدا دەتوانین چەندین وێنەی یەک بەدوایەک بینین، هەموویان پێکەوە دووبارە بوونەتەوە بەوێنەیەکی گەورە. لەسەرەتای نیوەی کۆپلەکەدا شاعیر دوو هەناسە دوو هۆ دیاری دەکات، ئەمی شاعیر ناتوانێت بێ ئەوو دووناوە بژی، ئەوانیش (ئەو (کەسی سێیەمی تاک- نادیار) لەگەڵ خەم )کە بوون بە خۆراک و هەناسە بۆ شیعرەکانی شاعیر،ێرەدا شیعرەکانی خۆی بە (ماسی )چواندووە، ئەم (ماسییە) یان ئەوەیە لە ناو دەریا (لەگەڵ ئەو کەسی سێیەمە)دا دەتوانێت بژی،یان بە (خەمی ) دووری ئەو وزەی مانەوەی خۆی بەدەست دەهێنێت،دواتر شاعیر بەهۆی جێناوی کەسی سەربەخۆی (ئەو) کە بۆ کەسی سێیەمی تاک دووبارە ئاماژە بە دووری ئەو دەکاتەو دەڵێت (بێ ئەو ناژین) پاشان بەنادیار ئاماژە بە خەم دەکات کە بە بێ خەمیش ناژی،دیارە بەهۆی دوری (ئەو) ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ نزیکی( خەم ).پاشان شاعیر لە نیوەی کۆپلەی دووەمدا وێنەیەکی نایابتر و جوانترمان پێشکەش دەکەت، بە بانگکردن دەست پێدەکات و دەڵێت (گیانە !...) بە بانگکردنی کەسی نادیار، داوا لە (ئەو)ی نادیار دەکات کە لە (خنکان)و لەناوچوون ڕزگاری بکات.

شاعیر بەڕاستەوخۆی ناڵێت وەرە و دەست لە ملم بکە و لە تەنیایی دەرم بێنە،بەڵکو بە هۆی وێنەی شیعرییەوە،وێنەیەک لە وشک هەڵهاتن و بێهێزی خۆی نیشان دەدات و تاکە چارەسەریش ئەوەیە کە داوای دەکات، (دە ڕووباری باسکەکانتی لێ ئاڵینە) ئەم وێنەیە زۆر ناوازە و تازەیە لە بەرهەمی شاعیرانی دیکەدا وێنەی لەم جۆرە زۆر بەکەمی بەرچاو دەکەوێت، شاعیر (سەروملی خۆی، بە دورگە) بچوێنێت، یاخود( باسکەکانی خۆشەویستەکەی بە ڕووبار) بچوێنێت، ڕووبار بە هەرشوێنێکدا بڕوات نیشانەی ئاوەدانی خۆشگوزەرانی و ژیانەوەی ئەو ناوچەیە. شاعیریش تەنها داوای ئەوەناکات، تەنها یەکجار (تینویەتی بشکێ) واتە تەنها یەکجار دەست لەملی بکات و تەواو..بەڵکو داوەی ئەوە دەکات ( تاسەم بشکێ ) واتە ئەو دەست لەملکردنە پرۆسەیەکی بەردەوام بێت و تەنها یەکجار نەبێت، وەک چۆن ئەگەر ڕووبارێک تەنها یەکجار بە شوێنێکیدا تێپەڕێت، ناتوانێت هیچ سوودێکی ئەوتۆ بگەیەنێت (وەک هەندێک جار لە کاتی لافاو زریانەکاندا،ڕووباری وا درووست دەبێت و دووای چەند ڕۆژێک نامێنێت)، بەڵکو سوودی ڕووبار لەوەدایە کە بەردەوام بێت و ببێتە سەرچاوە بۆ ژیانەوە و ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچەی پێیدا گوزەر دەکات.لێرەدا دەیەوێت تەنها یەکجار نا بەڵکو بۆ تەمەنێک لەگەڵ یارەکەی دەست لەملانبێت و تاسەی لێی بشکێت. ئەوەش بۆ گرنگی پێدانی شاعیر دەگەڕێتەوە بە وێنەی شیعری چونکە (( ئەگەر وێنە نەبوایە، ئەوا قسەکان لەشیعردا دەبوونە قسەی ئاسایی)) ( مەعروف، 2000، 13).

هەروەها شاعیر لە کۆپلەیەکی شیعر ( خاک و زریان و خۆشەویستی...) دا، چەند وێنەیەکی شیعری چنیووە، لە ڕێگەی وەسفی ئاوێزانکردن و بە کەسکردنی سروشت و هەور و دەریا و ئاسۆ ... هتد.پانۆڕامای وێنەیەکمان پیشان دەدات کە وەک فیلمێکی سینەمای دێتە پێشچاوی خوێنەر، دەڵێت:

دوێنێ تۆم دی لە ئاسمانا

هەمووشیناى سامالْت کردبوو بەڕەفتە بۆ سەرت

دوێنێ تۆم دی لە ئاوێنەی شەپۆلێکا

ئاڵیی ئاسۆت کردبووە گوڵ،

دابووت لە یەخە و کەمەرت

دوێنێ تۆم دی ... لە وشکایی و تونکەکانا

کانییەک بوویت بەرەو ئاسمان هەڵئەقوڵیت

دوێنێ تۆم دی بە ژێر دەواری شیعرێکما

میوانێ بوویت بزێو و هار

سەمات ئەکرد،پێ ئەکەنیت

دوێنێ تۆم دی لەناو دڵما

ڕێبوارێ بووی وەکو ون بووبی وەها بوو (محەمەد، 85،2018)

پێشتر (گۆران)ی شاعیر لەچامەی (گەشتی هەورامان)دا، وێنەی هەورەکانی پیشان دابووین، شاخەکان لە ئامێزیان گرتبوون، دەڵێت:

کۆمەڵە شاخێکی بەرز و گەردن کەش

ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش (گۆران، 117،1389)

ئەوەی لێرەدا زیاتر مەبەستی (گۆران)ی شاعیرە، تیشک خستەنە سەر بەرزی و سەختی شاخەکان،نەک خودی هەورەکان. بەڵام لەتابلۆی ئەم وێنە شیعریانەدا( ئەنوەر قادر) لە وشەی

ئاسایی نێو فەرهەنگ وێنەی زەینی جیاواز و نەبینراومان بۆ دەچنێت، کاتێک شاعیر سەیری هەر شوێنێک دەکات ئەو (تۆ )یە کە لەدێڕی یەکەمدا ئاماژەی پێدەدات، شاعیر پێنج جار ڕستەی(دوێنێ تۆم دی )دووبارە دەکاتەوەکە ئەوەش دەرخەری بەرزی ئاستی شیعریەتی شیعرەکە و بەهێزی زمانی شیعریی و بەخشینی ریتمی ناوەوەیە بە شیعرەکە،ئەم دووبارە بوونەویەش بێ هۆ نییە کە ڕوودەدات، چونکە شاعیر کاتێک لە فراوانی (ئاسمان) دەڕوانێت،ڕووخساری ئەو دەبینێت و هەوریکی سپی و ساماڵ بووە بە (ڕەفتە) واتە ڕووخساری لە پێش هەورەکان و ئاسمانی سامالّەوەیە. دواتر شاعیر لە دەریا فراوان و بێ سنور دەڕوانێت،ئاشکرایە ئاو وەک ئاوێنە سیفەتی وێنەدانەوەی هەیە.

بۆیە کاتێک شاعیر لە بەیانییەکدا سەیری ئەو شەپۆلانە دەکات وێنەی خۆشەویستەکەی دەبینێت و خۆری تازەهەڵهاتویش تیشکەزەرد و سورەکانی وەک گوڵی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر شەپۆلەکان و لە کەمرەی یارەکەی بەدی دەکات. پاشان لە وشکانیە فراوان و (تونەکانا) لەو جێیەی کە شاعیر ئاتاجی ئاوی شیرین و سازگاری خواردنەوەیە وێنەی ئەو دێتە پیشچاویی، لە نێو کانییەکەوە هەڵدەقوڵێت. پاشان شاعیر شیعرەکانی خۆی بە دەوارێک دەچوێنێت کە ئەویش تێیدا میوانێک بووە، پاشان وێنەکە بچوکتر دەبێتەوە بۆ (ناو دڵ) ی بەتەنها . واتە ئەگەر لە پانۆڕامای وێنەکان بڕوانین دیمەنەکان لە ئەو پڕی فراوانییەوە بچووک دەبنەوە تائاستی دڵی شاعیر، (ئاسمان ____ دەریاکان_____دەشتای و تونەکەکان_____ دەواری شیعر (ڕەشماڵ) دڵی شاعیر .)دڵی شاعیر دوا نیشتیمان و جیگەی بینینەوەی خۆشەویستەکەیەتی، بەڵام ئەم بینینەوە جیاوازترە لە ئەوانی دیکە، چونکە ئەمجارە وا خۆشەویستەکەی دێتە پێشچاو کە( ڕێبوارێک بێت ونبووبێت) واتە بە مەبەست و بۆ خۆی نەهاتبێتە ناو دڵییەوە، بەڵکو بە ڕێبواری یان بەهۆی ون بوونەوە هاتبێت،ئەمەش ئەو هەستێکی ناخۆش بە شاعیر دەبەخشێت، خۆشەویستەکەی خۆی وەک ڕێبوارێک ببینێت لە نێو دڵیدا.

واتە لە ڕێگەی وێنەکانی نێو ئەم شیعرەوە خوێنەر دەتوانێت پەی بە نەستی شاعیر ببات کە چۆن لە سەرەتادا لەئاسمان و لە دەریاکانی ڕووانیوە و وێنەی ڕووخساری خۆشەویستەکەی تێدا بەدی کردووە،دواتر لە (دەواری شیعر)یدا سەمای کردووە و پێکەنیوە،ئەم گۆڕانە لە گۆشەنیگای ڕوانینی شاعیرەوە (( بووە بە هۆی پیشاندانی جیاوازی وێنەکان...هەروەها سەرنجڕاکێشانی هەستی خوێنەر و بەردەوامبونی خوێنەر لەسەر خوێندنەوەی شیعرەکە))(حەمە ساڵەح،137،2015) هەروەها بۆ خودی شاعیریش بووە بە سەرچاوەی

ئیلهامی چەندان شیعری شاعیر، بەڵام کاتێک سەیری نێو دڵی دەکات وەک ڕێبوارێکی ونبوو خۆشەویستەکەی تێدا دەبینێت و دەگاتە خاڵی بنبەست و کۆتایی.

**وێنە شیعریی لەشێوەی وێنەی جوڵاو و وێنەی نەجوڵاو( وەستاو):**

**یەکەم / وێنەی جوڵاو:**

وێنەی جوڵاو ئەو وێنەیەیە، شاعیر وەسفی بابەتێک دەکات کە ئاسۆیەکی گەلێک فراوانی هەیە و دیمەنی لە بارێکەوە بۆ بارێکیتر لە گۆڕان و گەشەکردن دایە. چونکە وێنە هێز بە شیعر دەبەخشێت بۆ مانەوە و بڵاوبونەوەی زیاتری، شاعیران لە هەوڵی بێوچاندان بۆ دروستکردن و پیشاندانی چەندین جۆر وێنەی جیاواز، ئەوەش تەنیا بە ڕیزکردنی وشە نابێت، بەڵکو پێویستی بە توانایەکی بەرزی هونەری هەیە،بۆ چنینی چەندین جۆری جیاوازی وێنە، لەوانەیش (وێنەی جوڵاو)ە، (( شاعیر بەهۆی وشەوە دەتوانێت گشت جۆرەکانی وێنە دەرببڕێت و لەوانەش وەستا و جوڵاوە، تەنیا لە شیعردا دەتوانرێت بکێشرێت و هەستی پێبکرێت، تابلۆیەک تەنیا دەتوانرێت لایەنێک یان دوو لایەنی وێنەیەکی تێدا بکێشرێت، چی شیعر گشت لایەنەکانی وێنەکە دەکێشێت)) ( گەردی، 213،2004 ل) ئەمەش دووپاتکردنەوەی ئەو بۆچونەیە کە شاعیر ڕێگەی پێدراوە کە چۆن بۆی دەلوێت بەو جۆرە هەستەکانی دا بڕێژێتەوە .وەک لەم شیعرەدا دەبینین شاعیر وێنەیەکی جوڵاومان بۆ دەکێشێت، لە شیعری (شەستە ...)، دەڵێت:

هەروەک باران، بە بەهاران،

لە پشتی شاخەکانەوە،دێت و بەسەر

سلێمانیدا دادەکات...

ئاوها سۆزی غەریبی،

هەموو ساتێ،

لەناو دڵی ماتی مندا، شەستە دەکا...(محەمەد،130،2018)

شاعیر لەناونیشانی شیعرەکەوە کە(شەستە...)یە، بیری خوێنەر بۆ جۆرێک لە باران دەبات، جێگیر و مسۆگەر نییە،پاشان لە دێڕی یەکەمەوە وەسفی ئەو جۆرە بارانەمان بۆ دەکات ولە شێوەی وێنەیەکی جوڵاودا (کات، شوێن )ی ئەو بارانە دیاری دەکات،بەوەش دیمەنی تاوێک

بارانی لە ناکاو و بەخوڕ کە لە پشتی ئەزمەڕ و گۆیژەوە بێت و بەسەر سلێمانیدا ببارێت دەهێنێتە بەر دیدەی خوێنەر، بەڵام ئەوە بێ مەبەست نییە و وەک کردنەوەی دەروازەیەکە، تا لەرێگەیەوە بڵێت ئەوە تەنها (بەهاران، سلێمانی) نییە، (بارانی شەستە)ی لێدەبارێت، بەڵکو (سۆزی غەریبی )ش وەک شستە باران لە نێو (دڵی )شاعیردا دەبارێت،بەڵام جیاوازی نێوان (سۆزی غەریبی و شەستە باران) ئەوەیە، لە وێنەی یەکەمدا شەستە باران تەنها لە یەک وەرزدا کە (بەهار)ە، دەبارێت،بەڵام ئەم (سۆزی غەریبی)یەی، شاعیرهەر چوار وەرزی ساڵ دەبارێت و لە ڕێگەی هاوەڵکارێکی کاتی، ( هەموو ساتێ)یە، ئەوە دەخاتە ڕوو،بەڵام شاعیر لە وێنەی دووەمدا بەو مەبەستە وشەی (شەستە)ی، بەکارهێناوە، کە کاریگەری و بەهێزی جۆری سۆزی غەریبیەکەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، ئەوەش بەهۆی کاریگەریەکانیەوەیەتی،وەک چۆن هەمیشە بارانی (شەستە) لە پێش هاتنی جۆرێک لە تۆفان و هەورەگرمە و دۆخێکی تایبەت هەیە و لە دوای بارینیشی کاریگەری خۆی بەجێدەهێڵێت، بەهەمان شێوەش ئەو سۆزر غەریبییەی، ( لە نێو دڵی ماتی )شاعیردا، دادەکات بەهۆی کاریگەری مەنفاوەیە لەسەر شاعیر. واتە بەشێوەیەکی گشتی شاعیر لەم شیعرەدا زۆر بەکورتی چیرۆکی ژیانی خۆیمان بۆ بەیان دەکات لەکاتی تاراوگەنشینیدا،لە شێوەی دوو وێنەی جوڵاودا دەیخاتە پێش چاومان و بە شێوەیکی ئیستاتیکی (دڵی خۆی و سلێمانی) و (بارانی شەستە و سۆزی غەریبی) پێدەچوێنێت. لەگەڵ یەک خاڵی جیاوازی، ئەویش (کات)ی ڕووداوەکانە، بارانەکە تەنها بەهارانە، بەڵام سۆزی غەریبیەکە هەموو ساتێکە، لەڕێگەی ئەم خاڵە جیاوازەوە شاعیر زیاتر بونیادی وەسفیی و وێنەی شیعریی بەهێز کردووە لە نێو شیعرەکەدا.

**دووەم / وێنەی وەستاو:**

وێنەی وەستاو هەر لە ناوەکەیەوە دیارە، شاعیر وەسفی دیمەنێک دەکات، وەستاوە و بزاوتی تێدا نییە، ئەم بێجوڵەیی و نەبزاوتنەیش دیمەنێکی بەردەوامی هەیە، بەڵام ئەم وێنەیە پانتاییەکی دیاری کراوی هەیە، واتا دەکرێت وێنەیەکی وەستاو هاوشان بێت لەگەڵ وێنەیەکی جوڵاو، یان ببێت بە بەشێک لە وێنەیەکی گەورەتر لە خۆی. چونکە شاعیرەکان لە ڕێگەی وەسفەوە دەتوانن وێنەکانمان بۆ بکێشن.

لە وەسفیشدا سنورێکی دیاری کراو نییە، واتە دەگونجێت شاعیر وێنەیەکمان بۆ بکێشت، دەقاودەق وەک خۆی، یان هەندێکجار گۆڕانکاری تێدا بکرێت. بەڵام بۆچونێکی دیکە هەیە کە پێیوایە ((وێنەی وەستاو تەنیا یەک دیمەن دەردەبڕێت، کە لەگەڵ دەروونی شاعیردا

کەرەستەکانی ئاوێتە دەبێت و جۆرە جوانییەک دەدات بە تابلۆکە، شاعیر وێنەی شتەکان دەکێشێت بۆ ئەوەی چۆن ئەو هەستیان پێدەکات ئێمەش ئاوها هەستی پێبکەین، واتە وێنەی وەستاو هیچ جموجوڵی تیا نییە و بزواندن بە وێنەکە نابەخشێت و ئاراميیان وەرگرتووە)) (ئەحمەد، 119،2010) وەک لەو وێنە شیعریەی لە شیعری (چراووگ) بەرچاو دەکەوێت، شاعیر دەڵێت:

شەوی "سابڵاخ"بە نسێیە.

خوێنی قازی چراوگێکە،

نیشاندەری ڕاستە ڕێیە ...(محەمەد، 129،2018)

شاعیر لە دێڕی یەکەمدا بە دێڕکی فۆلکلۆری کوردی، وەسفی شاری سابڵاخە (مەهاباد) دەست پێدەکات، کە شوێنی دامەزراندنی( کۆماری مەهاباد)بووە، پاشان وەسفی گەورەیی و نەمری (پێشەوا قازی محەمەد)دەکات.شاعیر لێرەدا دوو وێنەمان بۆ دەکێشێت، دوو وێنەی سابت و نەجوڵاوە و هەر بەو شێوەیەش دەمێنێتەوە، کە ئەویش یەکەم: وەسفی شەوانی سابڵاخە .کە هەمیشە نسێیە. کەئەمە بۆ چوونی شاعیر نییە بەڵکو قسەیەکی فۆلکلۆری کوردییە،واتە هەر لەکۆنەوە وابووە و لە داهاتوویشدا وادەبێ،وێنەی دووەم :خوێنی قازی:دیارە شەهیدکردنی پێشەوا (قازی محەمەد) لەڕێگەی لە سێدارەدانەوە بووە، ئەوەش بە بێ خوێن کۆتای دێت،بەڵام شاعیر لێرەدا لاشەی بێ گیانی هەڵواسراوی قازی بە چراوگێک دەچوێنێت، بۆهەمیشە ڕۆشتن بەرەو ئەو ئامانجانەی قازی ئەنجامی گەیشتنە بە ڕاستەڕێی ماف و داوا ڕەواکانی گەلەکەمان.(( وێنە سەرەڕای ئەو کاریگەرییە ئیستاتیکییەی، لەسەراپای پێکهاتنی شیعردا لە چنینیی ناوەوەیدا دەیگێڕێت فەلسەفەیەکی ئیستاتیکی جۆراوجۆر هەیە،ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێکهاتە ئۆرگانییەی کە لێی پێکهاتووە،بەمەش تەنها ئەو کاردانەوەی شیعرەکەمان بۆ ناگوازێتەوە،بەڵکو ئەو بیرۆکەیەشمان بۆ دەگوازێتەوە، بووەتە مایەی هەڵچوونی شاعیر ))(گەردی،102،2004) واتە ئەم وێنەیەوە ئەو دەخاتەڕوو، لە دیدی شاعیرەوە خەبات و ئامانجی کورد نەگۆڕە و هەمیشەییە، دەبێت (قازی) بۆهەمیشە وەک چرایەک دەبێتە نیشاندەری ڕاستە ڕێی بە ئامانج گەیشتن.

**دووەم: ڕۆڵی ئیستاتیکای وەسف لە بونیادی زمانی شیعریی لە چیرۆکە شیعرەکانی ئەنوەر قادرمحەمەددا:**

لە سەرجەم دەقە ئەدەبییەکاندا،زمانی شیعریی دەبێتە هەوێنی چێژبەخشین و جوداکردنەوە دەقی ئەدەبی لەهەر جۆرە نووسراوێکی دیکەی، وەک (وتار و هەواڵ و نووسینەوەی مێژوویی یان زانستی )، کە بێ گومان ئەو زمانە شیعرییەیش بەهۆی وەسفەوە دەبێت.چونکە ئەوە وەسفە کە دەقێکی ئەدەبی یان هونەر لە دەقێکی ئاسایی یان زانستی پەتیی جیا دەکاتەوە. بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییەش بوترێت کە وەسف پێش ئەوەی ببێت بەکەرەستەیەکی نووسینی ئەدەبی، رەستەیەکی زمانەوانیی بووە و لە زمانەوە لە دایک بووە.

لەم بارەیەوە دەوترێت ((وەسف کوڕی زمانە، دەربڕینی جوانیش کچی زمانە، شێوازە پێکهاتەیەکانیش دەرهاویشتەیەکە لە دەرکەوتەکانی ))(مرتاض، 1998، 296) ئەم بۆچوونە وا لە وەسف دەڕوانێت کە وەسف بەشێکە لە کایەیی زمانەوانی دەتوانرێت یەکە زمانییەکان تێکبشکێنێت و واتای نوێ بە وشە ببەخشێت لە ڕێگەی وەسفەوە. چونکە لە نێو دەقی ئەدەبیدا زمان لە بۆتەی ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی دەردەچێت، تەنها دروستکردنی پەیوەندی و گەیاندنی بیر و تێڕامانەکانی مرۆڤە،بەڵکو شاعیر لە نێو دەقی ئەدەبیدا زمان دەکات بە کەرەستەیەک بۆ چنینی وێنەی شیعریی و دروستکردنی ئاواز و مۆسیقای شیعریی(( یەکەمین کارێک، لەئەدەبدا هەیە و پێویستە هەبێت لایەنی ئیستاتیکیەکەیەتی بۆ ئەوەی چێژ بە گوێگر یان خوێنەر ببەخشێ،دروستکردنی ئەو چێژە ئەرکی زمانە، نەک ڕەگەزێکی دیکە ))(محەمەد حاجی،2009،83).

واتە سەرجەم ئەو چێژەی لە دەقێکی ئەدەبیدا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ زمان، ئەوەش لە ڕێگەی بەکارهێنانێکی زمان بە شێوەیەکی تایبەت، زمان کەرەستەی سەرەتایی شیعرە، بەکارهێنانی زمان لە نووسینی زانستی و ژیانی ڕۆژانەدا تەنیا بۆ گەیاندنی بیرە، بەلام لە شیعر یان ئەدەبدا زمان دەگۆڕێت بۆ ڕەمز چونکە زمانی شیعریی ئامرازێک نییە بۆ بەجێهێنانی شتێک، بەڵکو خۆی لەخۆیدا ئامانجێکە))(حسێن، 2008،90).

ئەم بۆچوونە نزیکە لەوبۆچوونەوەی کە (بونیادگەرەکان)لە مەڕ لێکۆڵینەوەی دەقی ئەدەبی هەیانە و پێیان وایە کە خوێنەر تەنها مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەدەبی دەکات وەک یەکەیەکی سەربەخۆ و خۆی بەدور دەگرێت لە نووسەر و فاکتەرە دەرەکییەکانی دەقەکە، زمان دەبێت بە کەرەستەی خاوی سەرجەم ژانرە ئەدەبییەکان،وەک (شێرکۆ بێکەس ) لە پێشەکی دیوانە شیعریی (کورسی)دا دەڵێت (( لەم بەرهەمە تازەمدا ویستوومە لەیەک کاتدا(شیعر و چیرۆک و

پەخشان و شانۆنامە)و هەریەکە و بە خاسیەت و دیاردەکانی خۆیانەوە،لەگەڵ یەکتردا کۆبکەمەوە و یەک تەوەریش یان یەک بیرۆکەیش لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی، هەموویان وەک پەت و دەنکەکانی ملوانکەیەک پێکەوە ببەستمەوە...بەڵام دیارە بەگشتی فەزای زاڵ و وێنەی زاڵ،زمانی مەزاجی شیعر و سەبک خەیاڵی شیعرییە))(بێکەس، 7،2005).

واتە ئەوە زمانی شیعرییە کە دەتوانێت لە نێو هەموو ژانرەکانی ئەدەبدا بوونی هەبێت و وەک دەزوویەک هەموویان پێکەوە ببەستێتەوە، واتە ئەم زمانە تایبەت نییە بە شیعر بەڵکو مەبەست لە خودی زاراوەی زمانی شیعریی، چەمکێکە کە دەتوانێت جوانی وچێژ بە دەق ببەخشێت، ئیدی دەقەکە سەر بە هەر ژانرێکی ئەدەبی بێت وەک ئەوەی (شێرکۆ بێکەس) ئاماژەی پێکردووە.(( پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، زمانێکی تایبەت  بە شیعر بوونی نییە، شاعیران قسەی پێبکەن (بەرهەمی پێ بنووسن)، وەک ئەوەی زمانێکی تایبەت بە مۆسیقا بوونی هەیە و لە هەموو وڵاتانی دنیادا، وەک ئەو زمانەی میوزیک کاران دەیخوێنن و فێری دەبن کەواتە دەستەواژەی زمانی شیعریی بەو ڕەهاییە ڕاست نییە بەکار بهێنرێت))( مستەفا،18،2009). لە نێو بە کارهێنانی هەمان وشە و هەمان فەرهەنگی زمانییدا.

هەر شاعیرێک خاوەن زمانێکی تایبەت بە خۆیەتی و ئەو زمانەیش دەرخەری ژێرخانی رۆشنبیری  و ئاستی زانینی فەرهەنگی ئەو شاعیرە یان ئەدیبە دەردەخات. هەر لەم بارەیەوەی (ئەنوەر قادر) دەربارەی زمانی شیعریی خۆی لەنووسینێکدا دەڵێت (( دوای " وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد"ئەرکم قورستر بوو، چونکە دەبوو شتێ نەڵێم، خەڵکی بڵێ باشتربوو بێدەنگ بێت،...دواتر هەندێ شیعری تریشم نووسی، زیاتر سەرنجی خەڵکیان ڕاکێشا...

بە تایبەتی زمانەکەم  بە سەلیقە و لە ئەنجامی شارەوشاری باوکمەوە و ژیانی ئامێتەی لادێ و شارەوە خەملابوو، تەڕی و تازەیی و درەوشانەوەیەکی هەبوو، لە هی هاوڕێکانمدا نەبوو، من بە فەرهەنگ و بەرهەمی نووسەرانی کوردیزان،بە کورتی من لە کتێبەوە کوردی فێر نەبووم، کاتێک وشەیەکی لەبیرچووی دێهاتم بەکاردێنا، لە ناخمەوە هەڵدەقولا،بۆیە لە چنینی شیعرەکاندا سفت وسۆڵ بوو وجێگەی تەبیعی خۆی دەگرت))(قادر،28،2011-29). واتە شاعیر بەو پەڕی بڕوابەخۆبوونەوە لەو فەرهەنگە دەوڵەمەندە زمانییەی کە هەیەتی،دەگەڕێتەوە بۆ باکگراوندی ژیانی سەردەمی منداڵی و تەمەنی لاوێتی،   بۆی بووە بە ژێرخانێکی بەهێز و هەگبەیەکی پڕ لە وشەی کوردی ڕەسەن.

بەڵام لەگەڵ ئەوشدا ئەمە نەبووە بە هۆی بێباکی شاعیر بەرامبەر گەشەسەندنی زمانە شیعرییەکەی، بەڵکو شاعیرئەوە وەک بارێکی قورس دەبینێت، بڕینی هەوراز و نشێوێکی

دووروودرێژ دەبینێت، ئیدی پێویستە بەردەوامەبە هەڵکشاندابێت بەروە لوتکەو بتوانێ لە لووتکەدا بمێنێتەوە،ئەوەش وەک شاعیر خۆی ئاماژەی پێکردووە، دوای شیعر (وەرزی سەرهەڵدانەوەی فەرهاد)کە شاعیر بەهۆی زمانی شیعرییەوە توانیویەتی چێژێکی تایبەت بەم دەقە ببەخشێت و بە چەندین وێنەی ئیستاتیکی چیرۆکی (شیرین و فەرهاد )دووبارە بگێڕێتەوە، شاعیر ئەو شیعرە بەسەرەتایەکی بەهێز بۆ دەرکەوتنی خۆی دادەنێت و باس لەو کاتەدەکات کە ئەو شیعرەی لە هۆڵی ( زانکۆی مستنصریە) لە ساڵی 1972 خوێندووەتەوە، بووە بە جێگەی تێڕامان و دەستخۆشی تەواوی ئامادەبووان.

یەکێک لە ئامادەبووان (مامۆستا هێمنی موکریانی)بووە، شاعیر خۆی لە یاداشتەکانیدا بەم جۆرە باسی ئەو ڕۆژگارە دەگێڕێتەوە.(( مامۆستا هێمنی موکریانی دەستخۆشی لێکردم و وتی: " ئەگەر شیعری تازە ئەمەبێ قبووڵمە" ..دواتر هونەرمەندی بلیمەت ڕەفیق چالاک ئۆپەرێتێکی لێ سازکردبوو، مەرگی ناوەختی ئەم پرۆژەیەی هەروا هێشتەوە))( قادر،2011،27-28). شاعیر خۆی ئەوە ناشارێتەوە کە ئەم شیعرەی لە ژێر کاریگەریی شیعرەکەی (نازم حیکەمەت)دا نووسیوە، بەڵام بە پاڵپشتی گەڕانەوە بۆ ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی و گێڕانەوەکان لەسەر ئەو داستانە دڵدارییە.

بەڵام شاعیر لە ڕێگەی داڕشتنەوەی سەر لەنوێی داستانە شیعریەکەوە، بیرێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە، بیری ئازادی و بەرەنگاریی و تێکۆشینە دژی زوڵم و ستەم، بێگومان بیری نوێ پێویستی بەزمانێکی جیاواز لە زمانە کۆنەکە هەیە، بۆیە زمانی شیعریی لەم شیعرەدا هێندە نایابە، شاعیر خۆی ئاماژەی پێکردووە بە قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەسەندن و سەرەتایی دەرکەوتنی دایدەنێت، دەبێت بە ئاگابێت لەوەی جارێکیتر بە زمانێک نەنووسێت، لە ئاستی ئەو زمانە باڵایەی ئەم شیعرە کەمتربێت .

چیرۆکەشیعری (وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد)لەسەر شێوازی کۆرس نووسراوەتەوە، سێ کارەکتەی سەرەکی تێدایە (شیرین، فەرهاد، پیرەژنەکە)، لەگەڵ (کۆرس)ەکە، هەر یەکێک لەم کارەکتەرانە ڕۆڵی تایبەتی خۆی پێدراوە، بە زمانێکی شیعریی چنراو بە ڕەمز، شاعیر لە ڕێگەی (کۆرس)ەکە،بەم جۆرە دەست پێدەکات:

کۆرس-

فەرهاد!..فەرهاد!

قوڵنگەکەت بوەشێنە

لە دڵی ڕەقی بێستوونا

بۆ شارێکی برسی و تینوو

ئاو دەربێنە...گوڵ بڕوێنە

فەرهاد!..فەرهاد!(محەمەد،2018، 24)

(کۆرس)لێرەدا، نمایندەی دەنگی خەڵکی بەگشتی دەکات، داوای (قوڵنگ وەشاندن) دەکات، لە فەرهاد بۆ ئەوەی کە بۆ شارێکی تینو و برسی (ئاو) بهێنێت،واتە ئەو شارەی سەرچاوەی ژیانی لێ بڕاوە، چاوەڕێی هیمەتی فەرهاد دەکات.شاعیر وێنەیەکی نوێی کێوی بێستون پیشان ئەدات، دەبێت لەو کێوەوە ژیان بۆ خەڵک بگەڕێتەوە، (کێوی بێستون ) لێرەدا، ڕەمزە بۆ شاخەکانی کوردستان، پێشمەرگە ڕووی تێدەکرد ولە پێناو ئازادی و گەڕانەوەی ژیان بۆ شارەکان لەوێ دەمایەوە لەو پێناوەدا دەجەنگا.

واتە شاعیر لەڕێگەی زمانی شیعریی و بەهۆی بە ڕەمز دەربڕینی مەبەستەکانی، بیرێکی نوێی بەخشییوە بە چیرۆکەکە. دوای کۆرس، ئیدی لەسەر زمانی شیرینەوە داوای کردار لە فەرهاد دەکرێت، شیرین دەڵێت:

شیرین

فەرهاد کەی دێی؟!فەرهاد کەی دێی ؟!

ڕووباری ئاو کەی ئەڕژێتە

گەرووی ئەم شارە داماوە؟!(محەمەد،2018، 25)

(شیرین)ڕۆڵی نیشتیمان دەگێڕێت،لەم چیرۆکەشیعرەدا شیرین وە کچێک هیچ تایبەتمەندییەکی ڕەگەزی (مێی)ی خۆی پیشان نادات، هیچ داواکارییەکی تایبەتی لە فەرهادی خۆشەویستی وەک ڕەگەزی بەرامبەر نییە، بەڵکو شیرین لێرە بەناوی نیشیتمانەوە داوای شۆڕش و ئازادیی و فریاکەوتنی خاک و خەڵک دەکات. داوادەکات لە خنکان و تینووبوون ڕزگاریان بکات.بەڵام ڕزگاربوونێک بە یەکجاری چونکە (ڕووبار) ڕەمزی مانەوە و ئاوەدانییە بۆ وڵات و شار.پاشان (پیرەژن ) دێتەگۆ، دژایەتی خۆی بۆ هەموو لایەک ڕادەگەیەنێت،هەوڵی دژایەتی فەرهاد دەدات بە تایبەتی، دەڵێت:

پیرەژن-

کەلەشێرێکی ناوەختم

لەدەرگای ماڵەکانتانا ئەقووقێنم

پەپوویەکم لاوانەوەی وێرانکاری

لە هێلانەی پیرۆزەیی ئاسمانی شارا ئەخوێنم.(محەمەد،2018، 25)

کەسێتی (پیرەژن) لە زۆربەی داستان و چیرۆکە فۆلکلۆرییەکاندا نیشانەی جادوو و تێکدەری نێوان دوو کەسی بووە،بەڵام ئەم کەسێتیە جیاوازی، گوزارشت لە چینێک دەکات، کە دەیانەوێت بەگژ ئەو هەوڵ و کۆششانە بچنەوە، بۆ ئاوەدانی و هێنانی (ئاو) بۆ شاری تینیو تێدەکۆشن .بەڵام هێنانی ئەم کەسێتییە بۆ نێو چیرۆکەکە زیاتر بەمەبەست بووە لەلایەن شاعیرەوە نەوەک دووبارەکردنەوەی دەقاودەقی چیرۆکی ( شیرین و فەرهاد)چونکە، ((زمان لە شیعردا وەک کەرەستەیەک بۆ بەرجەستەکردنی بیری هۆنیار لە نێو دەقەکەیدا بەکاردێت و بەم شێوەش بەهاکانی زمان لە نێو شیعردا بەرجەستە دەبێت))(گەرمیانی، 2013، 17).

واتە دەکرێت بۆ گەیاندنی تەواو مەبەستەکەی شاعیر زمانێکی تایبەت بەکاربهێنێت، کە بە ئاشکرا جیاوازبێت لەو زمانە ئاساییەی نێو ژیانی ڕۆژانە، وەک لێرە دەبینین شاعیر لە زمانی ئەو (پیرەژنە)وە، دەیەوێت باس لە کەسانێک بکات، کەچاویان بە ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی خەڵکانی دیکەدا هەڵنایەت .پاشان فەرهاد وەڵام دەداتەوە و دەڵێت:

_ فەرهاد

هۆ شیرین گیان!

دووای وەرزی قوڵنگ وەشاندن

دووای ماندووبوون،

هەناسەکەم، ئەڕژێتە سەر ڕووی بێستوون

وێنەی شیرین نەخش ئەکا

لێوی تینووی دڵدارێکی لەیار بڕاو نەخش ئەکا.(محەمەد،2018، 26)

فەرهاد لێرەدا وەڵامی شیرین دەداتەوە، بەڵێ بۆ داواکاییەکەی دەکات، بەڵێنی پێدەدات بەردەوام بێت تا ئەو کاتەی هەناسەی دوای ماندووبوونی وێنەی شیرین نەخش بکات،واتە تا نەتوانێت

ئالای نیشتیمان لەسەر شاخەکانە، کە بەرزترین شوێنن  پیشان نەدا و نەشەکێتەوە، ئەم بەردەوام دەبێت لە هەوڵدان (قوڵنگ وەشاندن).بەڵام فەرهاد لەم کۆپلەیەدا،لە سەرەتادا لە شێوەی دیالۆگدا دەستپێدەکات و دەڵێت: (هۆ شیرین گیان!) واتە،شیرین ئامادەیە و گوێگرە، بەڵام دوای سێ دێڕ کە دەڵێت: هەناسەکەم ( وێنەی شیرین نەخش ئەکا)وا دەردەکەوێت، شیرین نا ئامادەیە و خۆی گوێگر نییە،بەلام هەر دێڕی دوای ئەوە شاعیر بە ڕەمزێک کە سەرەتا شیرین بەکاریهێنابوو بۆ میللەت (تینوێتی ).

واتە چاوەڕوانی و تاسە بۆ گەیشتن بە ئامانج، فەرهاد بەڵێن ئەدات،  لێوی تینوو نەخش بکات واتە، ئاوی ئازادی بۆ هەڵبکات، واتە بەشێوەکی گشتی ڕەمز، کە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی زمانی شیعریی، بەشێوەی بەرچاو بەکارهاتووە لەم شیعرەدا،بەجۆرێک دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی ڕەها شاعیر زمانێکی رەمزیی بەکارهێناوە،ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆدوو هۆکار :

 یەکەمیان لایەنی سیاسی و پاراستنی ژیانی شاعیربووە لەو سەردەمەی کورد لە عێراقدا گەر ژێردەستەیش نەبووبێت، ئازاد نەبووە، دووەم هۆکاریش باڵادەست و بەهێزی شاعیر بووە لە توانای بە ڕەمزکردنی کەسێتی و ڕووداو شوێن و کاتی چیرۆکەکە و داڕشتنەوەی بووە لەو شێوە بەهێزەدا. لەم شیعرەدا شاعیر سەرجەم کارەکتەرکانی بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی خۆی بەکارهێناوە، نەک باسکردن لە خود کارەکتەرەکان ((واتا ئەو هەموو وتە و دەربڕینانەی فەرهاد بۆ واتای خۆیان بەکارنەهاتوون بەڵکو خوازراون بۆ ئەوەی کار و خەباتی خەباتگێڕان بەرجەستە بکەن، ئەم جۆرە هونەری ڕەوانبێژی هونەری خواستنی نواندنە(الاستعارە التمثیلیە)چونکە خواستنەکە لە تەنیا وشەیەکدا نییە، بەڵکو تێکڕای دەربڕینەکە خوازراوە بۆ ئەوەی واتایەکی تر بگەیەنێ نەک واتاکەی خۆی ))(سالار،2010،86).

واتە دەکرێت بڵێن لەم شیعرەدا زمانی شیعریی(ئەنوەر قادر)ی شاعیر وەک خۆی لەیاداشتەکانیدا ئاماژەی پێکردبوو، بە قۆناغێکی نوێ و گەشەسەندووتر لە زمانی شیعری خودی شاعیر وبەشێک لەشاعیرانی ئەو قۆناغەی شیعری هاوچەرخی کوردی سەیر بکرێت.چونکە لەشیعرەدا شاعیر دوورکەوتووەتەوە لە بەکارهێنانی ڕەمزی سوواو و دووبارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر بەزمانێکی سفت و ڕەوان توانیویەتی لە ڕێگەی ڕەمزی نوێوە بیری نوێ بگەیەنێت، بەو جۆرەی لەم کۆپلەدا شاعیر سەرجەم پەیوەندنی نێوان شیرین و فەرهاد دەگۆڕێت و گەردانی دەکات لە ڕەمز  و مەبەستی نوێ:

- فەرهاد (خۆفیداکرد) پێشمەرگە (خەباتگێڕان)
- شیرین لەپێناویدا فیداکاری دەکرێت نیشتیمان
- دوای وەرزی قوڵنگ وەشاندن دوای شەڕی سەخت و خوێناوی لەگەڵ دوژمن
- هەناسەکەم ئەرژێتە سەر ڕووی بێستوون خوێنی پێشمەرگە کە ئەڕژێتە سەر شاخەکان))( (سالار،86،2010)
- وێنەی شیرین نەخش ئەکا ئەو خوێنەی کەڕژاوە وێنەی نیشتیمان واتە سنورەکەی دیاری دەکات..

کەواتە شاعیر وچانی بە وشەکان نەداوە، لە بارگاویکردنیان بەڕەمز و مەبەستی نویَ، لەم شیعرەدا فەرهاد تەنها بۆ شیرین قوڵنگ ناوەشێنێت بەڵکو بۆ نیشتیمان و بۆ شارێکی تینوو هەوڵی گەڕانەوەی ژیان و ئازادی دەدات.واتە تێمی چیرۆکەکە لە ئەڤینی و دڵدارییەوە گۆڕاوە بۆ ئەڤینی نیشتیمان پەروەری و خۆشەویستی و فیداکاریی،بێگومان ئەوەش نیشانەی باڵادەستی شاعیرە لە گەیاندنی بیرە نوێیەکەی بەو زمانە شیعرییە نوێیە چێژبەخش و ڕەمزئامێزە.

# ئەنجامەکان

## ئەنجامەکان:

**لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتین بە :**

**یەکەم:** وەسف وەک ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهێنەری دەقی ئەدەبی، ڕۆڵی باڵای هەیە لە بەخشینی چێژ و لایەنی ئیستاتیکی دەق، کە بێگومان لە دەرەوەی بازنەی وەسف دەقی ئەدەبی دەبێت بە نووسینێکی بێگیان و مردوو. چونکە لەلایەک سەرنجڕاکێشی و ئیستاتیکای خۆی لەدەست دەدات، لە لایەکی دیکەیشەوە چێژ و چەشەی ئەدەبی تێدا نامێنێت.

**دووەم:** وەسف لەنێو دەقی ئەدەبیدا تەنها مەبەست و ئامانجێک لە خۆ ناگرێت، بەڵکو ئامانج و مەبەستەکانە ئاوێتەی یەکتر دەکات، هۆنەری شیعر چنینی وێنەی شیعریی و بنیادنانی زمانی شیعریی لە ڕێگەی وەسفەوە دێتەدی.

**سێیەم:** وەسف هاوکارە لە بە هونەری کردنی ڕەگەزەکانی دیکەی ناو دەقە ئەدەبییەکان وەک گێڕانەوە و ڕووداو و کەسێتی و شوێن...هتد. لە هەمانکاتیشدا خوێنەر لە ڕێگەی وەسفەوە زانیاریی دەربارەی هەریەکێک لەوڕەگەزانە وەردەگرێت، دەتوانێت باشتر ڕاڤەیی ناوەڕۆکی ئەو دەقە بکات وەک وەرگرێک.

**چوارەم:** لە ئەنجامی گۆڕان و ئاوێتە بوونی ژانرە ئەدەبییەکاندا ژانری نوێ دێتە ئاراوە، بەڵام ئەم ژانرە نوێیە ناتوانێت بەتەواوی خۆی لە جێکەوتە وکاریگەری ژانرە ئەسڵیەکە بێبەری بکات. کە ئەوەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕاهاتن و چێژوەرگرتن لە ژانرە کۆنەکان وبەشێکی دیکەیش بۆ ئەو ڕەگوڕیشەی کە ژانرەکان کۆنەکان، لەبەرگێکی نوێدا خۆی نمایش دەکاتەوە.

**پێنجەم** : لەنێو ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا وەک ژانرێکی سەربەخۆ و فۆڕمێکی تایبەت لە شیعر چیرۆکەشیعر جیانەکراوەتەوە، بەڵام بە ناوەڕۆک و ڕەگەزەکانییەوە، دەتوانرێت دەیان نمونەی چیرۆکەشیعر لەشیعری شاعیرانی کلاسیکیدا ببینرێت، بەڵام وەک زۆربەی ژانرەکانی دیکەی نێوئەدەبی کوردی ساڵانی حەفتاکان و ساڵانی دواتر، سەردەمی دەرکەوتن و گەشەسەندنی چیرۆکە شیعر بوو لە ئەدەبی کوردیدا.

**شەشەم** : چیرۆکەشیعر پانتاییەکی فراوانترە لە شیعر، شاعیر دەتوانێت، بە دەستکراوەتر پەیامەکەی خۆی لەچوارچێوەی دەقێکی شیعریدا دابڕێژێتەوە، ئازادی زیاتری دەبێت لە جێگەکردنەوەی هەموو ئەو ڕووداو بابەتانەی دەیەوێت بیگەیەنێت بە خوێنەر. شاعیر لە نووسینیی چیرۆکەشیعردا زیاتر سودی لەڕەگەزی (گێڕانەوە و وەسف )بینیووە.

**حەوتەم** : ئەنوەر قادر لە نووسینی شیعردا وەک ژانرێکی نویَ، توانایەکی هونەری بەرزی هەیە، لەنێو دیوانە شیعرەکانی (زریان و زایەڵە)دا زیاتر هەست بەم ژانرە نوێیە دەکەین، یەکێک لەوتایبەتمەندیانە شاعیر لە شاعیرەکانی سەردەمی خۆی جیادەکاتەوە نووسینی چیرۆکەشیعرە .

**هەشتەم:** ئەنوەر قادر محەمەد لەنووسینی چیرۆکەشیعر توانیویەتی بە سەرکەوتووی ڕەگەزەکانی چیرۆک لە قاڵبێکی شیعریدا دابڕێژێتەوە و ڕەگەزی وەسف ببوەتە هەوێنی نووسینی چیرۆکەشیعرەکانی، وەسفی بۆ زۆربەی مەبەستەکانی کە لە هەر دەقێکی دیکەی ئەدەبیدا هەیە بەکارهێناوە.

**نۆیەم:** دەوڵەمەندی بیر و شارەزای لە فەرهەنگ و فۆلکلۆری کوردی، هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی شاعیر، کە رووداو بەسەرهاتەکان بەتایبەتی چیرۆکە دڵدارییەکان و چیرۆکی فۆلکلۆری و گویَ ئاگردانەکان بکاتە بنەما بۆ لە دایکبوونی چەندین چیرۆکەشیعر بە فۆرم و ناوەڕۆکێکی نوێوە و بۆ مەبەستێکی جیاواز لە مەبەستەکانی پێشووی دایڕشتووەتەوە.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان :


### دیوان:

1. بێکەس، شێرکۆ، 2005،دیوانی کورسی ، چاپ و بڵاوکردنەوەی نەوا، سلێمانی.
2. محەمەد، ئەنوەر قادر، (2018)، زریان – زایەڵە –زنار – نسار، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، سلێمانی.
3. گۆران، عەبدوڵا،1389،دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپی چوارەم، تهران.

### کتێبە کوردییەکان:

1. ئەحمەدی :بابەک، و.مەسعود بابایی، 2008، هەقیقەت و جوانی، چاپی یەکەم، دهۆک، چاپخانەی خانی .
2. ئەرەستۆ، عەزیز گەردی، 2011،هونەری شیعر (شیعرناسی )،چاپی دووەم، سلێمانی .
3. ئەسوەد،نەوزادئەحمەد،2001،شیعریەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە ،سلێمانی ،چاپخانەی ڕەنج .
4. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد،2006،ئەزموونی خوێندنەوە چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی،چاپی یەکەم: کوردستان، سلێمانی،لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم .
5. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد،2011، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی ڕەخنەیی، سلێمانی، چاپخانەی بینایی .
6. ئەفلاتۆن، ئاڤان محەمەد:2010،چاپی یەکەم، کەرکوک .
7. ئەڵوەنی :نەجم خالید نەجمەدین، 2004، بنیاتی کات لە سێ نمونەی ڕۆمانی کوردیدا، سلێمانی، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم .
8. ئەمین،نوری عەلی، 2014، ڕێزمانی کوردی،چاپی سێهەم،چاپخانەی منارە، هەولێر.
9. بەکر، د.محەمەد،2004، پەخشانە شیعری کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە .
10. بێکەس، شێرکۆ،2004، ئێوە بەخۆشەویستیم ئەسپێرن، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .
11. بێکەس، شێرکۆ،2007، کتێبی ملوانکە، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج .
12. تاهیر، تەڵعەت، 2011، چوونە ناو سووڕی مانا، بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی دیلان، سلێمانی .

13. جەلال : میران،2009، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج .
14. حەسەن : حەمەسەعید،2010، لە هەیڤدا بۆ ڕووی تۆ ولە پەیڤدا بۆ خۆم دەگەڕێم، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس .
15. حسێن: جەبار ئەحمەد، 2008،ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی.کوردستانی عیراق (1950 -1970 ) چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .
16. حسەین، هەڤاڵ ئەبوبەکر،2007، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسیەکان و ڕەنگدانەوەیان لە(ژیان و ژین)دا،1922-1950،سلێمانی، چاپخانەی شڤان .
17. خەزنەدار، مارف، 2002،مێژووی ئەدەبی کوردی – بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای بڵاوکردنەوەی ئاراس .
18. خۆشناو، هێمن عومەر،2010، شیعریەتی دەقی چیرۆکی کوردی، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری .
19. ڕۆژبەیانی ، زاهیر، 1997،چیرۆکی هونەری کوردی (شێوە و شێواز و بۆنیاد)،چاپی یەکەم،هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە .
20. ڕەئوف، لوقمان، 2009،بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا،چاپی یەکەم، کوردستان- سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
21. ڕەحمان، عەبدوڵڵا، 2012، ڕۆمانە شیعر مێژوو سەرهەڵدان، چاپی یەکەم، هەولێر.
22. رەسوڵ، ( دوکتۆرە)شوکریە،1989، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، وزارە تعلیم عالی و البحث عیلمی جامعە صلاحەددین .
23. رەسوڵ: تەها ئەحمەد،2009، فەنتازیای داخراو، سلێمانی،چاپخانەی کارۆ،بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی .
24. ڕەشید، سابیر، 2007، ڕۆمانی کوردی- خوێندنەوە و پرسیار- بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس .
25. ڕەشید، د.فوئاد، 2005، ناسنامەی دەق، چاپی یەکەم، هەولێر،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
26. ڕەشید،د.فوئاد،2007، دەقی ئەدەبی " ئەدگار، چێژ، بەها "، چاپی یەکەم، هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس .

27. سابیر، پەرێز، 2001، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تاکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.
28. سدیق،ئارام، 2009،ناونیشان لە چیرۆکی کوردییدا،چاپخانەی کارۆ،بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی..
29. سلێمان،شەمێران،2011، ڕووبەروو لەگەڵ لەتیف هەڵمەت،چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس .
30. سەجادی، بەختیار – محموودی،محەمەد،2004،ژانرە ئەدەبییەکان، هەولێر،چاپخانەی پەروەردە،بڵاوکراوەی ئاراس .
31. سەراج:عەبدوڵڵا :2007، بەرەوئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، سلێمانی،دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم .
32. شێخ محمد حاجی، سەنگەر قادر، 2009،بنیاتی گێڕانەوە لەداستانی (مەم وزین)ی ئەحمەدی خانی ورۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان)ی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی خانی، دهۆک .
33. شێخانی،جەوهەر،2014،بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (حسێن عارف)دا،چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆژهەلات،هەولێر.
34. عارف،حەمە کەریم، 2007،دەربارەی ڕۆمان وچیرۆک،سلێمانی.
35. عەبدوڵلا،د.ئیدریس، 2012،جوانکاری شیعری کلاسیکی کوری،چاپی یەکەم،چاپخانەی هێڤی،هەولێر.
36. عزیز،شکری، 2010،تیۆری ئەدەب، و.سەردار ئەحمەد گەردی، هەولێر، چاپخانەی ماردین .
37. عوسمان، ڕێزان، 2010، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لەڕۆمانی کوردی باشوری کوردستاندا سالّی (1985 – 1990)، چاپی یەکەم، هەولێر.
38. عومەر، د.موحسین ئەحمەد، 2005،فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، چاپی یەکەم،چاپخانەی ئەورەحمانی حاجی مارف،هەولێر.
39. عیسا :هاوژین صلێوە، 2009،بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆبێکەسدا،چاپی یەکەم،سلێمانی . دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .
40. کەریم:ئازاد عەبدولواحید، 2007،تیۆری ئەدەب، چاپی یەکەم، کەرکوک .
41. گرێی، ئالان ڕۆب، 2011،لە بارەی ڕۆمانەوە... چیرۆکی نوی،ئینسانی ڕێبازی نوێ (تیۆری ڕۆمان)، وەرگێڕانی :حسێن شێربەگی، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات .

42. گەردی : سەردار ئەحمد حسن، 2004، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (1970 -1991 )، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .
43. محمد، تانیا ئەسعەد،2011،، بینایی شوێن لەدوو نمونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە وئەژدیها)دا، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگا وچاپ و پەخشی سەردەم .
44. مستەفا :ئاسۆ عومەر، 2009،بەها ئیستاتیکیەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالْح و گۆران، چاپی یەکەم، دهۆک، چاپخانەی خانی .
45. مەعروف، د.کەمال،2000، ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ، سلێمانی، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ .
46. مەولود، د.ڕێزان سالْح – حوسێن، سەنگەر نازم، 2018،ژانرە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر .
47. میراودەلی، خەسرەو، 2012،ئایین و ئیستاتیکا،سلێمانی،بەڕێوبەرێتیی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی .
48. میراودەلی :د.کەمال، 2005،فەلسەفەی جوانی و هەونەر – ئستاتیکا، چاپی دووەم، سلێمانی .
49. میراودەلی،د.کەمال، 2008،زمانی دەق، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،هەولێر.
50. قەرەداخی، عەتا،2013،لە نێوان دەنگی خاک و دەنگی ڕۆحدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
51. نادر : ئەدیب، 2019،ڕوخسار ودەمامک، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیر،هەولێر.
52. هاڵبێرگ- پیتەر، دانەرانی تر،2018، تیۆری ئەدەبی وشێوازناسی، وەرگێڕانی ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی سێیەم، سلێمانی، ئەندێشە .
53. هەورامان، د.محەمەد ئەمین محەمەد نوری ئەمین، 2018،ژانرە ئەدەبیەکان، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی ئەزمەر .
54. هەینی، شێرزاد، 2008، 955 دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا، کوردستان، چاپخانەی تیشک .

**نامەی ئەکادیمییەکان :**


1. ئەحمەد، ژاڵ حمەئەمین، 2010، بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی (فەرەیدون عبدول بەرزنجی )دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمانی ،زانکۆی سلێمانی.
2. ئیبراهیم، سەمیر ئەحمەد، 2015، هونەرەکانی گێڕانەوە لە ڕومانەکانی (خوسرەو جاف)دا.(نامەی ماستەر) کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر کراوە.
3. پیرداود، شوان غازی، 2015، نامەی ماستەر (تەکنیکی مۆنتاژ لە ڕۆمانی کوردیدا ڕومانەکانی (کاروان عومەر کاکە سور)بە نموونە.زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمانی ، هەولێر .
4. جامی، بەهار عبدلجبار، 2013، هونەرەکانی جوانی لە شیعرەکانی (عەونی )دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر .
5. حمەساڵەح، دلاوەر ئیبراهیم، 2015، شیعرییەت لە دەقەکانی (ئەنوەر قادر محەمەد)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان،زانکۆی سلێمانی .
6. حەسەن : مەریوان عومەر، 2009، سیما وخەسڵەتی کارەکتەر لەکورتەچیرۆکی کوردیدا 1925 – 1950، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی .
7. حەمە ئەمین، باخان ئەحمەد، 2014، شیعری چیرۆکئامێز لە ئەدەبی کوردیدا(بە کەرەستەی کرمانجی خواروو) ساڵانی 1990-2000، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، ، زانکۆی سلێمانی .
8. ڕەسوڵ، هەڵمەت باپز، 2012، دەقاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا )ی (بەختیار عەلی )،تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سۆران .
9. سەعید، بەیان مەجید، 2014، بونیادی وەسف لەڕۆمانی (شاری) حوسێن عارف دا، . نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی .
10. عوسمان، کاروان مەهدی، 2008، تەکنیکی وەسف لە ڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە .
11. عەبدولوەهاب، کوردستان نادر، 2015، تیۆری بونیادی دەق لە دەقەکانی شێرکۆ بێکەس دا، هەولێر، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین .
12. عەزیز، عومەر ئەحمەد،2016، تێڕوانینێکی نوێ بۆئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست –شێوەزاری سلێمانی-نامەی ماستەر کۆلێژی پەروەردە ، زانکۆی گەرمیان.

13. عەلی، سروە تاهر، 2015، بنیاتی هونەریی لەکۆمەڵە چیرۆکی "هەڵۆ"ی "ڕەئووف بێگەرد"دا، کۆلێژی زمان،.زانکۆی سلێمانی .
14. غفور، عبدالصمد قادر، 2015، ژانرەکانی ئەدەب لە گۆڤاری هەتاودا، هەولێر، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین .
15. فەرج، سنور قادر، 2012، تەکنیک لە کۆمەڵە چیرۆکی (( گوڵی ڕەش))ی شێرزاد حەسەن دا.نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی .
16. محەمەد، شاخەوان فەرهاد، 2013، کورتیلە شیعرلە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، نامەی ماستەر . کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر .

مەجید، دیار فایەق، 2008، بونیاتی وەسف لە ڕۆمانی (ڕێگا)ی (محەمەد مەولوود مەم)دا، نامەی ماستەر، کۆلێجی (ئیبن روشد) زانکۆی بەغداد.

## گۆڤارە زانستیەکان:

1. بەکر،هیمداد حسێن + ئەحمەد، یفی، 2016، بنیاتی هونەریی توخمەکانی گێڕانەوەی داستانی فۆلکلۆریی کورد.گۆڤاری زانکۆیڕاپەڕین، ژمارە 3.(7) .
2. بەکر، هیمداد حوسێن، عەبدولوەهاب، کوردستان نادر،2016، دەقی والا و دەقی ئاوێتە دوو فۆڕمی تازەی ژانرە ئەدەبییەکان، گۆڤارا زانکۆیا زاخۆ، ژمارە 2 .
3. حسین، عەتا ڕەشید،2019، ڕەگەزی کات لەبنیاتی دەقی شانۆی (چێژ لە مەرگتان وەردەگرم )دا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان،ساڵی شەشەم، ژمارە 3 .
4. سالار، د.عبدالسلام، 2010، سەمەندەری وێنە لە گڕی دوو شیعری ئەنوەر قادر جافدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ29.بەشی.B .
5. سەعید، م.ئازاد محەمەد، 2018، ئاوێتەبوونی شیعر ڕۆمان لە بۆتەی ڕۆمانەشیعردا – بەنمونەی ڕۆمانە شیعری گۆڕستانی چراکان ی شێرکۆ بێکەس،، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆ ڤایەتییەکان، بەرگی 22،ژمارە 1 .
6. علی، م.ی حسین محمود، 2014، ڕەوتی نوێگەری لە شیعری کوردیدا، مجلە ألاستاد،العدد 209،المجلد الآول .
7. عومەر، د.نەوزاد ئەنوەر، 2016، میتۆدی بوونیاتگەریی و تیۆروانینێکی پراگماتیکی (مۆبایلە شیعر ) بەنمونە، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ. 37 .

8. محمد، أ.م .د.عبدالقادر حمەامین،1436ه، دەقئاوێزان لە چیرۆکەشیعر (پیرەمەگرون)ی دڵشاد مەریوانی دا، مجله الآستاد،العدد 214،المجلد الآول .
9. مەجید، دیار فایەق، 2018، جیاوازی لە نێوان نوێکردنەوە و نوێگەری لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە 3،ساڵی پێنجەم .

**فەرهەنگ:**

1- خاڵ، شێخ محمد، 2005،فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس.
2- عومەر، د.موحسین ئەحمەد، 2012، فەرهەنگی ئەدەبی، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی
3- هەژار، عبدالرحمان شرفکندی، 1369، هەنبانەبۆرینە، تهران، سروش.

**گۆڤارە ئەدەبییەکان:**

1- حەسەن، حەمە سەعید، 2016، ئەزموونی نووسین، گۆڤای باران، ژمارە 1.
2- ڕەزا، ئەحمەد، 2012،دەقی والا وەک فۆڕمێکی نوێی شیعری نەک ئەزموون، سلێمانی، ڕ. ڕەخنەی چاودێر، پاشکۆی، ژ.4،28- 5 – 2012 .
3- ڕەشید، د.فوئاد،2001، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە " کێشەی ئاوێـەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەخی کوردیدا، گ.ڕامان، ژمارە 65.
4- . سەراج، عەبدوڵلا،2012، زمان، ڕۆمان، و جوانیەکانی گێڕانەوە، گۆڤاری هەنار، ژمارە77 .
5- سەعید.شاهۆ:2005، گۆڤاری سەردەمی ڕەخنە،ژمارە 1 .
6- عارف، حەمە کەریم، 2011، خوێندنەوەی خوێندنەوە، گۆڤاری هەنار، ژمارە 68 .
7- عەلی، بەختیار، 2017، شیعر و چەمکەکانی، چاپی دووەم، سلێمانی، گۆڤاری/ شیعر، ژمارە 1.
8- قادر، ئەنوەر، 2011، کورتەیەک لە ئەزمونی شیعری و نووسین، گۆڤاری هەنار، ژمارە 69 .
9- محەمەد، شاخەوان فەرهاد، 2014، شێعریەتی کورتیلە شیعر لە ڕووی تیۆرییەوە، گۆڤاری ڕامان .ژمارە5،210-11-2014، هەولێر .
10- محەمەد، ئەنوەر قادر،2016،کورتەیەک لە ئەزمونی شیعر و نووسین، گۆڤاری باران، ساڵی یەکەم ژمارە2 .

11- گۆڤاری سەراب، ساڵی، 1995، گفتوگۆ لەگەڵ ئەدۆنیس، ژمارە یەک، هەولێر .
12- گەرمیانی، د.عادل، 2013، خەسڵەتەکانی زمانی شیعری کوردیی هاوچەرخ، گۆڤاری هەنار، ژمارە 91 .
13- گەرمیانی، د.عادل، 2019، چەند سەرنجێک دەربارەی مێژووی ڕۆمان، گۆڤاری ڕامان،ژ 270 .
14- گۆڤاری هەنار،دیداری (پەری شێخ ساڵەح)لەگەڵ (ئەنوەر قادر محەمەد)،٢٠١٣، لە ژمارە ٩٠.

**ڕۆژنامە :**

1- یاقووب، عەلی عوسمان، 2012، ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە " پانتاییەک بۆ فۆڕمە جیاوازەکان، سلێمانی، ڕ. ڕەخنەی چاودێر، پاشکۆی، ژ.4،28- 5 – 2012 .

a. **سایت**

2- ئەحمەدی مەلا،11-5-2019، جیاوازی نێوان شیعر و پەخشان- وەڵامێک بۆ ئیسماعیل گەردی،www.Chawder.org... ڕەخنەی چاودێر.
3- عەبدوڵلا، عەبدولموتەڵیب، کانونی دووەم 30, 2019، ئەنسی ئەلحاج و قەسیدەی پەخشان www.hawler.in، فەرهەنگ.
4- قەرەداخی، عەتا، 25-حوزەیران -2019، خوێندنەوەی چەند دەقێکی جەلالی میرزا کەریم. www.hawler.in، فەرهەنگ.
5- قادری، عادل،٢٠٢٠/٢/١، شوناس،گێڕانەوە و واقیعی کارەسات،( chawykurd.com)، توێژینەوەی کوردی.
6- G abreira ,Pereira,.20.APR.2012.What is a Verse Novel ? www.diymfa.com
7- شوان، ڕەزا،2019،چیرۆکە شیعر لە ئەدەبی مناڵانی کورد.(3-DES -2019)
a. **Dengekan.info،** بەشی وتاری ئەدەبی.

**کتێبە عەرەبییەکان:**


1- أبن جعفر،لآبي فرج قدامة،1948،نقدشعر، تحقيق /كمال مصطفي، الطبعة الأولي، القاهرة،المكتبة الخانجي .
2- امين،آحمد،2012،آلنقد آلآدبى،مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة،مدينة تصر،القاهرة .
3- أسماعيل :د.عزالدين،1976،الادب والفنونة(الدراسة نقدية)،الطبعة السادسة،القاهرة، دار الفكر العربى .
4- ايوب،د.نبيل،2001، التعبير منهجية و تقانيته،الطبعة الثانية،دار المكتبة الاهلية.
5- – الجنداري، الدكتور ابراهيم،2001، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا،دار الشوؤن الثقافية العامة، بغداد .
6- الزيتونى، د.لطيف، 2002،معجم مصطلحات نقد الرواية، يروت، دار النهار للنشر.
7- المهندس،كامل / وهبة، مجدي، 1979، معجم المصطلحات الأدبية في الغة والأدب،بيروت، مكتبة لبنان .
8- -بارت، رولان،1973،لذة النص،ت:منذر عياش،باريس، مطبعة سوي .
9- تليمة، عبدالمنعم د.،1978،مقدمة في النثر الادبي، قاهرة، دار الثقافة للطابعة و النشر .
10- خمار، عبداللة، 2005،فن الكتاب –تقنيات الوصف، منهج مقترح الاستخدام الروايةت ، أثراء نشاط التعبير الكتابي، جزائر، اصدار خاص بالأنترنيت .
11- ريكاردو،جان،1997، قضايه الروايه الحديثه،ت.صباح الجهيم، دمشق، منشورات وزارة الثقافه والارشاد قومى.
12- قاسم، د سيزا احمد.، 2004، بنأ الرواية،دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب،القاهرة .
13- فضل، د .صلاح.،1987، نظرية البنائية في النقد الادبي،ط3،بغداد،دار الشؤون الثقافية، البغداد.
14- -مبروك،مراد عبدالرحمن،1988،بنائ الزمن في الواية المعاصرة،قاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب .
15- مرتاض،عبدلمليك،1998،في نظرية الرواية (بحث في تقنيات السرد)كويت،المجلس الوطني للثقافة والفنون والادب .
16- مطلوب، الدكتور أحمد،2007،المعجة المصطلحات البلاغية و تطورها،بيروت- لبنان،مكتبة لبنان للناشرون .
17- ويلك،رينية-وارين،اوستن،1987،نظرية الادب،ت.محي الدين صبحي، بيروت،لبنان، المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

18- يوسف،أمنة،1997،تقنيات السرد في النظرية والتطبيق،الطبعة الاولي،سوريا،دار الحوار للنشر والتوضيع.

**کتێبی ئینگلیزی :**

1- Jameson ,Fredric, 1981, The political Unconscious; Narrative as a Socially symbolic Act ,London..

**چاوپێکەوتن :**

١- دیدار لەگەڵ( ئەنوەر قادر محەمەد)ی شاعیر، لە ڕێکەوتی، 28-1-2021، سلێمانی .

**خلاصة البحث :**

هذا البحث الموسوم بـ (جماليات الوصف في القصص الشعرية لـ (أنور قادر محمد)، يتناول مجموعة من الأهداف المحددة، أهمها الحديث عن دور جمالية الوصف كعنصر اساس في تكوين النص الادبي، و في سائر الانواع الادبية منذ نشوء الانواع الأدبية البدائية وصولا الى الانواع الادبية الحديثة، ثم الحديث عن دور الوصف في بعض من القصص الشعرية ( أنور قادر محمد)و تحديد عناصر القصص الشعرية كنوع ادبي حديث، لأن من خصائص الادب التجدد و التطور، وذلك بمحاذات خطوات التطور لمراحل الحياة الانسانية، وهذه التغييرات تؤدي الى نشوء انواع جديدة في الأدب، لأن أي نوع ادبي و أي مذهب أدبي لا يستطيع البقاء دون تغيير، و مع أي تغيير في المذاهب أو في الانواع الأدبية طرأ تغيير في دور جمالية الوصف ، حتي أن بعض التغييرات أدت الى ظهور بعض أنواع أدبية ومنها (القصص الشعرية).ان سبعينيات القرن الماضي في الادب الكردي كانت موضع التغييرات الهائلة، في تلك المرحلة اصبحت الحدود الفاصلة بين الانواع الادبية نتجه نحو الاضمحلال، من هنا كل من القصة والشعر كنوعين ادبيين قديمين اتّحدا في اطار نوع ادبي جديد سمي بـ( القصة الشعرية) التي حملت في ثناياها خصائص كل من القصة و الشعر وذلك بسبب الاستفادة من العناصر المكونة لكل منهما .ضمن الشعراء الذين ظهروا في سبعينات القرن الماضي تم اختيار (أنور قادر محمد) أنموذجا، والذي يُعتبر من الشعراء المعاصرين في الادب الكردي و يندرج بعض من قصائده تحت القصص الشعرية، و تم تناول الوصف في بناء قصصه الشعرية و أُلقي الضوء على دوره و تأثيره في العناصر الأخرى، و يتكون البحث من ثلاثة فصول بالتحديد :

يقع **الفصل الأول** في اربعة محاور. يتناول المحور الاول (الجمالية) اصطلاحا و مفهوما. و المحور الثاني يتناول (الوصف) كذلك اصلاحا و مفهوما. في حين يتناول المحور الثالث وظيفة الوصف في النص الادبي. وأخيرا انواع الوصف تشكل موضوع المحور الرابع.

**والفصل الثاني** يتكون من ثلاث محاور. يتناول المحور الاول مصطلح و مفهوم الاجناس الادبية. و يلقي المحور الثاني الضوء على تاريخ الاجناس الادبية. في حين يتناول المحور الثالث القصة الشعرية كجنس ادبي مركب.

و يتضمن **الفصل الثالث و الاخير** من البحث اربعة محاور. يقدم البحث في المحور الأول نبذة مختصرة من حياة الشاعر وتجربته الادبية. بينما يتضمن المحور الثاني وصف عنصري (الشخصية و المكان) و تطبيقهما في القصص الشعرية للشاعر. كما يتضمن المحور الثالث الحديث عن جمالية الوصف في العناصر الفنية لمجموعة من القصص الشعرية للشاعر موضوع البحث، مثل: (السرد، الحوار، المونولوج، الاسترجاع). ويلقي المحور الرابع و الاخير الضوء على دور جماليات الوصف في بنية الصورة و اللغة الشعرية في القصص الشعرية للشاعر موضوع البحث.

وفي الختام، تم تسجيل اهم الاستنتاجات التي توصل اليها البحث في نقاط عدة، تليها قائمة بأسماء المصادر والمراجع المستفاد منها في هذا البحث.

## Abstract

This research, entitled (The Aesthetics of Description in the Poetic Stories of (Anwar Qadir Muhammad), deals with a set of specific objectives, the most important of which is to talk about the role of the aesthetics of description as an essential element in the composition of the literary text, and in all literary genres from the emergence of primitive literary genres to the modern literary genres, then talking about the role of description in some of the poetic stories of the poet (Anwar Qadir Muhammad) and defining the elements of poetic stories as a modern literary genre, because one of the characteristics of literature is renewal and development, by aligning with the steps of the evolution of the stages of human life. These changes lead to the emergence of new genres in literature, because any literary genre or any literary doctrine cannot remain without change, and with any change in doctrines or in literary genres, there is a change in the role of the aesthetics of description. Thus, some changes led to the emergence of some literary genres, including (poetic stories). The seventies of the last century in Kurdish literature were the subject of massive changes. At that stage, the boundaries between literary genres tended to fade. Hence, both the story and poetry as two old literary genres united within the framework of a new literary genre called (poetic story), which carried in its folds characteristics of both the story and the poetry, by the virtue of the benefit of the components of each. Among the poets who appeared in the seventies of the last century, Anwar Qadir Muhammad was chosen as a model, who is considered one of the contemporary poets in Kurdish literature and some of his poems fall under the poetic stories. Its effect on other elements, and the research consists of three chapters in particular:

The first chapter is divided into four sections. The first section deals with the terminology and concept of (aesthetics). The second section deals with the terminology and concept of (description) as well. The third section deals with the function of description in the literary text. Finally, the types of description constitute the topic of the fourth section.

The second chapter consists of three sections. The first section deals with the term and concept of literary genres. The second section sheds light on the history of literary genres. While the third section deals with the poetic story as a compound literary genre.

The third and final chapter of the research includes four sections. In the first section, the research presents a brief summary of the poet's life and literary experience. The second section includes an elemental description (personality and place) and their application in the poet's poetic stories. The third section also includes talking about the aesthetics of description in technical elements of a group of poetic stories of the poet in question, such as: (narration, dialogue, monologue, flashback). The fourth and final section sheds light on the role of the aesthetics of description in the structure of the image and poetic language in the poetic stories of the poet in question.

In conclusion, the most important conclusions reached by the research were recorded in several points, followed by a list of sources and references learned from in this research.